# دیپلۆماسیی تێرۆر

## پلانی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات

عومەر باڵەکی



# دیپلۆماسیی تیرۆر

## پلانی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات

نووسینی

عومەر باڵەکی

پێشکەشە بە ڕوحی بەرزی

شەهیدانی دەستی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

نووسەر : عومەر باڵەکی
دیزاین : ئارا باڵەکی
بەرگ : ئاگری باڵەکی
کوردستان : ٢٠٢٠ی زاینی - ١٣٩٩ی هەتاوی
تیراژ : ٥٠٠ دانە

# پێرست


پێشەکی ٧

دەستپێک ١١

**بەشی یەکەم ١٩**

پێناسەیەک بۆ تیرۆر ٢١

**بەشی دووەم: تێرۆری میکۆنووس ٣٣**

ئامانجی کۆماری ئیسلامیلەتیرۆری د. شەرەفکەندی ٣٥

هەوڵی کۆماری ئیسلامیبۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی دادگا ٣٩

ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکانی ئاڵمان لەسەر کازمی دارابی ٥١

دادگای میکۆنووس و "نەقاشی قاوەخانە" ٦٩

لە مەڕ ناوی کتێبەکەوە ٧٩

کازمی دارابی و ناساندێکی کورتی ناوبراو ٨١

دارابی و مانەوەی لە ئاڵمان ٨٥

تێکهەڵچوونی دارابی و هاودەستەکانی لە کاتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگی خومەینی ٩٥

سەفەری حەج ٩٩

تێرۆری میکۆنووس لە ڕوانگەی دارابییەوە ١٠١

سەفەری هامبورگ ١٠٧

دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین ١١٣

گیرانی کازمی دارابی ١١٧

سەربەخۆیی دادگای میکۆنووس و میدیای کۆماری ئیسلامی ١٢٥

کازمی دارابی و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران ١٢٩

کۆماری ئیسلامی و دادگای میکۆنووس ١٣٥

کۆماری ئیسلامی و هەوڵی سات‌وسەودا ١٣٩

ئاڵۆزیی پەروەندەی میکۆنووس ١٤٣
بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ ١٤٩
**بەشی سێیەمتێرۆری د. قاسملوو ١٥٧**
د. قاسملووله ڕوانگەی چەند نووسەر و کەسایەتیی سیاسییەوە ١٥٩
بۆچی د. قاسملوو بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ چوو؟ ١٦٣
پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە داو خستنی د. قاسملوو ١٦٩
ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس ١٨٥
هەندێک زانیاریی دیکە ١٩١
جیاوازی و وێکچوونی تێرۆرید. قاسملوو و د. شەڕفکەندیله شێوەی تێرۆر و حوکمی دادگادا ١٩٩
لە کۆتاییدا ٢٠٥
هێندێک بەڵگەی پێوەندیدارڕوو بە دەوڵەتی ئوتریش بۆ دادخوازی لە تێرۆری د. قاسملوو و هاورێیانی ٢٠٩
**سەرچاوەکان ٢١٧**

# پێشەکی

لێکدانەوەی لەسەر بابەتی تێرۆریزم بە گشتی و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی، لەبەر بەربڵاویی بابەتەکە لە لایەک و گەلێک لایەنی قانوونی نێوخۆیی و دەرەکی لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە کارێکی هاسان نەبێ. بەڵام بەو حاڵەش ئێمە لەسەرمانە لە هەموو کەرەسەکانی بەردەست بۆ لە قاودانی کردەوە تێرۆریستیەکانی ئەو نیزامە کەلک وەربگرین و نەهێڵین ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتی بەسەر ئێران دا بەڕێوەیان بردووە بچنە خانەی فەرامۆشی. بیرۆکی ئەو پەرتووکەی لەبەردەستانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە کازمی دارابی داڕێژەر و ئامادەکاری کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانتی میکۆنووس دوای ئازاد بوونی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ ئێران بیرەوەریەکانی خۆی لە دوو تویی کتێبێک دا لەژێر سەردێری «نقاشی قهوەخانە» چاپ و بڵاو کردەوە. کاتێک تەبلیغی ئەو کتێبەم لە ڕاگەیندنەکانی ئێران دا چاو پێ کەوت، زۆرم پێ خۆش بوو بیخوێنمەوە و تامەزرۆ بووم بزانم ڕووداوە تێرۆریستییەکەی

ڕێستورانەتی میکۆنووس کە لەودا د. سادق شەرەفکندی و هاوڕێیانی تیرۆر کران، لە زمانی داڕێژەرەکەوە چۆن باس دەکرێ. پێش لەوەی کتێبەکە بگاتە دەستم وەک هەموو لایەک لەسەر ئەو بڕوایە بووم کە کازمی دارابی لەو کتێبەدا هەوڵدەدا خۆی بێ تاوان نیشان بدا بەڵام کاتێک لە لایەن هاوڕێیانی تەشکیلاتەوە کتێبەکەم بەدەست گەیشت و لە خوێندنەوەی ڕاچووم هەر زوو بۆم دەرکەوت بێجگە لەوە کە دارابی دەیهەوێ خۆی بێتاوان نیشان بدا، گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەش لە زمانی کازمی دارابییەوە زۆر لە پەروەندەکەی میکۆنووس هاڵۆزترە، چونکە پڕە لە ناتەبایی و یەکتر نەخوێندنەوە، کازمی دارابی لە جێگاجێگای ئەو کتێبەدا کە باسی ڕووداوێک دەکا کە پێوەندیی بە ڕاپەڕاندنی ئەرک بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەکا خۆی، بە قارەمان و مودیر و بەڕێوەبەری سەرەکی کارەکە دادەنێ، بەڵام لەو جێگایانەی کە باس لە کردەوە تیرۆریستیەکەی ڕێستورانتی میکۆنووس دەکرێ پێگەی خۆی هەتا لایەنگرێکی سادەی کۆماری ئیسلامی دێنێتە خوارێ. دوای خوێندنەوەی کتێبەکە و هەتا ڕادەیەک یادداشت هەڵگرتنەوە، دەستم کرد بە نووسین و هەڵسەنگاندنی قسەکانی ناوبراو. ڕەنگە هەڵسەنگاندنەکە لە زۆر بوارەوە کەموکورتیی هەبێ و کتێبی نەقاشی قاوەخانە لەوە زۆرتر هەڵدەگرێ، کە هیوادارم کەسانی دیکەش قوڵی لێ هەڵمان وردتر بچنە نێو بابەتەکە و خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکەن. ئاکامی ولام نووسینەکەی من ئەوە بوو بە هیمەتی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە چەندین بەشدا بڵاو بووەوە. دوای بڵاو بوونەوەی بابەتەکان کەوتمە بیری ئەوە کە ئەو بابەتانە کۆ بکەمەوە و لەگەڵ پێناسەیەک لە تیرۆر و تیرۆریزم و خوێندنەوەیەک بۆ تیرۆری ڤییەن (تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی) و باسکردن لە خاڵە وێکچووەکانی ئەو

دوو تیرۆرە کە دەرحەق بە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوون و لە هەمان کاتدا باسێک لە ڕەوتی دادگای میکۆنووس و بڕیارە ئازایانەکەی ئەو دادگایە و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ دەزگای دادوەری ئوتریش، بکرێن بە هەوێن و نێوئاخنی ئەم پەرتووکە. لەگەڵ ئەوەدا بابەتەکانی تیرۆری ڤییەن و بێرلین هەتا ئێستا زۆر بابەتیان لەسەر باس کراوە بەڵام دیسان باس کردنەوەیان بە زمانێکی دیکە هەرچەند دووپاتە بێت بە پێویستم زانی. هیوادارم خوێنەری خۆشەویست بەتایبەتی کەسانی پسپۆری قانوونی لە کەم و کورتییەکانم ببوورن.

باسکردن لە تیرۆر و تیرۆریزم هەتا ڕادەیەک دژوارە، چونکە هەتا ئێستا پێناسەیەکی هەمەلایەنە کە جێگای پەسندی هەموو لایەک بێ لە تیرۆر نەکراوە و لە هەمان کاتدا ئەو بابەتە دوو لایەنی سیاسی و قانوونی هەیە، کە هەر دوو لایەن پێویستیان بە خوێندنەوەی بابەتییانەی خۆیان هەیە. تیرۆر کردارێکی تاوانکارانەیە و لە خزمەتی بەرژەوەندی سیاسیی‌دایە کە نووسین و لێکدانەوەی پێویستی بە بەڵگەی لێکۆڵەرانی قانوونی و جینایی هەیە. بۆ ئەوە بزاندرێ ئامانج لەو تیرۆرە چ بووە و چ کەسانێک لە پشت ئەو تیرۆرە بوون و تیرۆریستەکان بۆ ئەو تیرۆرە چۆن و لە چ ڕێکارێک و لە چ جۆرە چەکێک کەلکیان وەرگرتووە. ئایا تیرۆریستەکان بەکرێ گیراو بوون؟ یا کەسانێک بوون لە ڕێگای ئامانج و بیروباوەڕی خۆیان ئەو تیرۆرەیان کردووە؟ کە بەداخەوە بە هۆی ئەو هەلومەرجەی ئێمە تێیداین ڕەنگە دەستڕاگەیشتن بە هەموو ئەوانە زەحمەت بێ بۆیە بە ناچاری پەنا دەبین بۆ هەموو ئەو پەرتووک و کتێبانەی کە لەسەر بابەتی تیرۆر و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی

نووسراون کە ڕەنگ بێ زانیاریەکانیان دووپاتە بن و تەنانەت لە ڕادەی پێویستیش‌دا نەبن، بەڵام بەو حاڵەش جێگای سەرنج و تێڕامانن. کاتێک تێرۆری د. قاسملوو لە ڤییەن و تێرۆری د. شەرفکندی لە بێرلین وەک پەروەندەیەکی جینایی لە تەنیشت یەکتریان دادەنێین، زۆر خاڵی وێک‌چوویان هەیە. لە بڕیاردەری تێرۆرەکان کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیین هەتا ئەو چەکانەی کە تاوانەکەیان پێ کردوە و لە هەمان کاتدا خاڵی جیاوازیشیان تێدا بەدی دەکرێ. لەم پەرتووکەدا هەوڵ دراوە بە پێی سەرچاوەکان هەموو ئەو بابەتانە لە تەنیشت یەکتر ڕیزبکرێن بۆ ئەوە زیاتر بابەتی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە و باشتر دەرندەیی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ هەموو لایەک دەربکەوێ.

بەهۆی وێک‌چوون و پێوەندی‌دار بوونی بابەتەکان بە یەکتر ڕەنگە خوێنەر لە زۆر جێگادا تووشی دووپات بوونەوەی بابەتێک بێت کە ئەوە تەنیا لەبەر گرینگی کاریگەریی ئەو بابەتەیە بەسەر باسەکەوە.

لە کۆتایی‌دا پێم باشە دەست‌خۆشی لە بەرێوبەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بکەم کە یارمەتی‌دەربوون بۆ بڵاو بوونەوەی بەشی زۆری بابەتەکانی ئەو کتێبە لە ڕۆژنامەی‌کوردستان، و جێی خۆیەتی سپاسی پێشمەرگەی روح‌سووک هەردی سەلیمی بکەم کە بە وردی لە بواری ڕێنووسەوە بە نووسینەکەدا هاتۆتەوە.

# دەستپێک

تێرۆر یا کوشتنی سیاسی، جۆرێک کوشتنی بە ئانقەستی کەسێکی جیابیری سیاسی و دژبەری دەسەڵاتە و لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەرکار و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بە دایمە تێرۆری وەک کەرەسەیەکی گرینگ و وەلانەندراو بە دژی جیابیران و دژبەرانی بەکار هێناوە.

ئەگەر لە نێو لاپەڕەکانی قامووسەکاندا لە مانای تێرۆر بگەڕێین، لە هەمووانـدا بە مانای خولْقاندنی ترس و دڵەڕاوکێیە لە نێو کۆمەڵگادا و زیاتر دەسەڵات دەیکا بۆ ئەوەی دوژمنانی پێچاوترسێن بکا. دەسەڵات لە هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی هەموو هەوڵی ئەوەیە شوێن پێیەک لە دوای خۆی بەجێ نەهێڵێ و کوشتنەکە لە حاڵەتی شک و گۆماندا بمێنێتەوە؛ تەنانەت زۆر جاران هەر دەسەڵات خۆی هەوڵ دەدا بە دانی زانیاریی هەڵە ڕێچکەی لێکۆڵینەوەکان بە لاڕێدا بەرێ.

«لە ڕابردوودا دەوڵەتان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانیکردن لە ئاکار و کردەوەی تێرۆریستی خۆیان پاراستوە و بەدایم لە دڵە خورپە دابوون کە نەکا

وەک پشتیوان و لایەنگری تیرۆریزم کە ئەوپەڕی قانوون شکێنی و تێکدانی داب‌ونەریتی نێونەتەوەییە بناسرێن و بە لایەنگری لە تیرۆریزم تاوانبار بکرێن. بەڵام لەحاڵی حازردا نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە ڕاشکاوی و بە شێوەی ڕەسمی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لە ڕەشەکوژی و شێوەی جۆراوجۆری تیرۆر کەلک وەردەگرن. ئەم ڕێژیمانە لە نێوخۆی وڵاتدا موخالیفە سیاسی‌یەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوان خوازانەی خۆیان بە زۆری بەسەر خەڵک دەسەپێنن. لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپ‌کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بۆ بەرگری لە لایەنگریی ئازادی‌خوازان و بەمەبەستی ناچارکردنی دەوڵەتان بۆ قەبووڵی هێندێک مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یا سەپاندنی ئیدئۆلۆژی و بۆ چوونی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم.»[1]

لەسەردەمی ئێستاشدا کەم نین ئەو دەوڵەتانەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵانەوە ئازادی‌خوازییەکان پەنا بۆ تیرۆر و کردەوەی تیرۆریستی دەبەن و بۆ خۆیشیان ئیدعای ئەوە دەکەن کە لە بەرەی خەبات دژی تیرۆردا جێ دەگرن. بەڵام کە چاو بە کارنامەیاندا دەخشێنی، دەبینی لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا دنیایەک جینایەت و کوشتاریان کردوە؛ کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە. لە هەمان کاتدا پێویستە لێرەدا ئاماژە بە هەڵویستی جووڵانەوە ئازادی‌خوازەکانی کورد بکەین کە بەو ڕادەیە کە خۆیان بوونە قوربانی تیرۆریزمی دەوڵەتی وەک تاکتیکیش بێت تیرۆریان وەک کەرەسەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ دژبەرەکانیان بەکار نەهێناوە، لەو بارەوە

١ بەشیک لە بۆچوونی د.قاسملوو سەبارەت بە تیرۆریزمی دەوڵەتی ، بڵاو بووە لە کتیبی قاسملووله ڕێبازی دا زیندوو لەئامادەکردنی قادر وریا.

دەتوانین هەڵویست و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە باس بکەین. د. قاسملوو لە نامەیەکدا ڕوو بە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاغای «پرز دوکویلار» لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٣ دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراق لە بەشێکی ئەو نامەیەدا دەنووسێ: «ئاغای سکرتێر، حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵە ڕابردووی تێکۆشانی سیاسیی هەیە دژی ڕەشەکوژی (تێرۆر)، بارمتەگرتن، فڕۆکە ڕفاندن و بە گشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە ژیانی ئەفرادی غەیرە نیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە. حیزبی ئێمە هەمیشە دژی شەڕ و لایەنگری ئاشتی بووە. ئێستا کە دەتانەوێ ئاشتی و هێمنایەتی باڵ بەسەر سنوورەکانی ئێران – عێراقدا بکێشێ ئەوە ئامانجی ئێمەشە...»[٢]

هەر لەو بارەوە د. قاسملوو لە وتارێکدا کە لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لە مادرید لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٠/٦ پێشکەشی کردووە لە کۆتایی وتارەکەدا دەڵێ: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراویکی دێموکرات بە پێی ئوسوول و ڕێبازی خۆی، هەموو کات تێرۆریزمی لە فڕۆکە ڕفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتەگرتن، ڕەد کردۆتەوە و بەگشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەکی کە ژیان و هێمنایەتی ئەفرادی غەیرە نیزامی و بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە ڕەد دەکاتەوە...»[٣]

بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستمێکی سیاسیی یەکێک لەو دەوڵەتانەیە کە ڕێبەرانی تەنانەت پێش دامەزرانی ڕێژیمەکەیان تێرۆریان بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان بەکار هێناوە

---

٢ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٤٠ (گەلاوێژی ١٣٦٧ / ئووتی ١٩٨٨م)

٣ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٤٤ (سەرماوەزی ١٣٦٧ / دیسامبری ١٩٨٨م)

و دوای گەیشتن بە دەسەڵاتیش لە پێناو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیاندا بە بڵاوی کردوویانە؛ ئەوەش بۆ بنەما فکرییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم دەگەڕێتەوە و لە پێکهاتەی دەسەڵاتیش‌دا نەهادینە کراوە و جێ خراوە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمەکەیان ڕا هەتا ئێستا لەسەر سێ بنەمای (هەناردەکردنی شۆڕش، خولقاندنی قەیران لە نێوخۆی وڵات و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە و بەکار هێنانی تیرۆر وەک کەرەسەیەکی کارا بۆ لە ناو بردنی جیابیرانی سیاسی و مەزهەبی لە نێو خۆی ئێران و دەرەوی وڵات) هەوڵی ڕاگرتن و درێژکردنەوەی ڕێژیمەکەیان داوە. لە پێشەکیی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییدا کاتێک باس لە باسکی نیزامیی ئێران دەکا وەک (ئەرتەشی مەکتەب)ی ناوی دەبا و لە باسی ئەرک و وەزیفەکانیدا دەڵێ: «لە پێک‌هێنان و ئامادەکاریی هێزەکانی بەرگریی وڵاتدا سەرنج لەسەر ئەوەیە کە ئیمان و مەکتەب بنەما و قانوون بێ، بەو پێیە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجە پێک دێن، نەک هەر بۆ پاراستنی سنوورەکان بەڵکوو ئەرکی مەکتەبی واتە جیهاد لە ڕێگەی خودا و خەبات لە ڕێگەی پەرەپێدانی حاکمیەتی قانوونی خودا لە جیهان دەکەوێتە سەر شانیان.» هەروەها لە ئەسڵی ١١ی قانوونی بنەڕەتیدا هاتوە: «هەموو موسوڵمانەکان یەک ئۆممەتن و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفە و ئەرکیەتی سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمای هاوکاری و یەکیەتیی نەتەوەکانی موسوڵمان دابرێژێ و هەوڵ بدا یەکیەتیی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی دنیای ئیسلام بێتە دی».

بەو خوێندنەوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات و دەسەڵاتداری لە

نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنووره سیاسییەکانی هەیەتی و بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی بۆ ئەرتەش و سپای وڵاتەکەی پێناسەی کردوە، سروشتییە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم تێرۆر وەک چەکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بە کار بهێنن. بەڵام دەبینین بە تێپەربوونی کات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆ دەر دەخا کە هەر ئەو باوەڕانەی کۆماری ئیسلامی هێدی هێدی بۆی بوونەتە کێشە، و ئەم خۆرکەیە خەریکە لەشی کۆماری ئیسلامی دادەفەتێنێ. لە لایەکی دیکەوە تێرۆری دەوڵەتی لە ماوەیەکی زەمەنیی دوورودرێژدا کە بە دژی جیابیران و دژبەرانی دەوڵەت و نیزام بە کار دێ ناتوانێ ئاماژە و بەڵگە بێ بۆ بەهێز بوونی ئەو دەوڵەت و سیستمە سیاسییە؛ بەڵکوو بە ئاشکرا دەتوانێ نیشانەی لاوازی و ناسەقامگیری ئەو دەوڵەت و سیستمە بێ. دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی کە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆیدا هەر ناچار بە تێرۆری جیابیران و دژبەرانی بووبێ، ئەوپەڕی لاوازی و ناسەقامگیریی خۆی دەردەخا. ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕێژیمە هەموو کاتێ لەوە دەترسێ کە بیر و ئەندێشەیەک جیا لە ئەندێشەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا پەرە بستێنێ و جێ پێی لەق بکا.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو کاتێ چەقی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بووە. تێرۆری دژبەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی کورد و هەروەها لە مەیدان دەرکردنی جیابیرانی سیاسی و ئایینی بە ڕێگەی تێرۆر هەمیشە ئەولەوییەت و لەسەرووی کار و بەرنامەکانی ڕێژیم لە کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتیش لەماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی پشکی شێری وەبەرکەوتووە و لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی زیاتر کەوتۆتە بەرهێرشی تێرۆریستیی گرووپ و تاقمە دەست پەروەردەکانی ئەو نیزامە.

ئێستا ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن پرسیار بێ کە بۆچی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی زیاتر لە هەموو لایەنێک کردوەتەوە ئامانج؟ وڵامی ئەو پرسیارە لای خەڵکی ئاگا بە مەسائیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵۆز و گران نییە، بەڵام هەبوون و هەن کەس یا کەسانێک کە ڕەنگە ئەو ئاگایی و زانیارییەیان لەسەر پێگە و جێگای حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبێ یان نەیانهەوێ کە ببینن.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی کە هاتوونە سەر ڕێگەی بۆ ساتێک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە و لەو ڕێگایەدا بە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگەی شەهید بوون، بەڵام بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات پێی لەسەر خاکی کوردستان نەبراوە و بیر و ئەندێشە و ئامانجەکانی ئەو حیزبە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و زیاتر لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا ڕیشە دادەکووتێ و پەرەدەستێنی و جێی خۆی دەکاتەوە. هەر ئەوە وای کردووە کە پێگەیەکی بەهێزی لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەبێ و لە ڕاستییدا ئەوی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ئەو پێگە جەماوەرییەی حیزبی دێموکراتە. هەروەها دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی باش بەو ڕاستییە دەزانن کە هەرکات بارودۆخ بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە کوردستان لەبار بێ و حاکمیەتی ئەوان لە ئێران درزی تێ کەوێ، کوردستان بە بوونی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردی، لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەترە بۆ بەربەرەکانی و قۆستنەوەی هەل و بە دەستەوە گرتنی بارودۆخەکە.

بەڵام ئاخۆ تێرۆر دەتوانێ پێش بەو ڕەوتە بگرێ؟ ئەوە ئاسنی ساردکوتانە

کە کۆماری ئیسلامی چوار دەیەیە لەسەر ئەو قەوانە کۆنە دەڕوا. چوار دەیە تیرۆر و جینایەت و کوشتار لە کوردستان ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم ئەوە بووە کە هەستی نەتەوەیی و شعووری شۆڕشگێڕی و مافخوازی لە کوردستان بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و، حیزبی دێموکرات سەرباری هەموو ئەو زەبر و خەسارانەی لە سۆنگەی سیاسەتی تیرۆری کۆماری ئیسلامی هەڵی گرتوە، بەڵام هەروا لە مەیدانە و هەروا خۆشەویست و جێی متمانەی هەراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.[٤]

٤ ئەو دەستپێکە بەشێک لە وتارێکە کە پێشتر لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٧٢٢ لەژێر سەردێری تێرۆر یا کوشتنی سیاسیی لە نووسینی عومەربالەکی بڵاو بۆتەوە.

# بەشی یەکەم

# پێناسەیەک بۆ تیرۆر

تێرۆرکردار یا دیاردەیەکە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتییەوە هاتوە بەڵام قەت بە ڕادەی ئێستا تێرۆر لە لایەن دەوڵەتانەوە بە ڕێکخستن نەکراوە و بۆ ئامانجی سیاسی کەلکی لێ وەر نەگیراوە. پێناسەی تێرۆر کارێکی ئاسان نییە، چونکە تێرۆر لای بکەر کردارێکی ڕێپێدراو و مەشرووعە بەڵام لای زیاندیتوو بە تاوان و کردەوەیەکی قێزەون و بە دوور لە پێگەی مرۆڤایەتی دادەنرێ. لایەکی دیکە کە ناتوانین پێناسەیەک بۆ تێرۆر بکەین ئەوەیە کە تێرۆر بە شێواز و ئامرازی جیاواز و بۆ ئامانجی جیاواز بەڕێوە دەچێ و لێک کردنەوەی ئەوانە لە یەکتری کارێکی ئاسان نییە، هەتا ئێستا تێرۆر مانا و پێناسەیەکی یەکدەستی کە جێگای پەسندی کۆمەڵگای جیهانی بێت وەرنەگرتووە هەر بۆیە لەو هەموو پێناسە کە لە تێرۆر و تێرۆریزم کراوە جاری وایە تووشی سەرلێشێواوی دەبین.

واڵتێر لاکر (Walter Laqueur) بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر پێناسەکانی تێرۆریزم کردووەیەتی باس لەوە دەکا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٦ هەتا

١٩٨١ توانیوویەتی سەد و نۆ پێناسەی جۆراوجۆر و جیاواز لە تیرۆریزم کۆ بکاتەوە.[١] بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی خوێنەر لێرەدا ئاماژە بە چەند پێناسەیەکیا دەکەین. تیرۆر لە زمانی فەڕانسەوی‌دا بە واتای خولقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ دێ و لە سیاسەتدا بەو کردەوە توندوتیژی‌یانە دەگوترێ کە لە قانوون بەدەرەن، واتا قانوون پێناسەی بۆ نەکردوون و حکوومەتەکان بۆ سەرکووتی دژبەران و ترساندنی ئەوان بەکار دێ و گەڵێک جارانیش ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکانیش تیرۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان بەکار دێنن.[٢] هەروەها تیرۆر بە مانای کوشتاری سیاسییش بەکارهاتوە. لە زمانی فەڕانسەویدا ناوی نێرینەیە و ڕەگ و ڕیشەکانی دەگەرێتەوە سەر وشەی تیرۆری زمانی لاتینی کە بەم شێوەیە دەنووسرێت: (terror)، هەروەها قامووسی لۆپوتی ڕۆبێری فەڕانسەوی بەم جۆرە وشەی تیرۆر شی‌دەکاتەوە:

١. ترسێکی بێ‌سنور کە توانای ئەوەی هەبێت کارەساتی لێ‌بکەوێتەوە و جوڵە ئیفلیج بکات.

٢. لەرزین، دڵەراوکە، هەژان، هەرانانەوە، ژیان لە نێو تیرۆردا، هەوڵێک کە بۆنی تیرۆری لێ دێت.

٣. بڵاو کردنەوەی ترسی کۆلێکتیڤ لە نێو جەماوەردا بۆ ئەوەی جۆرێک لە حکوومەتداری قبوول بکات و واز لە بەرگری‌کردن بێنێت. ڕێژیمێکی سیاسی کە لەسەر ئەم ترسە کۆگیرە (کۆلیکتیڤە) دروست بووبێت دەکرێت وەک ڕێژمێکی تیرۆریست ناوزەد بکرێت. ڕێژیمی یاسا تایبەتەکان (ئەو یاسانەی کە لە کاتی نائاساییدا دەردەچن) حکومەتکردن بە تیرۆر.

١ مبارزه علیه تیروریسم و حقوق بین الملل، ترجمه حسن سواری
٢ داریوش آشوری، دانشنامەی سیاسی

٤. تاک یان گرووپێک که به تیرۆر سنوورێک به دەوری خۆیدا دەکێشێت و بۆنی ترسی لێ دێت.

٥. به کار هێنانی زەبر و زەنگ بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی.

٦. تیرۆریست به کەسێک دەوترا که له کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا پەنای بۆ ترساندنی ئەوانی دیکه دەبرد.»[٣]

له مێژووی شۆڕشی فەڕانسەدا ئەو وشەیه مانایەکی تایبەتی هەیه و بۆ گەیاندنی دوو مەبەست بەکاردێ. یەکەم، به مانای گرتنەبەری توندوتیژی له ڕادەبەدەر به دژی کەسانی دژه شۆڕش. دووهەم، بەو قۆناغه له مێژووی فەرانسه دەگوترێ که لەودا تیرۆر به مانای یەکەم لەو دەورەیەدا حاکم بووە. لەو قۆناغەدا مەجلیسی قانوون دانان چەندین یاسا و ڕێسای پەسند کرد وەک تاوانبارکردنی شا، ئیزن دان به شارەوانییەکان بۆ دەست بەسەرکردنی کەسانی جێگای گومان، پێکهێنانی دادگای شۆڕش له ١٧ی ئووت. داخستنی کۆتا کەنیسه له ١١ی ئووت ... قۆناغی دووهەم، قۆناغی دەسەڵاتداری ژاکوبنەکانه، ئەو قۆناغه هەتا پێنجی سێپتامبری ١٧٩٣ بەردەوام دەبێ. لەو قۆناغەدا ژاکوبنەکان کۆمەڵێک کاریان کرد و کۆمەڵێک قانوونیان پەسند کرد و لەو ڕێگایەوە و لەژێر گوشاری خەڵکدا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی توند و تۆقێنەریان به دژی ئەشرافزادەکان و ئەو توجارانەی بازاریان قۆرغ دەکرد، بەرێوه برد.[٤]

---

٣ تیرۆریزم وەک بنیادکردنی کۆمەڵایەتی ل ٢٢، عادڵ باخەوان

٤ فرهنگ علوم سیاسی، غلامرضا بابایی

لە ڕوانگەی بریتانیایەکان تیرۆر و تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی سیاسی، هەر بەکارهێنانێکی زبروزەنگ کە ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکدا دروست بکا دەچێتە خانەی تیرۆریزمەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆریزم دەکا: «تیرۆریزم بریتیە لە بەکارهێنانی هەڕەشە و زەبروزەنگ بە دژی مرۆڤ و کەرەسەکان بە مەبەستی وەدەست هێنانی دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئامانجی تیرۆریستەکان بریتیە لە ترساندن و ناچارکردنی حکومەت، تاک یا گرووپ بۆ ئەوەی ڕەفتارەکانیان بگۆڕن بەو شێوەی ئەوان دەیانهەوێ.»

لە ڕوانگەی ئاڵمانییەکانەوە تیرۆریزم بریتییە لەململانێیەکی درێژ خایەن لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجی سیاسیی، تیرۆریستەکان چەند کەرسەیەکی وەک تەقینەوە دژ بە ژیانی هاووڵاتیان و سەروەت و سامانیان بەکار دێنن بە چەشنێک ئەو کردارانە هێندێک جار دەبن بە تاوانی گەورە و تراژیدی بە چەشنێک کە ناخی کۆمەڵگا دەهەژێنێ.

فەرهەنگی فەڕانسەویی ڕۆبێر (Robert) دوو پێناسە بۆ تیرۆریزم دەخاتە ڕوو:

١. پیادەکردنی بەردەوامی توندوتیژی لە پێناو ئامانجێکی سیاسی و ئەو کردەوە توند تیژییانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جێبەجێ دەبن.

٢. ئەو هەڵسوکەوت و کردەوانەی کە نیشانەی پێکەوە هەڵنەکردن و نەسازانن و دەبنە هۆی ترساندن و تۆقاندن.[٥]

٥ فەرهەنگی سیاسیی ئارەش – ئامادەکردنی زاهیرمحەممەدی، یاسین حاجی زادە

هەروەها قاموسی فەڕانسەویی لارووس (Larousse) بە دوو شێوە تیرۆریزم وێنا دەکا: شێوەی یەکەم، کۆی ئەو کردەوە توندوتیژانەی کە ڕێکخراوێک بە مەبەستی خولّقاندنی پشێوی یان بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتێکی سەقامگرتوو بەرێوەیان دەبا. شێوەی دووم، سیستم و شێوازی توندوتیژانەی دەوڵەتێک.[٦]

لەو ڕوانگەوە دەتوانین بەم شێوەیەش پێناسەی تیرۆر بکەین: «پێک هێنانی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو کۆمەڵانی خەڵک یا دەستەیەک لە خەڵک بە مەبەستی تێک دان و تێک شکاندنی بەربەرەکانی و خۆڕاگرییان و پێک‌هێنانی نیزامێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە.[٧] قاموسی پێوەندییە نێونەتەوەیەکان بەم شێوەیە وشەی تیرۆریزم پێناسە دەکا: «تیرۆر و تیرۆریزم بەو چالاکی‌یانە دەگوتری کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و غەیرەدەوڵەتی ڕێکار و شێوەی توندوتیژ و دڕندانە لە کردەوەکانی خۆیان‌دا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سیاسی بە کار دێنن.» یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی تیرۆریزم تایبەتە بە کۆنوانسیۆنی ساڵی ۱۹۳۷ی کە بەو شێوەیە باس لە کرداری تیرۆریستی دەکا: «کردەوەی تیرۆریستی لە ناوەرۆک‌دا بریتییە لە کردەوەی جەنایەتکارانە کە بەهۆی کەس یا کەسانێکەوە بە کەرەسە و شێوازی جیاوازی ترس خولّقین بە دژی دەوڵەت یا کەسایەتیەکان و یا بەگشتی ڕێک خراوە و بەڕێوە دەچێ.»

بەو پێناسەیەش ناتوانین پێناسەیەکی گشتگیرە لە تیرۆر و تیرۆریزم بکەین، چونکە مەیدانی کار پێ کردن بەو ڕێکارە قێزەونە لەسەردەمی ئێستادا ئەوەندە بەربڵاو بووە کە زۆر جاران بۆ کەس ڕوون نییە کێ تیرۆریستە و کێ

٦ فەرهەنگی سیاسی ئارەش – ئامادەکردنی زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە

٧ مبارزە علیە تیرۆریسم وحقوق بین الملل – ترجمە حسن سواری

غـەدر لێکـراوی دەسـتی تێـرۆرە، بەتایبەتـی کـە لەسـەردەمی ئێسـتادا دوڵەتـەکان تێرۆرکردنـی دژبەرانـی خۆیـان بـە قانوونـی و شـەرعی دەزانـن و دەسـت لە هیچ ڕێکارێـک ناپارێـزن و گـوێ بـە هیـچ یاسـا و ڕێسـایەکی نێونەتەوەیـی نـادەن و گەلێـک جـاران سـنوورە نێودەوڵەتییەکانیـش دەبەزێنـن بـۆ ئـەوە دەسـتیان بـە کەسـانی دژبـەری خۆیـان ڕا بـگا بـە واتایەکـی دیکـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە تێـرۆر بریتییە لە لە نێو بردنی دژبەری سیاسـی بە هەر شـێوەیەک و کەرەسـەی مومکین کـە بتوانـێ ئـەو ئامانجـەی بـە دواوەیەتـی پێـی بـگا. لەسـەریەک دەتوانیـن ئـاوا پێناسـەی تێـرۆر بکەیـن، هـەر کردارێـک کە ببێتە هـۆی لە نێو بردنـی مرۆڤەکان چ بـە تـاک و چ بـە کـۆ بـە پێـی بەرنامەیەکـی داڕێـژراو کـە لە دوای خـۆی ترس و شـێواوی لـە کۆمەلـگادا بەجـێ بهێڵـێ. واتا کرداری تێـرۆر دوو ئامانج لە یەک کات پێکـەوە دەپێکـێ، یەکـەم لـە نێـو بردنـی دژبـەران و دووهـەم خوڵقاندنـی تـرس و دڵەخورپـە لـە نێـو کۆمەلگادا.

بەیاننامـەی مافـی مـرۆڤ لـە سـاڵی ١٩٤٨ پەسـەند کـرا و هێـدی هێـدی لە پرۆسـەیەکی زەمەنـیدا زۆربـەی زۆری دەوڵەتانـی جیهـان ژێـر ئـەو بەیاننامەیان ئیمزاکـرد. لـەو کاتـەدا کە ئەو بەیاننامەیە دەرچوو لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیيەوە پێشـوازی لـێ کـرا، چونکـە تـازە شـەڕی دووهەمـی جیهانـی کۆتایـی پـێ هاتبوو و هێشـتا کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی پشـتی لـە بـن بـاری کوشـتاری بـە کۆمەلـی مرۆڤـەکان لـە شـەڕی یەکـەمدا ڕاسـت نەببـۆوە کـە تووشـی شـەڕی دووهەمـی جیهانیـش هاتبـوو کـە کوشـتار و ماڵوێرانـی و کاولـکاری لـە شـەڕی یەکەمـی جیهانـی زیاتـر بـە دوای خـۆیدا هێنابـوو. هـەر بۆیـە کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی دەبوایـە بـۆ دەسـت وێراگەیشـتن بـە ئارامـی و ئەمنیـەت هەوڵـی دابایـە و تەنیا

ڕێگا ئەوە بوو کە لە ڕێگای نووسین و دارشتنی قانوونێک کە هەموو لایەک پێی ڕازی بن و دەوڵەتەکان پابەند بکەن بە پاراستنی ئەمنیەتی جیهانی. بۆ ئەو مەبەستە یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە سەرنج بدرێ بە ماڤی مرۆڤ، بێ ئەوە ڕەنگ و نژاد و ڕەگەز و تەنانەت ئایین و مەزهەب لە بەرچاو بگیرێ. هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کاریگەرییان هەبوو لەسەر دارِشتنی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەوڵیان ئەوە بوو کە ناوەرۆکی ئەو بەیاننامەیە ببێتە جی سەرنجی هەموو لایەک بە جۆرێک کە هەموو نەتەوەکان خۆی تێدا ببیننەوە.

لە ماددەی سێی بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ دا هاتوە «هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە لە ژیان، ئازادی و ئەمنیەتی تاکەکەسی خۆیدا سەربەست بێت.» بەڵام تێرۆریزم بێشک بە دوای لێ ئەستاندنەوەی ژیان و ئازادی و ئەمنیەتدا دەگەڕی، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین تێرۆریزم پێشێلکەری مافی مروڤ و پرەنسیپەکانی پەسندکراوی نێونەتەوەییە کە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان دارِێژراون و لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە پەسند کراون.

لە ماددەی ۳۰ی بەیاننامەی جیهانی مافی مروڤدا پێداگری دەکا کە هیچ بەندێکی ئەو بەیاننامەیە ناتوانرێ بە جۆرێک خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە دەوڵەتێک یا تاقمێک یا کەسێک مافێک بۆ خۆی قائیل بێت کە کار وکردەوەکانی دەرخەری ئەوە بێت کە مافێک لەو ماف و ئازادییانە کە لە بەیاننامەدا هاتوە بە قازانجی خۆی پێشیل بکا. بەڵگە و ئەسنادی زۆری نێونەتەوەیی سەبارەت بە مەحکووم کردنی تێرۆریزم و ڕێکاری پێشگیری لە

تیرۆزم بە پەسەندی دەوڵەتان گەیشتووە وەک:

١. کۆنوانسیۆنی ١٩٦٣ی تۆکیۆ، لە پێوەندی لەگەڵ تاوانکاری و هێندێک کرداری دیکە کە زیان بە سەلامەتی فڕۆکە و فڕۆکەوانی دەگەیەنێ.

٢. کۆنوانسیۆنی ١٩٧١ی لە مۆنتریاڵ، لە پێوەندی لەگەڵ سەرکووتی کرداری غیرە قانوونی بە دژی ئەمنیەتی هەڵفڕینی تەیارەکان.

٣. کۆنوانسیۆنی پێشگیری لە تاوان بە دژی ئەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ بە تایبەتی نوێنەرانی سیاسی و سزادانی تاوانباران کە تاوان بە دژی ئەو کەسانە ئەنجام دەدەن. پەسندکراوی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٣.

٤. کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی بە دژی بارمتەگرتنی مرۆڤەکان، ساڵی ١٩٧٩.

٥. ساڵی ١٩٨٥، ئەندامانی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ هەر جۆرە کردارێکی تیرۆریستییان بە هۆی هەر کەس و لە هەر جێگایەک ڕوو بدا مەحکووم کرد و ئەو مەحکوومیەتە لە بڕیارنامەی ٦١/٠٤٠ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا سەبت بووە. ئەو هەڵوێستەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستێکی گرینگ بوو لەگەڵ ئەوەدا تەئیدی هەر پێنج کۆنوانسیۆنەکەی بەستوەتەوە بە تیرۆر و لە هەمان کاتدا بابەتی تیرۆر و تیرۆریزمی تەنیا لەو کۆنوانسیۆنەدا قەتیس نەکردۆتەوە.

بێجگە لەو پێناسانەی تیرۆر، وشەی تیرۆر و تیرۆریزم لە قانوونی سزادانی هێندێک لە وڵاتاندا بە ڕوونی باسی لێ کراوە، بۆ نموونە قانوونی سزادانی

فەڕانسە کە باس لە تیرۆر دەکا بە کردارێکی تاوانکارانەی دەزانێ، بەو شێوەیە: «کردارێکی تاوانکارانەیە کە بە شێوەی تاکە کەس، یا چەند کەسی بۆ خولقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو کۆمەڵگادا بە مەبەستی تێکدانی نەزم و ئارامی کۆمەڵگا بەڕێوە دەچێ.» لەو پێناسەیەدا سێ توخمی گرینگی تێدایە

١. کەلکوەرگرتن لە توندوتیژی یا هەڕەشە کردن بەتوندوتیژی.

٢. بە ئامانجی پێکهێنانی ترس و دڵە خۆرپە و تێکدانی ئەمنیەتی کۆمەڵگا.

٣. پێکهێنانی کەش و هەوای سیاسیی هاڵۆز و بێسەرەوبەرە لە ڕێگای تێکدانی نەزمی گشتی کۆمەڵگا. پێویست بە ئاماژەیە کە قانوونی سزادانی فەڕانسە تەنیا لایەنی نێوخۆیی هەیە و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە. بە پێی ئەو ئامارانەی بڵاو بوونەتەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥هەتا ١٩٩١ زیاتر لە سەد هەزار چالاکی و کرداری تیرۆریستی بە دەستی ٢٠٠ گرووپ و ڕێکخراو و دەوڵەت لەسەرانسەری دنیادا بەڕێوە چوون.

لەسەردەمی ئێستادا هێندێک لە دەوڵەتان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵانەوە ئازادیخوازییەکان لە وشە و کارکردی تیرۆریست و تیرۆریزم کەلک وەردەگرن و بە بەهانەی ئەوە کە لەگەڵ تیرۆریزم بەربەرەکانی دەکەن بەڵام بۆ ئامانجی خۆیان دەست بۆ جینایەت و تیرۆر دەبەن. بەو مانایە ئەو دەوڵەتانە تیرۆر وەک ئامرازێک بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بە کار دێنن و کاتێک چاو بە کارنامەیاندا دەخشێنین پڕە لە جینایەت و کوشت و کوشتار و خولقاندنی ترس و شێواوی کۆمەلگا. تیرۆریزمی دەوڵەتی شێوازێکە لە تیرۆریزم کە دەوڵەتێک لە ستراتیژی خۆیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی

پشت به کردەوەی تیرۆریستی دەبەستێ و بە هەموو جۆرێک لە بواری ماددی و مەعنەوەی لە پشت ئەو کردەوە تیرۆریستانە ڕادەوستێ کە مەبەستیەتی. ئەو جۆرە لە تیرۆریزم کاتێک لە لایەن دەوڵەتێکەوە بەڕێوە دەچێ کە ئەو دەوڵەتە بە هێزی سەربازی و لە مەیدانی شەڕدا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ئامانجەکانی بپێکێ.

کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو حکوومەتانەیە کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکار و بە دەسەڵات گەیشتن لە تیرۆریزم وەک کەرەسەیەکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەربەرین لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران کەلکی وەرگرتوە بە واتایەکی دیکە تیرۆر و تیرۆریزم لە فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامی‌دایە و یەکێک لە ڕێگاکانی مانەوەی خۆی بە ئیدامەدان و پەرەپێدانی تیرۆریزم دەزانێ. یەکەم تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە دنیای دەرەوە (١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ / دسامبری ١٩٧٩) لە پاریس بەڕێوەچوو کە تێیدا شهریار شفیق کوڕی ئەشرەفی پەهلەوی تیرۆر کرا و ئەو تیرۆرانە هەتا تیرۆری میکۆنووس کە لەوەدا د. سادق شەڕفکندی و فەتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان و نوری دێهکوردی تێدا تیرۆر کران لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران بە تایبەتی لە ئوروپا بەردەوام بوو. بە پێی ئامارەکان تەنیا لە ئوروپا ٨٩ کەس هەتا ڕێکەوتی تیرۆری میکۆنووس لە کەسایەتی و ڕێبەرانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە دەست تیرۆریستەکانی ئەو نیزامە تیرۆر کراون.

١٧ی سێپتامبری هەر ساڵێک هاوکاتە لەگەڵ تیرۆرکردنی د. سادق شەڕفکندی و هاوڕێیانی کە بەدەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە

ڕێستورانی میکۆنووس هەڵکەوتوو لە بێرلین پێتەختی ئاڵمان، تیرۆر کران.
بەڵام ئەم جار کۆماری ئیسلامی وەک جارەکانی پێشوو نەیتوانی بە ئاسانی لێی دەر بچێ، بەڵکوو تیرۆری میکۆنووس بوو بە مەیدانی دادگایی کردن و محاکمەی کۆماری ئیسلامی و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کارە تیرۆریستیەکانی ئەو نیزامە لە دادگایەکی عادلانە و دادپەروەردا محاکمە کرا و حوکمی دادگا لە کۆتایی خۆیدا سیستمی سیاسیی و دەسەڵاتداری ئێرانی بە سیستمی جینایەتکار دەست نیشان کرد.

# بەشی دووەم

# تێرۆری میکۆنووس

# ئامانجی کۆماری ئیسلامی
# لە
# تیرۆری د. شەرەفکەندی

١. ماوەیەک بوو بە هۆی ئاگربەسەوە شەڕی ئێران و عێراق ڕاوەستابوو، دەسەڵاتدارانی تاران دەیانهەویست هێندێک کاری ڕووکەش لەژێر ناوی «سازندەگی» لە ئێران بە تایبەتی ناوچە شەڕ لێ دراوەکان بەڕێوەبەرن بۆ ئەوەی شکانی خۆیان لە مەیدانی شەڕی عێراقدا قەرەبوو بکەنەوە و لەو ڕێگایەوە سەقامگیری کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران نیشانی کۆمەڵگای جیهانی بدەن. بەڵام لەو هەلومەرجەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەر وا دژ بەرێکی بەهێز بوون لە بەرامبەر سیاستە سەرکوتکاریەکانی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕان بۆ ئەوە زەربەیەکی وا لە حیزبی دێموکرات بدەن کە بتوانن پاشەکشەی پێ بکەن و بۆ ئەو مەبەستە دەبووایە بە دوای لە نێو بردنی سکرتێری حیزب وەک کەسایەتی یەکەمدا بن.

٢. کۆماری ئیسلامی به پێی خوێندنەوەیەک  که له مێژووی کورددا هەیبوو پێی وابوو هەرکات ڕێبەر یا سەرۆکی جووڵانەوە لە نێو بچێ، جووڵانەوەکە خود بە خود لە بەریەک هەڵدەوەشێ، هەر بۆیە د. قاسملوویان لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرد، بەڵام دیتیان  د. شەرەفکەندی زۆر بە خێرایی بە هاوکاریی هاوسەنگەرانی ئیزن نادەن بێقاسملووییان پێوە دیار بێ و جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان هەر بە گوڕوتین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێت، کەوتنە پیلانگێری و بەرنامەدانان بۆ چۆنیەتی تیرۆرکردنی د. شەرەفکەندی. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە کە ئەو دەورانە بەسەرچووە بە لێدانی سەری ڕێبەرانی جووڵانەوەکانی خەڵکی کوردستان جووڵانەوەکە لە بەریەک هەڵدەوەشێ، دەتوانین لە قسەکانی د. قاسملوو کە لە وتوویژ لەگەڵ کارۆڵ پڕۆونهۆبێر، ڕۆژنامەنووس سەبارەت بەو بابەتە کەلک وەربگرین. قاسملوو دەیگوت: «ئەوە یەکەمین جارە بزووتنەوە لەژێر ڕێبەرایەتیی سەرۆک عەشیرەتێکدا نییە، هەر بۆیە لە ڕابردوو ئەو بزوتنەوانە شکستیان دەخوارد. لە نێوبردنی بزووتنەوەی لەو چەشنە کارێکی هاسانە چونکە بە کوژرانی ڕێبەرەکەی بزوتنەوەکە تەواو دەبوو.»[1]

٣. ڕەوتی ڕووداوەکان لەو سەردەمدا لە ناوچەکەدا بە قازانجی دۆزی کورد بوو. بەشی زۆری باشووری کوردستان دەوڵەتی عێراق بە ناچاری جێهێشتبوو و بەرەی کوردستانی ببوو بە دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە و خولقانی ئەو بارودۆخە و درێژە کێشانی بە دڵی دەسەڵاتدارانی تاران نەبوو، بە تایبەتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک گەورەترین هێزی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی ئەو ناوچەیە حزووری چالاکی هەبوو.

١ کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، نووسینی کارۆڵ پڕۆنهۆبێر وەرگێرانی فەتاح کاویان.

٤. پێگە و کەسایەتی زانستی و سیاسی د. شەڕفکندی لە نێو تووێژی ڕووناکبیر و دانیشگاهی لە سەتعی ئێراندا جێ ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

ئەوانە و دەیان بەڵگەی دیکە بوونە هۆکار بۆ ئەوە شۆرای عەمەلیاتی ویژە[٢] کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە فەرمانی تێرۆری د. شەڕەفکەندی پەسند بکا و بۆ ئەنجام دانی ئەو مەبەستە دەستەی تێرۆر دیاری بکا و هەر وەکی پێشتریش ئاماژەی پێ کرا تێرۆری د. شەڕفکندی ئیدامەی کارە تێرۆریستیەکانی دەسەڵاتدارانی تاران بوو. بەڵام ئەو جارەیان نە دەسەڵاتداران و نە تێرۆریستییەکانیان نەیانتوانی لە دەستی عەدالەت و دادگا ڕابکەن.

تێرۆری میکۆنووس بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ماف‌خوازانەی خەڵکی کوردستان و ئازادی خوازانی سەرانسەری ئێران خەسارێکی گەورە بوو. د. شەڕفکندی لە حاڵێکدا بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو کە هێشتا لە دەست دانی د. قاسملوو هەر وا گەرمە برین بوو بە جەستەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢ شۆڕای عەملیاتی ویژە (تایبەت): وەک زۆر دام ودەزگای دیکەی کۆماری ئیسلامی لەو شتە سەیر و سەمەرانەیە کە نە لە قانوونی ئەساسی‌د اباسی لێ کراوە و نە لە هیچ سەنەدێکی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییدا ڕادەی سەلاحیەتی ڕوون کراوەتەوە، بەڵام هەموو بەڵگەکان سەلمێنەری ئەوەن کە بڕیاردان لە سەر هەموو تێرۆر و کوشتارە سیاسیی‌یەکان لەو شۆڕایە تاوتوێ کراوە و بە پەسندی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی گەیشتوە؛ ئەو شۆڕایە لە بەرابەر هیچ ئۆرگانێکی قانوون دانان یا دادوەری وڵام‌دەر نییە.

# هەوڵی کۆماری ئیسلامی
# بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی دادگا

ڕۆژی دوای تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، پۆلیسی ئاڵمان دەکەوێتە خۆ بۆ ئەوەی بکەرانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستیە ئاشکرا بکا. بەڵام لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێش بە پرۆسەی لێکۆڵینەوە بگرێ و بۆ ئەو مەبەستە چەند جار عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێران سەردانی ئاڵمان دەکا و لەگەڵ وەزیری ڕاوێژکار «اشمیت باوئر» کۆ دەبێتەوە وچەند داوایەک ئاراستەی دەوڵەتی ئاڵمان دەکا:

١. دادگا بەڕێوە نەچێ و ئەگەر هەر بەڕێوە دەچی ناوێک لە ئێران نەیە.

٢. تەنیا ئەوانەی گیراوەن و ڕاستەوخۆ لە تیرۆرەکەدا بەشدار بوون دادگایی بکرێن.

٣. لە بیروڕای گشتی دا وا نیشان بدرێ کە ئێران دەستی لەو تیرۆرانەدا نەبووە، بەڵکوو ناکۆکیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنە کە لەگەڵ یەک پاکانە حیساب دەکەن.

لە بەرامبەردا ئێران ئامادەیە لە ڕێگای «حیزب الله»ی لوبنان، هاوکاریی ئیسرائیل بکەن بۆ ئازاد کردنی بارمتەکانی لای حیزب الله. کار بەدەستانی دەوڵەتی ئاڵمان لەسەرەتادا هەوڵی خۆیان دەدەن کە بە جۆرێک مەسەلەی تیرۆرەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەن وەک هەموو کردارەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە سیستمی قەزایی ئاڵمان سەربەخۆ کار دەکا و ئەو ڕووداوە کارتێکەریی زۆری هەبوو لەسەر بیروڕای گشتیی ئاڵمان و دەزگای ڕاگەیاندن زۆر چالاک بوون لە گەیاندنی هەواڵەکان و گواستنەوەی بیروڕای خەڵکی لەسەر کارەساتی تیرۆری میکۆنووس، هەر بۆیە کار بەدەستانی دەوڵەتی ئاڵمان لە وڵامی ئێراندا دەڵێن کارەکە لە دەستی ئێمەدا نییە و بە پێی قانوونی بنەڕەتی ئاڵمان، ئێمە ناتوانین دەست لە کاروباری دەزگای قەزایی وەر بدەین و لە وڵاتی ئێمە دەزگای قەزایی سەربەخۆیە.

بێجگە لەوانە ئێران کەوتە هەڕەشە کردن لە شاهیدەکان کە ئەگەر دەستبەرداری شاهیدی نەبن گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان لە مەترسیدا دەبێ. لە هەمان کاتدا بە پێشنیاری پوول و ئیمکاناتی ماددی بە شاهیدەکان داوا دەکا یا شاهیدیەکەتان وەرگرنەوە و یا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی شاهیدی بدەن.

حەوت مانگ دوای تیرۆرەکە دادئەستێن ئیدعانامەی خۆی بە فەرمی پێشکەش بە دادگای بەرزی بێرلین کرد. لەو ئیدعانامەدا دادئەستێن بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کرد بوو کە تیرۆری میکۆنووس دەستی کۆماری ئیسلامی تێدایە و هەر لەو ئیدعانامەیەدا دادئەستین بە ڕوونی ڕایگەیاندبوو کە ئیسپاتی دەکا وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و خودی «عەلی فەلاحیان» لە پشت

ئەو تیرۆرەدان. بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر کۆمیسیۆنێک پێک هات بە ناوی کۆمیسیۆنی میکۆنووس کە ٨٩ کەس ئەندامی بوون کە کارەکەیان ئامادە کردنی ڕاپۆرتێک بوو لەسەر تیرۆری میکۆنووس. دادگای بەرزی بێرلین دوای سێ حەوتوو باس و لێکدانەوە ئیدعانامەی دادئەستێنی قەبووڵ کرد و ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٩٣ی وەک یەکەم ڕۆژی دانیشتنی دادگا دیاری کرد. بەو جۆرە دادگا دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو درێژەی کێشا کە لەو ماوەیەدا ٢٤٧ جەلەسەی دادگا بەڕێوە چوو کە لە بواریماددی‌یەوە ٩ میلیۆن مارکی ئاڵمانی تێچووی ئەو دادگایە بوو.

کاری دادگا یەکجار دژوار و هالۆز بوو. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵ لەو گرفت و کێشانە دەکەین:

١. لە ڕووداوی تیرۆری میکۆنووس چوار کەس کوژراون، سێ کورد و فارسێک.

٢. پێنج کەس وەک بکوژ لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە دەست بەسەر کران کە لە ئێرانی و لوبنانی پێک هاتبوون.

٣. زیاتر لە ١٧٠ کەس وەک شاهید بەشداری دادگا بوون لە هەردوو لای دەعوا.

٤. هێندێک لە شاهیدەکان لە ئاڵمان کار بەدەستی میری بوون و نەدەکرا بە ئاسانی بانگ بکرێن بۆ دادگا چونکە بە پێی قانوون دەبووایە قۆناغی ئیداریی دوور و درێژ ببڕن.

٥. هێندێک لە شاهیدەکان لە دەرەوی ئاڵمان بوون، بۆ هاتن پێویستیان

بە ویزا هەبوو کە ئەویش کات‌بەر بوو.

٦. بۆ هێندێک لە شاهیدەکان دەبووایە دادگا تیمە پارێزرەکان بنێرێ بۆ ئەو وڵاتانەی شاهیدەکانی لێیە.

٧. دەبووایە پەروەندەکان و تەواوی قۆناغەکانی دادڕەسی بە سێ زمانی ئاڵمانی، عەربی و فارسی وەرگێردراباوە کە ئەوەش کاتی زۆری پێویست بوو.

٨. پێویست بوو هەموو بەڵگە و قسەی شاهیدەکان و ڕاپۆرتی دەزگاکانی ئیتلاعاتی ئاڵمان و بریتانیا و هێندێک دەوڵەتی دیکە لە تەنیشت یەکتر دابندرێن هەتا ئەسلی ڕاستی و دروستیان دەربکەوێ؛ بۆ ئەوەی دادگا بگاتە ئەنجامێکی دادپەروەرانە. هەر بۆیە شاهیدێک بە چەند جار لەسەر خاڵێک بانگ کراوە و پرسیاری لێ کراوەتەوە.

دوای ئەو ماوە دوور و درێژە، دادگا حوکمی کۆتایی خۆی لە ٤٠٠ لاپەڕەدا لە (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ / ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) بەم شێوەیە پەسەند کرد.

١. سیستمی سیاسی و دەسەڵاتداری ئێرانی لەسەر یەک بە سیستمی جینایەت‌کار ناو برد.

٢. دەست‌نیشانی کرد کە کوشتاری ڕێستوورانی میکۆنووس تێرۆری سیاسی بووە و ئێران لە پشت ئەو تێرۆرە بووە.

٣. کازمی دارابی گەلالە دارێژ و عەبباس ڕاحیل کە تەقەکەری سەرەکی بوو بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم دران.

٤. یوسف ئەمین بە ١١ ساڵ و محمد اتریس بە ٥ ساڵ زیندانی حوکم دران.

٥. حوکمی گرتنی عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی کە بڕیار دەری سەرەکی بووە، لە لایەن دادگاوە دەرچوو.

لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بێنینە ئاراوە کە بۆچی دەزگای قەزایی ئاڵمان ئاوا سوور بوو لەسەر بەرێوە چوونی دادگا وروون بوونەوەی ڕاستییەکان ؟

١. ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووری و دێموکراسییە لە نێو دڵی ئوروپادا و هەموو کات ویستوویەتی سەروەری خۆی بپارێزی و تەنانەت فەرزی بکا بە سەر وڵاتانی دیکەشدا.

٢. تاوانی چوار قەتڵ لە یەک کات و یەک شوێن، ئەویش پێتەختی ئاڵمان، بۆ بیروڕای گشتی ئەم وڵاتە قابیلی هەزم نەبوو.

٣. تاوانی ئەو چوار قەتڵە ئەگەر هۆکاری سیاسیی لە پشت بێ ئەو کات دەوڵەت یا ڕێکخراوێکی سیاسیی ئەو کردارەی کردوە کە ئەوەش بە ئاشکرا پێشێلکردنی قانوونەکانی ئاڵمانە و بە گشتی پێشێل کردنی سەروەریی سیاسیی و ئەمنیی ئەو وڵاتەیە.

٤. ئەگەر تاوانبارانی میکۆنووس نەدرێن بە دادگا و تاوانەکە ئاشکرا نەکرێ ڕەنگە ببێتە هۆکار بۆ دووبارە بوونەوەی کرداری لەو بابەتە کە کاریگەریی دەبێ لەسەر ئەمنیەتی نێوخۆی ئاڵمان.

٥. سێ کەس لە تێرۆکراوەکان بە ڕەسمی میوانی حیزبی سۆسیالیستی ئاڵمان بوون (د. شەرفکندی، فەتاح عەبدولی، همایون ئەردەڵان) کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ڕیکخراوی سۆسیال ئینترناسیۆناڵ بانگهێشت کرابوون و پاراستنی گیانیان لە ئەستۆی پۆلیسی ئاڵمان بووە.

## گرینگی حوکمی دادگای میکۆنووس

١. یەکەم جار بوو لە مێژووی دادوەریی‌دا لە لایەن دادگای وڵاتێکی دیکە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی وڵاتێک کە هێشتا لەسەر کورسیی دەسەڵات پاڵیان دابۆوە بە تیرۆر و کوشتنی جیابیرانی خۆیان تاوانبار دەکران.

٢. بۆ یەکەم جار بوو لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دوای ئەو هەموو تیرۆرانە بە ڕەسمی لە دادگایەک‌دا بەو ڕستەیە دەناسێندرا «دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نیزامێکی جینایەتکارە».

٣. لە دادگای بێرلین ڕوون کرایەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بردنە پێشی ئامانجە سیاسییەکانی لە تیرۆر وەک کەرەسەی لە نێو بردنی دژبەرانی خۆی کەلکی وەرگرتوە.

٤. بڕیاری دادگای میکۆنووس بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی پێوەندی سیاسیی خۆیان بۆ ماوەی ٧ مانگ لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕابگرن و لە ئاکام‌دا لەگەڵ ئەو نیزامە گەیشتنە ڕێککەوتن کە چیدیکە لە ئەورووپا کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام نەدا.

٥. حوکمی دادگای میکۆنووس پەیامێکی ڕوون بوو کە دەوڵەتە زلهێزەکان و کۆمەڵگای جیهانی بە هەماهەنگی و پێگیر بوونیان دەتوانن لە زۆر بابەت و مەسەلەدا پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەن.

٦. حوکمی دادگای میکۆنووس ئەو ڕاستییەی دەرخست کە ئەو هێزە دەرەکییانە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا لە ژێر فەرمان و بڕیاری ڕێبەری ئێران‌دان تەنیا و تەنیا ئێران وەک کەرەسە چاویان لێ‌دەکا و لە کاتی گیران

و دەستبەسەرکردنیان کۆماری ئیسلامی خۆیان لێ بێ بەری دەکا و هەوڵ دەدا هەموو ئاسەوارەکانی پێوەندیان لەگەڵ تیمی تێرۆر یا دەستە و تاقمی تێرۆریست پاک بکاتەوە  و خۆی لێ بێبەری بکا.

٧. حوکمی دادگای میکۆنووس دەستی ئێرانی ڕوو کرد چونکە دوای دەرچوونی ئەو حوکمە ئیدی کۆماری ئیسلامی وەک جاران نەیتوانی بە بیر و ڕای گشتی ئێران و جیهان بڵێ کە ئەو تێرۆرە کاری دووبەرەکی و یەکتر قەبووڵ نەکردنی ئۆپۆزسیۆنە واتا نەیتوانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە بە سەر ئۆپۆزسیۆن و لایەنی دیکەدا بێنێ و خۆی لێ بێبەری بکا.

٨. حوکمی دادگای میکۆنووس لە نێوخۆی ئێرانیشدا لە لایەن خەڵکەوە کاردانەوەی لێ کەوتەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بوو هەتا ڕادەیەک فەزای سیاسی لە ئێراندا بکاتەوە و ئیسلاح تەڵەبەکان کە خاتەمی نوێنەرایەتیی دەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری باس لەوە دەکەن کە بڕیاری دادگای میکۆنووس ١٠ هەتا ٢٠ لە سەد کاریگەریی بووە لەسەر کردنەوەی فەزای سیاسی و ئازاد لەو سەردەمەدا. بەڵام بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین کاریگەریی بڕیاری دادگای میکۆنووس لەو سەردەمدا لەسەر کرانەوەی فەزای سیاسی لە نێوخۆی ئێران زۆر لەو ڕێژەیە زیاتر بووە کە ئیسلاح تەڵەبەکان باسی دەکەن. ئەوە کە خەڵک و چالاکانی سیاسی نەیانتوانیوە بە شێوەی پێویست کەلک لەو هەلە وەربگرن باسێکی دیکەیە کە ڕەنگە لێرەدا جێگای نەبێ.

لێرەدا پێویستە وەبیر بێنینەوە لەگەڵ ئەوەدا دادگای بێرلین زۆر ئازایانە و چالاکانە و دادپەروەرانە بەڕێوەچوو بەڵام هەتا ئێستا ئەو پەروەندەیە دانەخراوە و نەگەیشتۆتە پلەی کۆتایی خۆی، چونکە هێندێک لایەنی ناڕوونی ماونەوە

کـە هەتـا ئێـرە ڕوون نەکراوەتـەوە کە بۆ نموونە چ کەسـێک زانیاریـی ئاوا ڕوونی هەبووە لەسـەر کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزسـیۆنی ئێرانی؟ مەسـەلەی شـێواوی لـە کاتـی بانگێشـتنەکە بـۆ کۆبوونـەوە بـە مەبەسـت بـووە یـا بـە ڕێکـەوت وای بەسـەر هاتـوە؟ ڕوون نەبۆتـەوە. بڕیـاردەر یـان بڕیاردەرانـی ئـەو تیـرۆرە هەتـا ئێسـتا لـە بـەردەم دادگادا ئامـادە نەبـوون و سـزا نـەدراون. لـەو پێوەندییـەدا ئـەو ئەرکـەی دەکەوێتـە سـەر شـانی تێکۆشـەڕانی دێموکـرات و هەمـوو ئازادیخـوازان ئەوەیـە کـە نابـێ ئیـزن بدەیـن تیـرۆری میکۆنـووس و هەمـوو کـردەوە تێرۆریسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بچنـە خانەی لـە بیرچوونەوە و پێویسـتە بـە دائیـم کار بـۆ ئـەوە بکەیـن کـە لـەو بیـر و زەینـی گەلانـی ئێـران و خەڵکـی کوردسـتان و بیـر و ڕای جیهانـدا بـە زیندوویـی بمێنێتـەوە و سیاسـەتی تێرۆریزم پەروەرەی کۆماری ئیسـلامی زیاتر لە قاو بدرێ، چونکە هەتا ئێسـتای لەگـەڵ بـێ دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسـلامی دەسـتیان لـە تیـرۆری جیابیـران و دژبەرانـی خۆیـان هەڵنەگرتـوە و لـە پـەروەردە و هەنـاردە کردنـی تێرۆریسـت بـۆ دەرەوەی سـنوورەکانی ئێـران خـۆی نەپاراسـتووە.

لێـرەدا پێویسـتە بـە چـاوی ڕەخنەگرانـەش بڕوانینـە هەڵسوکەوتـی هەیئەتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان کـە کەمتەرخەمیـی تـەواوی پێـوە دیـارە لـە حاڵێـکدا دەزانـن کـە کۆمـاری ئیسـلامی دەسـت لە هیـچ جەنایەتێـک ناپارێزێ و تاوانەکانـی سـنوور ناناسـێ. ڕەوانشـاد کاک سـەلامی عەزیـزی کـە خـۆی کەسـایەتییەکی قانوونـی بـوو و بـە وردبینییـەوە بەدوادا چوونی بـۆ هەموو ڕەوتی دادگای میکۆنـووس کـردووە لـە کتێبـی «سـەفەری بـێ گەڕانـەوە»دا کـە بـاس لە کارەسـاتی میکۆنـووس دەکا بـە چەنـد خاڵیـش بـاس لـەو کەمتەرخەمیـە دەکا کە

وەک خۆی نەقڵیان دەکەین.

١. هەیئەتی نوێنەرایەتی کەمتەرخەمی و بێ موبالاتێکی گەورەی لە خۆی نیشان داوە کە بێ ئاگادار کردنەوەی پۆلیس لە شوێنێکی گشتیی ئاوادا بەشداریی لەو کۆبوونەوەدا کردوە.

٢. تیرۆریستەکان پێشووتر ڕێستووران و دەوروبەرەکەی و تەنانەت دیوی کۆبوونەوەکەیان زۆر بە وردی شناسایی کردوە. بۆیە هەر لە ڕێستووران وەژوور کەوتوون یەک ڕاست چوون بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە.

٣. تیرۆریستەکان زانیاریی تەواویان لەسەر شکل و قیافەی هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزب و تەنانەت لەسەر فۆرم و شکڵی دانیشتنەکەیان لە دیوی کۆبوونەوەکەدا هەبووە.

٤. ئامانجی سەرەکی تیرۆریستەکان تەنیا هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب بووە، دەنا زۆر بەهاسانی دەیانتوانی تەواوی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بکوژن.

٥. تیرۆریستەکان لەسەر زەمان و شوێنی کۆبوونەوەکە زانیاریی تەواویان هەبووە.

## کاریگەریی حوکمی دادگای بێرلین لەسەر دژکردەوەی دەوڵەتی ئاڵمان

چەند سەعات دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانی حکوومەتی ئێران لە تێرۆری میکۆنووس پێشێلکردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەیی و نێوخۆی ئاڵمانە هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی لەو بابەتە قەبووڵ بکا.

دوای ئەو ڕاگەیەندراوە:

١. باڵوێزی ئاڵمان لە ئێران بە پەلە بانگ کرایەوە.

٢. کۆتایی هێنان بە سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ئێران هێنرا.

٣. چوار دیپلۆماتی ئێرانی لە ئاڵمان دەرکران.

دوای هەڵویستی ئاڵمان، یەکیەتی ئوورپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوی شۆڕای وەزیران هەڵوێستی دەوڵەتی ئاڵمانیان پەسەند کرد و هەر کام لە دەوڵەتەکان پێوەندی دیپلۆماسیان لەگەڵ ئێران پچڕاند و هەر لەو پێوەندییەدا حکوومەتی ئوستڕالیا و نیووزیلەندیش باڵوێزەکانی خۆیان بانگ کردەوە. هەر چەند دوای ماوەیەک پێوەندیەکان گەڕانەوە دۆخی خۆیان بەڵام لە ڕاستیدا چەند شتی گرینگی لێکەوتەوە:

١. وڵاتانی ئورووپایی بەو شەرتە لەگەڵ ئێران پێوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە کە ئێران چیدیکە لە نێو خاکی ئوروپا کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام نەدا. لە دوای حوکمی دادگای میکۆنووس دەبینین کە کۆماری ئیسلامی هیچ

تیرۆرێکی دیکە لە نێو خاکی ئورووپادا ئەنجام نەداوە.

٢. پۆلیسی وڵاتانی ئوروپایی و دام و دەزگا ئەمنیتیەکانی ئەو وڵاتانە لە جاران زیاتر و وردتر کار و کردەوەکانی سەفارت و دەفتەری نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان خستە ژێر چاودێری خۆیان.

# ڕاپۆرتی ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکانی ئەڵمان لەسەر کازمی دارابی

ئـەو ڕاپۆرتـە لـە بەشـی دووهەمـی بەڵگەکانـی میکۆنـووس لەژێر ناونیشـانی «سیسـتمی جنایـەتکار»دا بـڵاو بۆتـەوە. بـە هۆی ئەمنییەتـی بابەتەکـە، مەتنەکە چـۆن داڕێـژراوە دوای وەرگێـڕان بـە کـوردی وەک خۆیـی لێـرەدا دەیخەینـە بەرچـاوی خوێنـەران.

ڕاپۆرتی BFV (بی.ئێف.ڤێ) ئیدارەی پارێزگاری لە قانوونی بنەڕەتی ئاڵمان

٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٣

VC:Az ١١-٢٧٤ -S-٣٥٠٠٧٠-/٩٣

داوکاریی گشتیی ئاغای دوکتور کورت Kurth لە دیوانی بەرزی وڵات

بابەت: هێرش بۆ سەر ڕێبەرانی کوردی ئێران «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ لە ڕێستورانتی میکۆنووس لە بێرلین.

سەبارەت: بەراپۆرتی ئیداری

سەرچاوە جیاوازە هەواڵنێرییەکان کۆمەڵێک زانیاریان داوە بە BFV، کە ئێمە ئاوا ئاکام گیرییان لێدەکەین.

## ٠١ کازمی دارابی

دارابی کە بە تاوانی بەشداری لە کوشتنی کوردەکان لە زیندان‌دایە، لە ساڵی ١٩٨٠وە دانیشتووی ئاڵمانە. ئەو ئەندامی ڕێبەریی ئەنجومەنی بێرلین لە «یەکیەتیی ئەنجومەنە ئیسلامییە خویندکارە ئێرانیەکانی ئوروپا» (ULSA) یە.

(بڕوانە ژمارە ١-٢) لەبەر ئەو بابەتەکە لەگەڵ حیزبوڵڵا لوبنان (بڕوانە ژمارە ١-٤) کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێران‌دایە بە تایبەتی لەگەڵ ئەندامەکانی دانیشتووی بێرلین پێوەندییەکی نزیکی هەیە. دارابی لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ئەمنییەتی ئێران پێوەندیی هەیە. (بڕوانە ژمارە ١-١).

### ١-١ پێوەندی بە یەکێک لە سازمانە ئیتلاعاتیەکانی ئێران

کازمی دارابی لانی کەم لە کۆتایەکانی دەیەی ٨٠وە هەتا ئیستا بە عینوانی مەئموری سازمانی ئیتلاعاتی ئێران «وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی وڵات» (واواک) کاری کردووە.

ڕوون کردنەوەیەک:

سازمانی ئیتلاعاتی ئێران (واواک) خۆی وەزارەت خانەیەکە و لەو ڕووەوە بەشێکە لە دەولەت. وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت ئەندامی دائیمی شوڕای ئەمنیەتی میللییە کە ڕەفسەنجانی بەرێوەی دەبا و ڕێبازی سیاستەکانی ئەمنیەتی نێوخۆ و دەرەکی دیاری دەکا، وەک بریاردان لەسەر گەڵاڵەی جێبەجێ کردنی ئەو کوشتنانە. لە سەریەک ئەندامانی سازمانە ئیتڵاعاتیەکانی ئێران کە دانیشتووی دەرەوەی ئێرانن ئەندامی واواکن.

### ١-١-١ کازمی دارابی وەک نموونە لەگەڵ دیپلۆماتی ئێرانی

حەسن جەوادی لەدایک بووی ١٩٦١/ تاران

ناوبراو لە ٢٧ی فوریيە ١٩٨٧ هەتا ١٦ی ئوکتۆبری ١٩٨٩ لە باڵوێزخانەی ئێران لە شاری «بۆن» کاری کردووە و پێوەندی هەبووە.

جەوادی یەکێک لە ئەندامانی سازمانی ئیتلاعاتی ئێران (واواک) لە ئاڵمانی فیدراڵ بەرپرسی بەدواکەوتن و لەژێر چاوەدێری گرتنی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بوو. ناوبراو بە بریاری واواک بۆ کارە ئیتلاعاتییەکانی لەگەڵ چەندین کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنە ئیسلامییە خوێندکارە ئێرانییەکانی ئەورووپا پێوەندی هەبووە. لە مارسی ١٩٩٠ دارابی لە هەوڵی پێوەندی گرتن بە جەوادی‌دا بووە لە باڵوێزخانە، چونکە نەیتوانی ناوبراو ببینێ داوای کردوە لەگەڵ جێگری جەوادی دیداری هەبێ بۆ ئەوە ڕاپۆرتی خۆی بداتەوە.

ڕوون کردنەوەیەک:

لە فێوریەی ١٩٩١بە جێگای جەوادی کەسێک بە ناوی «مرتضی غلامی» لەدایک بووی ١٩٥٩/بهشهر ئەندامی واواک کە لە باڵوێزخانەی ئێران کار دەکا، ئەرکەکەی وەئەستۆ گرت.

بێجگە لەوانە دارابی لەگەڵ ئەندامانی سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە بێرلین پێوەندی هەبووە (بروانە ژمارە ١-٢).

## ٢-١-١ دارابی له چوارچێوەی کار و چالاکەیەکانی بۆ سازمانی ئیتلاعاتی ئێران، مەئمووریەتی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ ناسینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی که له ئاوارەیی و دەرەوەی وڵاتدا دەژیان (بەتایبەتی کوردەکان) کۆ دەکردەوە.

کازمی دارابی لە ٢٤ی ئاوریل ١٩٩١ لە ئامانی فرانی کۆنسوولی ئێران لە کۆنسوولگەری بێرلین دەستووری وەرگرت لەسەر بە ئەندامێکی «ئەنجومەنی خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات» (AKSA) ڕێکخراوەی لایەنگری یەکیەتی نیشتمانی (PUK) زانیاری کۆبکاتەوە. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ویستیاری وەدەست خستنی خودمختاری لە عیراقە. دارابی ئەو مەئمووریەتەی وەرگرت.

## ٢-١ کەسانی ئێرانی له پێوەندی لەگەڵ دارابی له بێرلین

دارابی لە تەنیشت چالاکییەکانی بۆ سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە ڕێگای ئەندامەتیی لە ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکاران لە بێرلین لە سازماندان و کار و کردەوەکانی ئەو ئەنجومەنەدا کە لایەنگری ڕێژیم بوون، دەستی هەبووە.

ڕوون کردنەوەیەک:

یەکیەتیی ئەنجومەنەکانی ئیسلامیی خوێندکاران لە ئەورووپا پێکهاتەکەی لایەنگرانی ڕێژیمی ئێرانین. لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژیکەوە لایەنگری لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئایەتوڵڵا خومەینی دەکەن. ئەو ڕێکخراوەیە لەژێر نەزەر وچاودێری و بەرێوەبەریی کەسایەتییە مەزهەبی و سیاسیەکانی ئێرانی دایە. ئەو ڕێکخراوەیە بە هۆی نزیکی لە ڕیژیم، لەگەڵ دامەزراوە ئێرانیەکان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی دامەزراوە دیپلۆماتیکەکان هاوکاری هەیە.

یەکیەتی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی خوێندکاران لە ئەورووپا، بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بەڕێوە چوونی ئامانجی سیاسیی قەبووڵ کردوە. بۆ وێنە لە حوکمی کوشتنی «سەلمان ڕوشد»ی نووسەر پشتیوانی دەکا. لە ڕابردوودا ئەندامانی ئەو یەکیەتییە تێکهەڵچوونی زۆریان هەبووە لەگەڵ ئێرانییەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. دیارترین نموونەیان هێرش بۆ سەر خەوتنگەیەکی خوێندکارییە لە ئاوریلی ١٩٨٢ لە ماینس، کە بوو بە هۆی زیانێکی زۆری ماددی و بریندار بوونی هێندێک لە خوێندکاران. زۆربەی ڕێبەرانی ئێستای ئەو ڕێکخراوەیە بە تایبەتی دارابی لەو هێرشەدا بەشداربوون.

دارابی لەگەڵ برنجیان لەدایک بووی ١٩٥٩/١٠/٢٤ لە تاران و (فەرهاد دیانت سابیت گیلانی) لەدایک بووی ١٩٥٦/٣/٢١ لە تاران، هاوکاریی نزیکی هەیە، ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتی ئەنجومەنەکانی ئیسلامی خوێندکارانی ئەورووپا لە بێرلینە.

بەهمەن برنجیان لە دەوروبەری ساڵی١٩٨٣وە ئەندامی هەئیەت ڕەئیسەی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خویندکاران لە بێرلینە هەروەها ئەندامی یەکیەتی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامیی خوێندکاران لە ئورووپایە. برنجیان وەک دارابی لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵا لە بێرلین پێوەندی هەیە. برنجیان لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ سازمانی ئیتلاعاتی ئێران واواک کار دەکا. یەکێک لە ئاڵقەکانی پەیوەندی ئەو، جەوادی بوو کە ناوبراو ئەندامی سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە باڵوێزخانەی ئێران لە «بۆن» کار دەکا و ئاڵقەی پێوەندیی دارابییش بووە.

بێجگە لەوە برنجیان لەگەڵ مەحموود ئامانی فرانی کۆنسوول لە سەرکۆنسوولی ئێران پێوەندیی هەیە. ئەو بە هۆی پێدانی مەئموریەت بە دارابی بۆ شناسایی ئەندامێکی ئەنجومەنی خوێندکارانی کورد لە دەروەی وڵات

(چاو لە ١-١-٢ بکە)، دەبێ چالاکی ئیتلاعاتی هەبێ. هاوسەری برنجیان سکرتێر (منشی)ی سەرکۆنسوولگەری ئێرانە لە بێرلین.

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، بەهرامی برنجیان لەدایک بووی ١٩٦٢ لە ئێران، برای بهمن برنجیانە، کلیلی ئەوماڵەی کە تاوانباران کەلکیان لێ وەرگرتووە لە «محمد اشتیاقی» (کرێگرتە) پێش لە سەفەرەکەی بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئوتی ١٩٩٢ وەرگرتوە. فەرهاد دیانت سابت گیلانی کە لە ژوئین ١٩٨٩وە لە بێرلین دەژی لە دۆستە نزیکەکانی دارابی و بەهمن برنجیانە. ناوبراو لەساڵی ١٩٨٢وە ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتیی ئەنجومەنەکانی ئیسلامی خوێندکارانی ئێرانی نیشتەجێ لە ئوروپایە. لە ٢٤ی ئاوریل ١٩٨٢ هاوڕێ لەگەڵ دارابی لە تێکهەڵچوونی توندئاژۆیانەی نێوان لایەنگرانی ڕێژیم لە لایەک و ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لەلایەکی دیکە لە خەوتنگەی خوێندکارانی زانکۆی ماینس بەشداریی کردووە. (بڕوانە ٢-١)«دیانت سابت گیلانی»ش پێوەندیی بە سازمانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە هەیە. لایەنی پێوەندییەکانی ئەو لەساڵی ١٩٨٩ حەسەن جەوادی ئەندامی سازمانی ئیتلاعات بووە. دیانت سابیت گیلانی دەبووایە ناوی ئەو کەسانەی ئۆپۆزیسیون بدا بە حەسن جەوادی کە لە هێرش بۆ سەر ژووری ئێران لە حەتووی سەوز «هفته سبز»ی بێرلین لە ساڵی ١٩٨٩ بەشدار بوون. لە نوامبری ١٩٩٢ دیانت

سابت گیلانی لەگەڵ کەسێک بە ناوی «مرتضی غلامی» ئەندامی سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە باڵوێزخانە پێوەندیی بووە. هەروەها دارابی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لە بێرلین لەگەڵ سەرکۆنسوولگەریی ئێران لە پێوەندییدا بووە. بێجگە لەسەرکۆنسوولگەری، گرینگترین پێوەندیی ئەو لەگەڵ «محمد امانی فرانی» (بروانە بە ١-١-٢) لەدایک بووی ١٩٥٤ «ادستان Adestan» بووە. ئەمانی فرانی لە ڕێکەوتی ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ هەتا ٣ی فێوریەی ١٩٨٧ ڕەسمەن وابەستەی باڵوێزخانەی ئێران لە»بۆن»ی لە ئەستۆیە و لەو پلەیە لە بەرپرسایەتییدا بووە، بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە کاروباری خوێندکاران بە تایبەتی خوێندکارانی یەکیەتی ئەنجومەنی خوێندکارانی ئیسلامیی ئێران لە ئوروپا بوو، لە دوایی‌دا بوو بە کۆنسولی ئێران لەسەر کۆنسولگەری ئێران لە فرانکفۆرت. لە ٦ی مارسی١٩٩٠ بە عینوانی وابەستەی کۆنسوولی لەسەر کۆنسولی ئێران لە بێرلین کاری کردوە.

## ١-٣ دارایی ئەندامی سپای پاسدارانە

ڕوون کردنەوە :

پاسداران (پاسدارانی ئینقلاب، پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی) لە ساڵی ١٩٧٩ وەک یەکەیەکی نیزامیی چالاک و لایەنگری ڕەهای سیستمی مەزهەبیی تیئۆکراتیک لە ئێران پێکهات. پاسداران وەزیفەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە پێکهێنانی یەکەی پاراستن، کونترۆڵ و لەژێر چاودێر گرتنی حیجابی ئیسلامی و هتد... لە ڕەوتی سەقامگیر بوونی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران سپای پاسدارانیش بوو بە دامەزراوەیەکی دائیمی و ڕەسمی و گرینگی سیاسی. سپای پاسداران هەتا سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ لە تەنیشت ئەرتەش پێکهاتەیەکی نیزامیی سەربەخۆی پێک هێنابوو. لەو نێوەدا هەردوو هێزی چەکدار (سپا و ئەرتەش) لەژێر فەرماندەیەکدا بوون. پاسداران لە تەنیشت ئەرکی نیزامی وەک بەشداری لە شەڕی ئێران و عێراق، ئەرکی دیکەشیان لە ئەستۆ بوو. یەکێک لە ئەرکەکانیان ئەوەیە کە یەکەکانی پاسداران لە پەروەردە و پشتیوانی لە جووڵانەوە ئازادیخوازەکانی شۆرشی ئیسلامی وەک «حیزبوڵڵا»، «حماس» و هی دیکە بەشدار دەبن. بوونی یەکەیەکی سەربەخۆ بە ناوی سپای قودس کە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە کار و چالاکی هەیە، خاوەنی دەستەیەکی تایبەتە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی و هێرش بۆ سەر دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کە گرینگیەکی تایبەتی هەیە.

## ٤-١ چالاکی دارایی لە پێوەندی لەگەڵ حیزبوڵڵا

### ١-٤-١ دارایی لە خاکی ئاڵماندا بە عینوانی پێوەندی نێوان حیزبوڵڵا و دامەزراوەکانی ئێرانی کار دەکا.

ڕوون کردنەوە:

حیزبوڵڵا سازمانی شیعە ڕادیکاڵەکانی لوبنانە، بەرپرسایەتیی زۆربەی کارە تێرۆریستیەکان، فڕۆکە دزین و بارمتەگرتنی خاریجییەکان بە لایەنی زۆری ئەو ڕۆژئاوایانەی نیشتەجێی لوبنان دەگرێتەوە، ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٣ بەولاوە ناسراوە.

بەرچاوترین چالاکییە تێرۆریستیەکانی ئەوان بریتی بوون لە:[٣]

– تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیرووت لە ١٩٨٣/٤/١٨ (٦٦ کوژراو و ١٢٠ بریندار).

– تەقاندنەوەی ناوەندی «یەکەکانی چەند نەتەوەیی ئاشتی» فەڕانسەوی و ئەمریکایی لە لوبنان ١٩٨٣/١٠/٢٣ (٣١٣ کوژراو و ٨٥ بریندار).

– تەقاندنەوەی دامەزراوەی ئەمریکی، فەڕانسەوی و کوەیتی لە کوەیت لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/١٢/١٢ (٦ کوژراو).

٣ ئەو ڕاپۆرتە تەنیا ئەو کردەوە تێرۆریستیانە دەگرێتەوە کە لە ڕوانگەی لێکۆڵەرانی دۆسییەی میکۆنووس هەتا ڕێکەوتەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە کۆماری ئیسلامی دارێژەر و یا پاڵپشتیان بووە.

– ڕیزە تەقینەوەیەک لە دامەزراوە گشتیەکانی فەڕانسە وەک سووپەرمارکێتەکان و ئیزگای مێترۆ لە دیسامبری ١٩٨٥ هەتا سێپتامبری ١٩٨٦.

– تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە بۆینس ئایریس لە ١٩٩٢/٣/١٧ (٢٠ کوژراو و ٢٠٠ بریندار )

ڕۆڵی دارابی پێش لە هەموو شتێک هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێ لەسەر چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لە خاکی ئاڵمان بە قازانجی ئێران.

دارابی هەتا ١٩٨٩ یەکێک بوو لە ڕێبەرانی «ناوەندی وەحدەتی ئیسلامی» لە بێرلین، هەڵکەوتوو لە شەقامی ڕایشن‌بێرگێر Rechenberger ژمارە ١٢٥، ئەو شوێنە ناوەندی چاوپێکەوتنی ئەندامانی ڕێکخراوە شیعەکان لە بێرلینی ڕۆژئاوا بوو. دارابی ئێستاش ڕێکخەر و دابینکەری ماڵی موسوڵمانانی شیعەیە لە بێرلین، بۆ بەشداری لە خۆپێشاندانە سەرانسەرییەکان وەک خۆپێشاندانی ساڵانەی بە ئیستلاح ڕۆژی قودس لە بۆن و پێک‌هێنانی جەلەساتی نێوخۆیی. دارابی لە بواری دابین‌کردنی پشتیوانی ماڵی بۆ گرووپەکانی حیزبوڵڵا لە ئاڵمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە. [٤]

٤ هەر وەکی پێشتر ئیشارە پێ کراو ئەو ڕاپۆرتە دەزگا ئەمنییەتیەکان کازمی دارابی بۆ داواکاری‌گشتی لە دیوانی بەرزی ئاڵمان ئامادەکراوە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە کە دارابی وەک کارگێڕێکی چالاک لە پشت کردەوە تیرۆریستیەکەی ڕێستوورانتی میکۆنووس.

١-٤-٢ له ڕێکەوتی ٩/١٢ هەتا ١٩٩١/١٠/١٣ له لایەن دامەزراوەیەکی ڕەسمی ئێران له دۆسلدۆرف فێستیواڵێکی فەرهەنگی بەرێوە چوو که له ماوەی بەرێوەچوونی ئەو فیستیواڵەدا له نێوان لایەنگرانی ڕێژیم و ئۆپۆزیسیون تێکهەڵچوون ڕووی‌دا.

بۆ ئەو کارە کازمی دارابی مەئموریەتی هەبووە کە دۆستانی عەرەبی خۆی بەسیج بکا و ڕەوانەی دۆسلدرۆف‌یان بکا. لەو تێکهەڵچوونەی باسمان کرد کە لەگەڵ لایەنگرانی موجاهدین خەلقی ئێران بووە ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان بەشدار بوون.

١-٤-٣ کازمی دارابی له نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ یوسف ئەمین پێوەندیی هەبووە (بڕوانه ژمارە ٢). بێجگە لەوە له کۆتایەکانی ساڵی ١٩٩١وە لەگەڵ عەبباس ڕاحیل (بڕوانه ژمارە ٣) و ئەبوو جەعفەر (بڕوانه ژمارە ٤) پێوەندیی هەیە.

١-٥ زانیاری دیکه

بێجگە لە دارابی و دەوروبەرەکەی لە بێرلین، ئەندامانی ئیتلاعاتی ئێران لە کوشتاری میکۆنووس‌دا بەشدار بوون. ئەندامانی سازمانی ئیتلاعاتی پێش لە هێرشەکە لە بێرلین بوون شوێنی چالاکی و ڕێگاکانی هەڵاتنیان شناسایی کردووە.

(ئەندامانی سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە دەوروبەری ٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ هاتوونەتە بێرلین).

بەشێک لە شۆڕای بەرێوەبەران[٥] بۆ چالاکی دەرەوەی وڵات لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران ڕاستەوخۆ بەشداری تێرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد لە ١٧ی سیپتامبر ١٩٩٢دا بوون. ئەو بەشە لە بەرپرسایەتی کوشتنەکانە بە عینوانی یەکەی چالاکی تایبەت «عملیات ویژە Amaliat-c Wige» ناسراوە. ماوەیەکی زۆرە بە دوای ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوەن. وەک نموونە تیمێک لەو بەشە ڕاستەوخۆ بەرپرسی کوشتنی دوکتور قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران لە سەرەتایەکانی مانگی سێپتامبر پێش تێرۆرەکە تیمێکی ناردە بێرلین، ئەو تیمە لەگەڵ هاوکارەکانیان لە بێرلین گەیشتنە ڕێکەوتن. زانیاریان کۆ کردەوە و نەخشەی کۆتایی تێرۆرەکەیان داڕشت و دیاری کرد.

ئەو تیمە پێش لە کرداری تێرۆرەکە شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە یارمەتی سیخوڕێکی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێران بە شێوەیەکی ورد هەڵنابوو. ئەو سیخوڕە لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لە پێوەندی ڕاستەوخۆدا بووە و بەپێی ڕاپۆرتەکان لە کاتی تێرۆرەکە لە ڕێستورانەکە ئامادەبووە[٦]. بە پێی نەخشەی هەڵاتن کە لە پێشدا بە وردی

٥ لێرە دا مەبەست لە شورای بەرێوەبەران دەبێ شورای ئەمنییەتی میللی بێت.

٦ ئەو خالە گرینگە، بەداخەوە هەتا ئێستا نە پۆلیسی ئاڵمان و نە حیزبی دیموکراتیش ئەو کەس یا کەسانەیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە کە چۆن تێرۆریستەکان ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە و شوێنی دانیشتنی هەیئەتی حیزب بوون. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە و قسەی هێندێک لە شاهیدەکان کە لە دواییدا ڕوخساری تێرۆریستەکانیان ناسیوەتەوە پێش کردارە تێرۆریستیەکە سەردانی ڕێستوورانتی میکۆنووسیان کردووە.

دارێژراببوو، ئەو تیمە دوای تیرۆرەکە لە بێرلینەوە دەگەڕێنەوە بۆ تاران.

## ۰۲ یوسف ئەمین

ئیمکانی زۆری هەیە ئەمین هەمان «یوسف محمد السید امین» بێ. السیدامین ئەندامی حیزبوڵڵایە و بۆ تاقمی «مقاومت اسلامی» سەر بە حیزبوڵڵا لە ساڵەکانی ۱۹۸۳ - ۱۹۸٤ لە لوبنان کاری ڕاگواستنی ماددەی تەقینەوەی کردووە.

ڕوون کردنەوە :

«مقاومت اسلامی» (المقاومة الاسلامیه) بەشێکە لە حیزبوڵڵا و لقی چەکداری ئەو ڕێکخراوەیە. ئەو لقە لە حیزبوڵڵا بەگووتەی خۆیان بەرپرسیاری ئەرکی ڕۆژانەی مقاومەتە. ناوچەی ئەسڵی چالاکییەکانی ئەو لقە لە حیزبوڵڵا ڕۆژهەلاتی نیزیک و نێوەڕاستە، بەتایبەتی باشووری لوبنان. لە هەمان کاتدا چالاکییە تێرۆریستیەکانی ئەو بەشە لە حیزبوڵڵا لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەش ناسراوە وەک هێرش بۆ سەرکەنیسەیەک لە سپتامبری ۱۹۸٦ لە شاری ئیستامبوڵ.

## ۰۳ عەبباس ڕاحیل

ڕاحیل وەک ئەندامی حیزبوڵڵا لە بێرلین ناسراوە. ناوبراو لە یەکێک لە ناوەندەکانی ئامووزشی نیزامی ئێران بۆ چالاکی تێرۆریستی ئاموزشی نیزامی دیتووە. لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۸٦–۱۹۸۵ ئاموزشی مەلەوانی ژێرئاوی (غواصی) لە ئێران دیتوە. ناوبراو ژمارەی تەلەفوونی دارابی بۆ پێوەندی کردن پێ بووە.

## ٠٤ «فضل الله حيدر» ناسراو بە «ابوجعفر»

حیدر وەک ڕێبەری حیزبوڵڵا لە ناوچەی «اوزنابروک» کەسێکی ناسراوە. زانیاری لە بەردەست دایە لەسەر ئەندامەتی حەیدەر لە «مقاومتە اسلامیە» (بروانە ژمارە ٢). حەیدەر هەڵاتووە.

لە سەرەتایەکانی مانگی نوامبری ١٩٩٢ حەیدەر لە لوبنانەوە هەواڵی ناردووە کە ناگەڕێتەوە بۆ ئاڵمان. پێشنیاری پێی کراوە بچێتە ئێران و ئەگەری ئەوە هەیە لە بواری نیزامی‌دا دەست بەکار بێ.

## ٠٥ هەڵوێستی عەلی فەلاحیان وەزیری (واواک) لە ٣٠ی ئوتی ١٩٩٢

٥-١ فەلاحیان لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئوتی ١٩٩٢لە تەلەویزیوونی ڕەسمی ئێران باسی لە سەرکەوتنەکانی خۆیان کرد کە ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە و هەڵوێستی ڕەسمی وەزارەتی ئیتلاعاتی سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەربڕی و گووتی:

«ئێمە توانیومانە لە دەرەوەی وڵات یا لەسەر خەتی سنووری زەربەی کاریگەر لەو تاقم و گرووپانە بدەین. هەر بەو جۆرە هەمووتان دەزانن، یەکێک لەو گرووپە چالاکانە حیزبی دێموکرات (کورد) (مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە دوو جناحی هەیە). گرۆپی ئەسلی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و گرۆپی فەرعی (حیزبی دێموکراتی کوردستان -ڕێبەرایەتی شۆرشگێر).

ڕوون کردنەوە :

مەبەستی عەلی فەلاحیان لە زەربەی کاریگەر ئیحتمالەن ئاماژە بە تیرۆری د. قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۹۸۹ لە ڤییەن بوو بێ.

سەبارەت بە گروپەکان «گروهک‌ها» کە عەلی فلاحیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە بەشێک لەوان داناوە، گوتی ئێمە هەر بە دوایانەوە دەبین.

«ئێمە چالاکیی خۆمان ئیدامە دەدەین. لە ئێستادا بە دوایانەوەین و لە دەرەوەی وڵاتیش بە دائیمی لە ژێر چاوەدێرماندان. ئێمە لە نێو ڕێبەریی ئەواندا دەستمان هەیە و ئاگامان لە چالاکییەکانی ئەوان هەیە. شوکری خوا کە دەتوانین هەموو چالاکییەکانی ئەوان لەژێر چاودێری بگرین.»

## ٥-٢ هەڵسەنگاندن

ئەو دیمانە تەلویزیۆنییە ئەوە سابت دەکا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە گرینگ‌ترین ئامانجەکانی شناسایی سازمانەکانی ئیتلاعاتیی ئێران بووە.

هەر بەو جۆرە کە هەموومان دەزانین، شەڕفکەندی کە لە ١٧ ی سێپتامبر ۱۹۹۲ لە بێرلین تیرۆر کرا، ڕەسمن لایەنگری خودموختاری کوردەکان لە چوارچێوەی تەواویەتی ئەرزی ئێراندا بوو، و بۆ هەماهەنگ کردنی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە هەوڵدابوو و بۆ ئەو مەبەستە سەفەری دەکرد. لە چوارچێوەی بەشداری کردن لە سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ SI دوکتور شەڕەفکندی بۆ بیرو ڕاگۆڕینەوە چاوی بە جەلال تاڵەبانی ڕێبەری «یەکیەتی نیشتمانی PUK دەکەوێ. ئیحتمالەن شەڕفکندی لەبەر وەزعی گشتیی خراپی

کوردان بە تایبەتی لەو مانگانەی دوایی‌دا بۆ هاوکاری و هەماهەنگ کردنی کوردەکان خاریج لە سنوورەکان کاری دەکرد. دەتوانین بڵێین کردەوەکانی شەڕەفکەندی ئیدامەی ڕێبازی قاسملوو بوو کە لەساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن تێرۆر کرا. ئەو بابەتە کە هەوڵدان بۆ لێک نزیک کردنەوەی ئۆپۆزیسیون و هەماهەنگ کردنی ئەوان، دەتوانی پاڵنەری کوشتنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێت. بەڕێوە بردنی کوشتاری بێرلین، ئیدامە و سوور بوونی ئەو ڕێکارە بوو کە وەزیری سازمانی ئیتلاعات (فلاحیان) خۆی باسی کرد و شی کردەوە. یانی ستراتیژی وەدوا کەوتن و شناسایی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەچاو بکرێ.

# دادگای میکۆنووس
# و
# "نەقاشی قاوەخانە"

لێرە بەدواوە وڵامدانەوە بە بیرەوەریەکانی کازمی دارابی کە لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی نەقاشی قاوەخانە لە هەوڵی نیشان دانی بێتاوانی خۆیەتی و دەیهەوێ بە بیروڕای خەڵکی ئێران لە لایەک و خوێنەری کورد لە لایەکی دیکە بیسەلمێنێ کە لەو کردارە تێرۆریستیەدا تاوانبار نەبووە و پۆلیس و دادگای ئاڵمان لەژێر گوشاری ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی (ئەمریکا و بریتانیا) و دەوڵەتی ئیسرایلیش ئەو حوکمەی بەسەردا سەپاوە. هەوڵ و تەقەلای کازمی دارابی بۆ ئەو پاکانەیە ڕەنگە ئەوە بێت کە بزانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی زۆری نەماوە و بەنەمانی ئەو نیزامە سەری ئەو و سەدانی وەک ئەو بێکڵاو دەمێنیتەوە و فریشتەی داد بەرۆکیان دەگرێ. ڕێستورانی میکۆنووس ئەو شوێنە بوو کە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تێدا شەهید کران و بە دوای ئەوەدا دەزگای قەزایی ئاڵمان لە بێرلین دادگایەکی پێک هێنا کە بە دادگای میکۆنووس ناوی دەرکرد. دەتوانین بڵێین ئەو دادگایە لە دوای دادگایی تاوانبارانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی لە

بـواری کاتـەوە درێژتریـن دادگا بـووە کـە سـێ سـاڵ و نیوی کێشـا و تێچوویەکی ماددیـی زۆری بـۆ دەوڵەتـی ئاڵمـان هەڵگـرت. هـاوکات فشـار و هەڕەشـەی زۆر لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە لەسـەر دەوڵەتـی ئاڵمـان بـوو تـا ڕەوتـی دادگایی کردنەکـە ڕابگـرێ. بەڕێوەچوونـی ئـەم دادگایـە لێکەوتـەی سیاسـی بەربەرینـی لە پێوەندیـی دیپلۆماتیـک لـە نێـوان ئێـران و وڵاتانـی ئورووپایـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا. بـەڵام سیسـتمی قەزایـی ئاڵمان بەو هەموو فشـارە سیاسـی و دیپلۆماتیکە کـە لەسـەری بـوو توانـی بـە سـەرکەوتووییەوە ئەرکـی دادپەروەریـی خـۆی بەجـێ بگەیەنێ و بیسەلمێنێ کە سیستمی قەزایی ئاڵمان لە کاری دادوەری و قەزاوەتدا سـەربەخۆیە و ڕەوتی ئەو دادگایە ئەوەشـی سـەلماند کە لە هەر وڵاتێکدا دەزگای قەزایـی سـەربەخۆ هەبـێ، دادپـەروەری بەڕێـوە دەچـێ و قانـوون و دادپـەروەری نابنـە فیـدای سات‌وسـەودای نێـوان بەرژەوندیـی دەوڵەتـەکان.

دوای سـێ سـاڵ و نیـو سـەرەنجام دادگا حوکمـی خـۆی لەسـەر تاونـباران ڕاگەیاند و هەرکام لە دەس‌بەسـەر کراوەکان بە پێی ڕادەی بەشـدارییان لە کردەوە تێرۆریسـتییەکەدا حوکـم دران. هـاوکات بـۆ یەکـەم جـار بوو لە مێـژووی قەزایی جیهانـدا لـە لایـەن دادگایەکـەوە سیسـتمی سیاسـیی دەوڵەتێـک کـە لەسـەر حوکم و دەسـەڵات بـوو، تاوانبـار دەکـرا بـە بکەری ئەسـڵیی ئەو کردەوە تێرۆریسـتییە و ئـەم کردەوەیـە بـە تێـرۆری دەوڵەتـی ناودێرکـرا و، بڕیاردەرانـی ئەسـڵیی تێرۆرەکە لـە ڕادەی سـەرەوەی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بـوون، بـە شـێوەی غیابـی حوکـم دران. لـەو حوکمـەی کـە لـە ١٠ی ئاوریلـی سـاڵی ١٩٩٧ لـە بەشـی یەکـی دادگای جنایـی ئاڵمانـدا خوێندەرایـەوە، دەوڵەتی کۆماری ئیسـلامی بە سیسـتمی جینایـەتکار ناودێـر کرا.

یەکێک لەو تاوانبارانەی کە حوکمی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە کازمی دارابی بوو. ناوبراو دوای پازدە ساڵ و دوو مانگ گیران و دوای کێشانی یەک لەسەر سێی ماوەی حوکمەکەی ئازاد کرا. ناوبراو هەر ئەو ڕۆژەی ئازاد دەکرێ دەوڵەتی ئاڵمان ڕەوانەی ئێرانی دەکاتەوە و لە فڕۆکەخانەی تاران بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ڕێژیم پێشوازیی لێدەکەن. ناوبراو دوای یازدە ساڵ لە ئازاد بوونی و نیزیک بە ٢٧ ساڵ پاش تێرۆری میکۆنووس، لە دووتوێی کتێبێکدا لەژێر ناوی «نەقاشی قاوەخانە» (نقاشی قهوخانه) باس لە ڕووداوی میکۆنووس و ڕەوتی دادگا دەکا و لە هەموو کتێبەکەدا هەوڵ دەدا کە خۆی بێتاوان نیشان بدا و لە ڕێگای بێتاوانیی خۆیەوە بێتاوانیی کۆماری ئیسلامییش بسەلمێنێ.

هەروەها نووسەری کتێبەکە لە لاپەڕەی ١٣ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا بە نووسینێکی ئەدەبی حوکمی بێتاوانیی کازمی دارابی داوە و دەنووسێ: «عەمەلیاتی بێرلین لاپەڕەیەک لە مێژووی سووتاند و کردی بە خۆڵەمێش و، ڕێستوورانی میکۆنووس بوو بە فەرامۆشخانە. دەفتەری میکۆنووس پڕە لە ڕق و کینە، دوژمنی و تۆڵە [...] و لە کۆتاییدا خەفەت. لە میکۆنووس خۆشەویستی ڕەنگی خوێنی گرت و فەوتا، بەڵام جارێکی دیکە لە خۆڵەمێشی مێژوو بەهۆی پاڕانەوە و ناڵەی شەوانە لە کونجی زیندان وەک قۆقنووس سەری هەڵداوە و بەرەو ناخی زیندانییەک هەڵفڕی... بۆ ئەوە ئەو زیندانییە ئەو بێدەنگییەی مێژوو بشکێنێ.»

ئەو نووسینە حەقیقەتی تێدایە بەڵام نەک ئەو حەقیقەتەی نووسەر و بگێڕەوەی کتێبی نەقاشیی قاوەخانە بەدوایەوەن بۆ سابیت کردنی، بەڵکوو

پێچەوانەکەی دروستە و کە بگوترێ تێرۆری بێرلین لاپەڕەیەکی لە مێژووی ئازادیخوازی و مافویستیی گەلی کوردی سووتاند، بەڵام ڕێستوورانی میکۆنووس نەبۆتە فەرامۆشخانە بەڵکوو هۆکارێک بوو لە شەوەزەنگی بێدادیدا فریشتەی دادپەروەری وەخەبەر بێ و بۆ جارێکیش بێ چەکوچی دادپەروەری لە تەپڵەسەری دێوەزمەی بێدادی بدا. ئەوەش ڕاستە دەفتەری میکۆنووس پڕ بوو لە خۆشەویستی، بەڵام ئەوە دێوەزمەی تامەزرۆ بە خوێن بوو کە ئایەتی مەرگی پێدا پژاند. هەروەها ئەوە نزا و پاڕانەوەی زیندانییەکی دەست بە خوێن نییە کە لە سووچی زیندان بە هۆی پاڕانەوە و ڕاز و نیازی شەوانەی لەگەڵ پەروەردگار وەک قۆقنووس لە ناخی باڵی گرتبێ بۆ دەربڕینی حەقیقەت، بەڵکوو شەڕی دەروونیی ئەو زیندانییەیە کە ماوەی ٢٧ ساڵ ویژدانی عەزابی دەدا کە لە پێناوی چیدا هەم گیانی چوار کەسی ڕێبواری ئازادی و مرۆڤایەتی ئەستاندوە و هەم بۆخۆی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەحەمولی دادگا و لێکۆڵینەوە و زیندانی کردوە و لە هەمان کاتدا دوور بوون لە ژن و منداڵ و بێبەشی لە ئازادیی تاکەکەسیی چێشتووە. چونکە ئێستا دەبینێ ئەو بەهەشتەی ئەو ئامادە بوو لە پێناویدا گیانی مرۆڤەکان بستێنێ و تەنانەت خۆی و منداڵەکانیشی فیدا بکا، تەنیا دۆزەخێکە و بەس. دوای تێپەڕ بوونی چل ساڵ بە سەر دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، ئەو نیزامە نەک سەقامگیر نەبووە بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گەلانی ئێران لێی بێزراوتر دەبن و کازمی دارابی ئەو ڕاستییانە بە چاوی خۆی دەبینێ و دەزانێ ئەوی ئەو کردوویەتی هیچ قازانجی لێ نەکردوە تەنیا عەزابی ویژدانی بۆ ماوەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە دەتوانین هەر لە وتەکانی کازمی دارابی کە لە کتێبەکەدا کردوویەتی، کەلک وەربگرین.

کاتێک کازمی دارابی لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە دەس بەسەر دەکرێ و دوای لێپرسینەوەیەکی کورت لە زیندانی کاتیی دەکەن، کاتێک شەوی بەسەردا دێ لە لاپەڕەی ١٢٨ی کتێبەکەدا ئاوا دەڵێ: «لە نێوان نوێژی شێوان و نوێژی خەوتنان دڵم پڕ بوو و خۆم پێ ڕانەگیرا و فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ، بۆ نانی شێوان دوو لەتکە نان و قاشێک پەنیر لەگەڵ ئیستیکانێک چایان بۆ هێنام، بەبێ مەیلی خواردم، شەوێک بە هەموو تاریکی و ڕەشیی خۆی لە ڕێگادا بوو، خەو لەگەڵ من غەریبە بوو، پەیتاپەیتا لە خۆم دەپرسی کازم لێرە چ دەکەی؟ [...] چەند جار بە لەپی دەستم لە نێوچاوان و لە ئەژنۆی خۆمم دا و تفم لە بەختی ڕەشی خۆم کرد.» ئەوە قسەکانی کازمی دارابیین لە یەکەم شەوی دەس بەسەرکرانیدا. دەبینین هەر لە یەکەم شەوی زینداندا تووشی عەزابی ویژدان بووە و کاتێک هاوکار بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو پیلانە تێرۆریستییە و بەدوای ڕاپەڕاندن و ڕێکوپێک کردنی پیلانەکەدا بووە، قەت پێی وا نەبوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدانە و ئاهوناڵەی خەڵکی سەرکوتکراوی کورد بەرۆکی خۆی و ئاغاکانی دەگرێ، بۆیە لێکدالێکدا پرسیار لە خۆی دەکا کازم لێرە چ دەکەی، کەسێک لە تاوانێکدا کە ڕووی داوە بێتاوان بێ و هیچ لە خۆیدا شک نەبا هەر لە یەکەم شەودا گریان بەرۆکی ناگرێ و بە لەپی دەستی لە نێوچاوانی خۆی نادا و تف لە بەختی ڕەشی خۆی ناکا، بەڵکوو هەوڵ دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و بزانێ لە کوێ هەڵە کراوە کە بۆتە هۆکاری تاوانبارکردنی ئەو.

نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە و کازمی دارابی کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە لە دەستپێکی کتێبەکە هەتا کۆتایی بە دوای ئەوەوەن کە کازمی

دارابی بێتاوان نیشان بدەن و لە تەنیشت بێتاوانیی ناوبراو هەوڵی ئەوەیانە کە پاکانەش بۆ کۆماری ئیسلامی بکەن. بەڵام لە هەموو کتێبەکەدا کە بە قسەی خۆیان کتێبێکی تەحقیقییە و مەبەستیان ئاشکراکردنی ڕاستیی ڕووداوەکەیە هیچی نوێی تێدا نییە کە سەرەداوێکی نوێ بدا بۆ دەرکەوتنی حەقیقەتی نوێ و لە هەمان کاتدا تەنانەت هیچی وای تێدا نییە کە مەحکەمە پەسەند بێ بۆ ئیسباتی بێتاوانیی کازمی دارابی، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لە هەمووی کتێبەکەدا کازمی دارابی دەیهەوێ ئەوە بسەلمێنێ دادگای بێرلین کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دژەشۆڕشی ئێران. بەبێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن کە هێزەکانی دژەشۆڕشی ئێران و یا بە واتایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بواری ئابووری و تەنانەت سیاسییەوە چیان بە دەستەوە بوو کە دەزگای قەزایی ئاڵمان لەبەر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی خۆی، کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتداری ئێرانی پڕ خێروبەرەکەتە بۆ بازاڕی ئاڵمان لە خۆیانی بڕەنجێنێ و کێشەی ئابووری و سیاسی بۆ دەوڵەتەکەی خۆی ساز بکا؟ لە بارەی پێوەندیی ئابووریی دوو دەوڵەتی ئێران و ئاڵمان، ڕۆئیا حەکاکیان لە لاپەڕەی ٧٠ی کتێبی پیاو کوژانی کۆشکی فیرووزەدا دەڵێ: «هەتا پێش ساڵی ١٩٩٢ ڕەقەمی حیسابەکانی نێوان دوو میللەت گەیشتبوە پێنج میلیارد دۆلار و لە ئاکامدا ئاڵمان ببوو بە شەریکێکی بە دەسەڵاتی ئابووری لە ئێراندا. سەرمایەی ئێران لە پشکەکان (سهام)ی ئاڵماندا لە ٢٠٠ میلیۆن فرانک تێپەڕیبوو. ئەو دوو دەوڵەتە پتر لە سێ سەد نوێنەری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و قانوونیدا ناردبووە وڵاتی یەکتر کە نیوەیان ئەندامی پارلمانی ئەو دوو لایەنە بوون.» کازمی دارابی ئەو پێوەندییە ئابووری و سیاسییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا نابینێ و یا خۆی لە ئاستی کڕ

دەکا و یا پێی وایە مادام ئەو پێوەندییە سیاسیی و ئابوورییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە دەبوایە دەوڵەتی ئاڵمان ئەو کردەوە تێرۆریستییە بە جۆرێک لە جۆرەکان پووش بەسەر بکا؛ بە جۆرێک کە ئێران زیانی پێ نەگا. بەڵام هەڵەی ناوبراو لەوەدایە کە ناتوانێ سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئاڵمان ببینێ. دەزگای قەزایی ئاڵمان لانیکەم مێژوویەکی پێنج سەد ساڵەی هەیە و لە هەمان کاتدا تێرۆر و کوشتنی چوار کەس لە نێو شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان جۆرێک لەژێر پێ نانی غروور و کەرامەتی ئاڵمانییەکان بوو، ئەوەیان بۆ قەبووڵ نەدەکرا کە وڵاتەکەیان لە بەر ساتوسەودای بازرگانی ببێتە شوێنی ڕمبازێنی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەوە بوو کە داواکاریی گشتیی ئاڵمان لە ڕاگەیەندراوێکدا کردنەوەی پەروەندەیەک بۆ ئەم جینایەتە و دەستبەکار بوون و وەگەڕخستنی ئەم پەروەندەیەی ڕاگەیاند.

دادئەستێنی یا بە واتایەکی دیکە داواکاریی گشتیی ئاڵمان دوای کارەساتی ڕێستورانی میکۆنووس هاتە مەیدان و لە ڕاگەیەندراوێکدا کە ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٨ بڵاوی کردەوە، هۆکاری دەستبەکار بوونی خۆیان بۆ بەدوادا چوونی ئەو تێرۆرە، بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی ئاڵمان ڕوون کردەوە. ئێمە لێرەدا بەشێک لەو ڕاگەیەندراوە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەر:

«[...] ئەگەر لەو حاڵەتەی دواییدا، تاوان لە ڕاستییدا کردارێکی تۆڵەکردنەوە و یا بە سزاگەیاندن لە لایەن ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ئێران بێ و ئەوە سابیت بێ، ئەو جۆرە کردەوانەی دەوڵەتە بیانییەکان لەسەر خاکی کۆماری فیدراڵی ئاڵمان، ئەمنییەتی نێوخۆیی کۆماری فیدراڵ دەخەنە مەترسییەوە. لەو حاڵەتەدا ڕەوتی کار گرینگییەکی تایبەت بە خۆیەوە دەگرێ، لەو ڕووەوە

دادئەستێنی گشتی لە دیوانی بەرزی وڵات بە مەبەستی وەرگرتنی حەقی خۆی وەک سکاڵاکەر لە دادگا پاڵپشت بە مادەی ١٤٢، فەقەرەی ئەلف، بەندی یەک و مادەی ١٢٠، بەندی ژمارە ٣ لە قانوونی دادوەری GVG ئەو ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ [...]».

دەبینین لەبەر هەستیاریی کۆمەڵگای ئاڵمان بەو کردەوە تێرۆریستییە، دادئەستێنی گشتیی ئاڵمان لەسەر مافی گشتی دەبێتە لایەنێکی سکاڵاکەر لەسەر بکەرانی ئەم تاوانە. ئەوانە و چەندین هۆکاری دیکە دەستیان دا بە دەستی یەکترەوە کە دادگای بێرلین بەبێ گوێدان بە فشارە سیاسییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەو کاتی ئاڵمانەوە سەربەخۆ و ئازایانە کارەکەی کە دادگاییکردنی تاوانبارانی تێرۆری میکۆنووس بوو بە ئەنجام بگەیەنێ. بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییە بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کردن ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاڵمان ناچار بوو، هەزینەیەکی زۆر بۆ ماوەی پتر لە سێ ساڵ لە بەڕێوەچوونی دادگا خەرج بکا و لەسەریەک لەو ماوە دوور و درێژەدا دادگا هەوڵی دەدا کە دەستی بە حەقیقەت ڕابگا و، کەس بێتاوان سزا نەدرێ و، لە هەمان کاتدا ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوە بە ئاسانی وەک باقیی وڵاتانی دیکە؛ نەبێتە مایەی ساتوسەودای نێوان دەوڵەتەکان.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بە ناوی خودا»دا لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتی ئاڵمان دەنووسێ: «لەسەرەتادا شمیت باوێر، وەزیری ڕاوێژکار لە کاروباری ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئاڵمان لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانەوە ڕاسپێردرابوو کە زانیاری لە لایەن دامودەزگای دەوڵەتییەوە نەدرێ بە دادئەستێنی. هەر بۆیە دادئەستێن باسی لەوە دەکرد کە بۆ سەلماندنی دادخوازێک (کیفر خواست)

کە بکرێ ڕابگەیەندرێ، دەبێ میلی میتر بە میلی میتر بچینە پێشێ؛ لە هەموو شوێنەکان بەربەست و کارشکێنی هەیە.» هەر ئەو باسکردنەی دادئەستێن سەلمێنەری ئەوەیە کە دادگا چەندە سەربەخۆیانە کاری کردوە بۆ ڕوونبوونەوەی حەقیقەت و لە هەمان کاتدا نیشاندەری ئەوەیە کە دەوڵەتی ئاڵمان لەسەرەتای پرۆسەی دەستپێکردنی دادگادا، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە دادگا دەستی بە بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان ڕانەگا بۆ ئەوەی ئاکام و بڕیاری دادگا لێکەوتەی سیاسی لەگەڵ ئێران لێ نەکەوێتەوە.

یەکێکی دیکە لە بەڵگەکانی سەربەخۆیی دادگای بێرلین (میکۆنووس) ئەوەیە کە دارابی خۆی باس لەوە دەکا کە پێش دەستپێکردنی دادگا، پەڕاوەکانی تایبەت بەم تێرۆرە، کە بەهۆی پۆلیس و دادوەری گشتی و دادوەری لێکۆڵینەوە کۆ کرابوونەوە، هەمووی دەخرێتە بەردەستی تاوانباران و لەو بارەوە ناوبراو لە یاداشتەکانیدا لە لاپەڕەی ١٧ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا بەو شێوەیە باسیان دەکا: «پەڕاوەکان نیزیک بە ١٢٠ زۆنکەن دەبوون و هەر زۆنکەنەی لە نێوان ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ لاپەڕە دەبوون یانی نیزیک بە ٥٠٠٠ هەزار لاپەڕە.»

ئەو پەروەندانەی کە دارابی باسی دەکا تەنیا ئیی پێش دەسپێکی دادگایە و ئاکامی لێکۆڵینەوەی دادئەستێنە و، ئامادەکراوە و وەک بەڵگە لە ئیختیاری دادگا نراوە بۆ قەزاوەت لەسەر کردن. ئەگەر ئەو دادگایە سەربەخۆ و بە دوای دابینکردنی دادپەروەریدا نەبووایە هیچ پێویست نەبوو ئەو هەموو لێکۆڵینەوە بکا و، لە هەمان کاتدا تەواوی ئەو پەروەندەیە بنێتە بەردەستی تاوانباران.

حوکمی دادگای میکۆنووس لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەڵگەنامە بوو. دانی هەر بەڵگەیەک بە دادگا ئاکامی هەوڵی خەڵکێکی زۆر و لە هەمان کاتدا ئاکامی نەزمی ئیداری و قەزایی دەوڵەتی ئاڵمان بوو. هەر حەرەکەتێک دەبووایە لەگەڵ قانوونەکانی بەردەست، هاوسەنگیی هەبوایە کە بە نۆرەی خۆی چاودێریی بەسەر پێوەندیی ئیدارات و ئۆرگانە جیاوازەکانیدا دەکا و ئەوان لە یەکتر جیا دەکاتەوە. هەر بەو هۆکارە لە تەنیشت هەر بەڵگەیەکی ئەسڵی هەتا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبووایە ئەو بەڵگانەی کە نیشانیان دەدا بۆ گەیشتنی بە دادگا چ ڕەوتێکی پێواوە لە تەنیشت بەڵگەی ئەسڵی دادەنرا. بە دیتنی ئەو بەڵگانەی کە ڕەوتی ئیداری و قەزایی ئاڵمان نیشان دەدەن، دەتوانین باشتر هەست بە سەربەخۆیی دەزگای دادی ئاڵمان بکەین.

# لە مەڕ ناوی کتێبەکەوە

کتێبی «نەقاشیی قاوەخانە» کە بە ئانقەست ئەو ناوەی لەسەر نراوە و ئاماژەیە بە قسەی خامنەیی کە ڕێستوورانی میکۆنووسی بە قاوەخانە ناو بردوە بەو مەبەستەی وا بنوێنێ کە موشتەری قاوەخانە بوون و بەو جۆرە لە پێگەی شەهیدان کەم بکاتەوە. لێرەدا بەشێک لە قسەکانی خامنەیی لە ڕێکەوتی ١٣٧٦/١/٢٧ی هەتاوییدا لە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەکانی ئەرتەش لەبارەی تێرۆری میکۆنووس کردوویەتی، دێنینەوە. خامنەیی ئەسڵی کارەساتەکە بە بێبایەخ دەزانێ و لەوێدا ڕێستوورانی میکۆنووس بە قاوەخانە ناو دەبا، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، نەک هیچ بایەخێک بۆ گیانی مرۆڤەکان دانانێ بەڵکوو ئەو قسانەی خامنەیی دەرخەری دوژمنایەتییەکی تەواوە لەگەڵ گەلی کورد وحیزبی دێموکرات و لە هەمان کاتدا دەرخەری ترسەکەشیەتی لە ئاکامەکانی ئەم دادگایە، بۆیە دەیهەوێ دەستی وەپێش خا و بە ژێردەستانی خۆی بڵێ ئەو دادگایە شتێکی وانییە.

«[...] ئەو بابەتە چەند لایەنی هەیە بە نەزەری من، بێبایەخترین بەشی ئەو بابەتە، ئەسڵی بابەتەکەیە. هەر بەو جۆرە کە باسم کرد، لەسەر بابەتی قەتڵێک کە لە قاوەخانەیەک ڕووی داوە. ناوی ئەو قاوەخانەیەش بە بەرەکەتی دەڵاڵیی سەهیۆنیستەکان، لە دنیادا ناوبانگی دەرکردوە، قاوەخانەی میکۆنووس. چ عەیبێکی هەیە ئەویش قازانجێکی وەبەر کەوێ. دووکانێکیان بەناوی دادگا کردۆتەوە و هەوڵ دەدن لەو بابەتە بە قازانجی خۆیان کەلک وەربگرن.»

هەروەکی پێشتر باس کرا ئەو قسانەی خامنەیی ڕادەی دوژمنکاری ڕێبەرانی پلە یەکی نیزامی کۆماری ئیسلامی درحەق بە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات دەردەخا و وەک هەموو جارێ دەیهەوی بەو شێوە لێدوانە دوو ئامانج بپێکی. یەکەم، وا نیشان بدا کە دنیا بە تایبەتی ڕۆژئاوا، دوژمنی کۆماری ئیسلامین و هەموو کارێک دەکەن بۆ لاوازکردن و بێئیعتیبار کردنی ئەو نیزامە و تێرۆر و دادگای میکۆنووسیش یەکێک لەو کارانەیە.

دووهەم، بەو شێوە قسەکردنە لە کۆبوونەوەی هێزە چەکدارەکانیدا دەیهەوێ بەهێز بوونی نیزام دەربخا و بڵێ کۆماری ئیسلامی لەوە بەهێزترە کە دوژمنەکان بیری لێ دەکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا خامنەیی دەزانێ کە باجی ئەو کردەوە تێرۆریستییە ئەو جارەیان بۆ کۆماری ئیسلامی و خودی خۆی قورس دەبێ؛ هەر بۆیە هەوڵ دەدا کاریگەریی هەواڵەکانی تایبەت بە میکۆنووس لەسەر بیروفکری هێزە چەکدارەکانی بسڕێتەوە و لە نیگەرانیان کەم بکاتەوە.

# کازمی دارابی
# و
# ناساندێکی کورتی ناوبراو

لەو بەشەی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا کە باسی ژیاننامەی کازمی دارابی لە منداڵی و دەورانی پێش لە ئینقلاب دەکا، تێپەڕ دەبین. بەڵام بۆ ئەوە بێینە سەر ئەسڵی باسەکە کە تێرۆری میکۆنووسە، پێویستە کازمی دارابی باش بناسین کە کێ بووە و چی کردوە هەتا گەیشتوەتە ئێرە. کازمی دارابی لەو کتێبەدا دەیهەوێ وا خۆ نیشان بدا کە کەسێکی بەئیمان و لە خوا ترس و مرۆڤدۆست بووە و، هەموو کاتێک پشتی هەژارانی گرتوە و لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدا بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ. بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو حەقیقەتە کە کازمی دارابی بە پێچەوانەی قسەکانی خۆی لە ڕەوتی دادگادا بە تاوانباری سەرەکی ناسراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە وردی هەموو ئەو بەڵگانەی ناوبراو پشتیان پێ دەبەستێ، یەک بە یەک باسیان بکەین و لەگەڵ پەڕاوەکانی دادگا و ئەو بابەتانەی کە لەسەر تێرۆری میکۆنووس و دادگا نووسراون و لەبەر دەستماندان پێکەوە بەراوردیان بکەین.

کازمی دارابی خەڵکی کازروون سەر بە پارێزگای ئیسفەهانە، بە پێی گێڕانەوەی خۆی هەر بە منداڵی، منداڵێکی hاروهاج بووە و خۆی لە هەموو کارێک هەڵقورتاندوە بێجگە لە خوێندن، خۆی گوتەنی هەموو کات لە قوتابخانە هەڵاتوە، کاتێک باس لە تێکەڵبوونی خۆی لەگەڵ لایەنگرانی خومەینی دەکا دەڵێ هیچم لە زوڵم و زۆریی سیستمی پاشایەتی نەدەزانی. ئەو لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبەکەدا بەم جۆرە باسی خۆی دەکا: «[...] دەبێ بڵێم ئەوەی منی بۆ لای ئەو گرووپە ڕاکێشا، تەنیا هاروهاجی سەردەمی لاوەتیم بوو، پێم خۆش بوو کە ئەوانم قەبووڵ بێ، من سەرێکی نەترسم هەیە و دەتوانم یارمەتییان بدەم [...]». لە لاپەڕەی ٤٦دا باسەکە درێژە پێدەدا و دەڵێ: «[...] ڕاستییەکەی ئەوەیە بێبیرکردنەوە بۆ هەیئەت کارم دەکرد، هەر کە هەیئەت کارێکی هەبوایە بۆ بەڕێوەبردنی بە دوای هۆکاردا نەدەگەڕام. لە ڕاستییدا ئەمن کەسێکی نەترس بووم و ئێستاش هەم، بۆیەی کاری مەترسیدارم هەبوو و ئێستاش هەمە [...]». هەروەها، لە لاپەڕەی ٦٢دا باسی پێوەندیی خۆی و باوکی بەم شێوەیە دەکا: «[...] ئەمن کەسێکی سەربەخۆ بووم و کارم بە باوکم نەبوو، لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان لە کاری یەکتر هەڵنەدەقورتاند.»

ئەو سێ نموونەی سەرەوە لە قسەکانی دارابی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ناوبراو کەسێکی هێدی و هێمن نەبووە و زۆرتر بە دوای خۆنواندندا بووە. خۆی دان بەوەدا دەنێ کە لەگەڵ باوکی زۆر گونجاو نەبووە، هەروەها نەیزانیوە گرووپە مەزهەبییەکان بۆ دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی کار و چالاکی دەکەن، دەڵێ هەر کارێکیان پێ سپاردبام جێبەجێم دەکرد، بەبێ ئەوەی لە هۆکارەکەی بپرسم و؛ بەڵگەی بۆ ئەو کارانەی ئەوەیە کە سەرێکی نەترسی

هەیە. هەر لەسەر ئەو چەند نموونەیە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە تیرۆر و تۆقاندنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەو کەسانە دەکرێ کە وەک دارابی بن. لە جیات ئەوەی لە ڕێگای خوێندن و فێربوونی زانستەوە، کەسایەتیی خۆیان بەرنە سەرێ، ڕوو دەکەنە دزێوترین کار کە دوورە لە مرۆڤایەتی؛ هەر بۆ ئەوەی ئاغاکانیان لێیان ڕازی بن بەبێ ئەوەی بیریان لە ئاکامی کارەکە کردبێتەوە.

# دارابی و مانەوەی لە ئاڵمان

دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری نیزامی کۆماری ئیسلامی، دارابی پاش ماوەیەک بە قسەی خۆی بۆ خوێندن ڕوو لە وڵاتی ئاڵمان دەکا، بەڵام لەوێش دەست لەو هەڵەشەییەی هەڵناگرێ و ناچێتە ژێر نەزم و یاساکانی ئەو وڵاتەوە. ناوبراوی خۆی لە لاپەڕەی ٧٤ی کتێبەکەیدا ئاوا باس لە هەڵسوکەوتی خۆی لە وڵاتی ئاڵمان دەکا: «بە هۆی سەرپێچی کردن لە شۆفیری بۆ یەک ساڵ ئیجازەی شۆفیرییم لە لایەن پۆلیسەوە زەوت کرا، بەڵام لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا زیاتر لە هەموو کاتێکی دی شۆفیریم کرد [...]». ئەو هەر لەو لاپەڕەیەدا باس لە کڵاو لەسەر نانی پۆلیسی ئاڵمان دەکا کە چۆن توانیویەتی بە حۆقەبازی لە دەستیان ڕا بکا. نموونەیەکی دیکە لە کارەکانی دارابی لە ئاڵمان هێرشکردنە سەر شوێنی نیشتەجێ بوونی خوێندکارانی زانکۆ بووە و لە ڕاستییدا هەر ئەو نموونەیە بوو بە هۆی ئەوە پۆلیسی ئاڵمان بۆ ماوەی دە ساڵ کار و کردەوەکانی ناوبراو لەژێر چاودێریدا بگرێ و لە پەرەوندەی میکۆنووسدا لێی زیندوو بکرێتەوە.

دارابی لە لاپەڕەی ٧٧ی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا دەگێڕێتەوە: «ساڵی ١٩٨٢ ڕەسمەن موجاهیدینی خەلق لە بەرامبەر نیزامی کۆماری ئیسلامییدا ڕاوەستا و هەر ڕۆژە ئێمە هەواڵێکمان لە تیرۆری کوێری موجاهدین لە نێوخۆی ئێران دەبیست [...] هەواڵمان پێ گەیشت کە موجاهدین بە هاوکاریی لایەنگرانی «پەیکار» و «چریکی فیداییانی خەلق» لە حەوت یا هەشت لە کوڕەکانی حیزبوڵڵای وەفادار بە نیزامی کۆماری ئیسلامییان داوە و لە هایم کەمپی نیشتەجێبوونی خوێندکاران دەریان کردوون. ئەوان سکاڵایان لای پۆلیس تۆمار کردوە بەڵام پۆلیس گوێی پێ نەداون هەر بۆیە بڕیارماندا لە هەموو ئەنجوومە ئیسلامییەکانی دەوروبەری فرانکفۆرت هاوڕێیانمان بانگ بکەین و لە حوسێنییەی فرانکفۆرت کۆیان بکەینەوە [...] ڕادەمان گەیشتە سەد کەس [...] لەسەرەتادا هەموو لایەنی قەزیەکەمان لێک داوە و بە دە گرووپی دە کەسی دابەش بووین و هەر گرووپە ناوێکی بۆخۆی دیاری کرد وەک «میثم»، «عمار» و «مقداد» [...] خۆمان گەیاندە هایم کە دوازدە قات بوو و هەر تاقمەی وەزیفەی بوو بچێتە قاتێک و بچێتە ئەو ژوورەی کە مەبەستمان بوو و کەسانی هێرشبەری تێدا بوون [...] لە ژوورەکانیاندا بە دار و گۆپاڵ پەلامارمان دان و دەرگا و پەنجەرە و تەلەویزیون و تەلەفۆن و تەواوی کەلوپەلی خوێندکارەکانمان شکاند [...] قەرارمان بوو کە دوایەش ڕا نەکەین هەتا پۆلیس دەگاتێ و پێیان بڵێین کە وڵامنەدانەوە بە سکاڵای دۆستانی ئێمە وەڵامەکەی ئاوا دەبێ. پۆلیس هات و لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەواندا پازدە کەسی ئێمە بە توندی بریندار بوون و لە پۆلیسیش چەند کەسێک بریندار بوون. پۆلیس چەند کەس لە ئێمەی گرت و ڕۆیشت. ئێمە کە نزیک بە نەوەد کەس مابووینەوە بڕیارماندا بە خۆپیشاندان و شوعاری مەرگ بۆ

ئەمریکا و ئیسرائیل بەرەو بنکەی پۆلیس بچین کە لەپڕ زیاتر لە سەد پۆلیسی دەمامکدار بە سەگەوە ئابلۆقەیان داین و دوای لێدان و کوتان چەند کەسێکی دیکەشیان لێ دەستبەسەر کردین کە ئەمن یەک لەوان بووم[...]»

ئەو ڕووداوە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی نێوخۆی ئاڵمان و ئیدارەی گشتیی پۆلیسی شاریماینتس. دواجار لە لایەن پۆلیسەوە لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٥/٧دا بڕیاری دەرکردنی کازمی دارابی لە ئاڵمان و ناردنەوەی بۆ ئێران درا، بەڵام هادی خامنەیی کە ئەو کات نوێنەری مەجلیس بوو، دەچێتە ئاڵمان و لەگەڵ ئاڵمانییەکان دەسازێن کە پازدە کەس دەربکرێن و بنێردرێنەوە بۆ ئێران و ئەو پازدەکەسە با بە ویستی خۆیان بێ. بەمجۆرە کازم دارابی لە ناردەوە بۆ ئێران ڕزگاری دەبێ، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کەسانی وەک کازمیان لە ئاڵمان و ئورووپادا پێویست بووە.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بە ناوی خودا»دا بەم جۆرە باسی ئەم ڕووداوە دەکا: «[...] باڵوێزخانەی ئێران ئاوا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و دەزگای بەڕێوەبەریی ئەیالەتی ڕێک دەکەون کە پێویستە بە سەرنجدان بە وەزعییەتی کەسەکەن و خوێندنیان، هەتا کۆتایی خوێندن لە ئاڵمان بمێننەوە. لێرەدایە کە باڵوێزخانەی ئێران لە شاری بۆن بە لایەنگری لە دارابی دێتە مەیدان، چونکە بۆ دەرکردنی دارابی هیچ بەربەستێکی قانوونیی نەبوو. دارابی ئەو کات سەڵت بوو و ژنی نەهێنابوو، هەروەها خوێندنیشی دەست پێنەکردبوو. باڵوێزخانەی ئێران لە بۆن بە هێشتنەوەی دارابی بەدوای ئامانجی تایبەتیی خۆیەوە بوو. باڵوێزخانەی ئێران لە ڕێکەوتی ١١ی سێپتامبری ١٩٨٦ و ٢٦ی ژوئەنی ١٩٨٧ دوو نامە بۆ دەوڵەتی ئاڵمان

دەنێرێ و هەوڵ دەدا بۆ دارابی و خوێندکارەکانی دیکەش کە ئیجازەی کاتی و مەرجداریان بۆ مانەوە لە خاکی ئاڵماندا پێبوو، ئیقامەی هەمیشەییان بۆ وەرگرێ. لە ڕوانگەی دادگاوە هۆکاری ئەو کارەی باڵوێزخانەی ئێران نیشانەی ئامادەیی دارابی بووە بۆ هەنگاونان لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا.»

هەر لەسەر ئەو بابەتە ڕۆئیا حەکاکیان لە کتێبی «پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە» لە لاپەڕەی ٩٥دا دەنووسێ: «ژیان‌نامەی دارابی بۆ نۆربێرت بووە ڕێنیشان‌دەرێک. دارابی ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی کوشتنی خوێندکارێکی ئێرانی لە خەوتنگەی خوێندکارانی شاری ماینزدا، گیرابوو و ماوەیەکی کورت لە زینداندا بوو. ساڵی ١٩٨٣، یەکیەتیی خوێندکارانی موسوڵمانی ئێرانی لە بێرلین دامەزراند بوو کە دواتر ناوەندەکەی بوو بە مزگەوتی گەورەی شیعە مەزەبەکان. ساڵی ١٩٨٧ پاش شەش مانگ خوێندن لە زانکۆ و ڕەدبوونەوە لە ئەزموونی کۆتاییدا و دەرکردنی لە زانکۆ، دەستی بە کاروکاسبی کرد.»

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بەناوی خودا»دا باس لەوە دەکا کە دارابی لە ساڵی ١٩٨٢ ئەندامی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکاران – بێرلینی ڕۆژئاوا VIS بووە کە لایەنگری ڕێژیمی ئێرانە و لەو ئەنجوومەنەدا چالاک بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی هەئیەت ڕەئیسەی ئەو ئەنجوومەنە بووە و هەروەها لە تەشکیلاتی سەرانسەریی ئەو ئەنجوومەنە لە ئەورووپا، یەکیەتیی ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئورووپا (UISA)، وەک ئەندامی بەڕێوەبەری چالاک بووە.»

لە مەڕ سەلماندنی ئەوەی کە کازمی دارابی ئەندامی ڕەسمیی سپای پاسدارانە دەتوانین پشت بە بەڵگەکانی دەزگاکانی ئیتلاعاتی وڵاتانی ئورووپایی ببەستین بەتایبەتی دەزگای ئیتلاعاتی خاریجی ئینگلیس (MI6)[٧]. مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێک کە شاری بێرلین لەژێر کۆنتڕۆڵی چوار دەوڵەتی ئەمریکا، ئینگلیس، فەرانسە و رووسیە بوو و هەرکام لەم دەوڵەتانە کاروباری خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان کونترۆڵ دەکرد. بەو جۆرە MI6 کازمی دارابی بە ئەندامی ڕەسمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران زانیوە کە خەریکی کاری جاسووسی و پێکهێنانی شەبەکەی تێرۆریستییە.

پاش ڕووخانی دیواری بێرلین و یەکگرتنەوەی دوو بەشی ئاڵمان و کۆتایی هاتنی داگیرکراوی بێرلین MI6 پێش ئەوەی بێرلین بەجێ بێڵێ، تەواوی زانیاری و بەڵگەکانی کە لەسەر تێکۆشانی تێرۆریستی کازمی دارابی و هاوکارەکانی هەیبوو، تەحویلی پۆلیسی ئاڵمانی دەدا. بەشێک لەو بەڵگانە بریتی بوون لە دەیان نواری کاسێتی وتووێژی تەلەفۆنیی کازمی دارابی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی. MI6 تەنانەت دوای جێ هێشتنی بێرلینیش پۆلیسی ئاڵمانی ئاگادار کردۆتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پلانێکی بۆ کووشتنی ڕێبەرانی کورد بە دەستەوەیە کە بەرنامە ئەو پیلانە بە ناوی ڕەمزی (بزرگ علوی) لە سەفارەتی ئێران لە شاری بۆن داڕێژراوە[٨].

٧ هەر لەو کتێبەدا باس لە ڕاپۆرتی دامەزراوە ئەمنییەتیەکانی وڵاتانی ئوروپایی کراوە کە لەسەر کازمی دارابی بۆ دادگای گشتی بەرزی ئاڵمان ئامادەکراوە.

٨ کتێبی سەفەری بێ گەڕانەوە، نووسینی سەلام عەزیزی.

ن – بەپێی بەڵگە نووسراوە پێوەندیدارەکان بە کازمی دارابییەوە لە جەریانی بەرێوەچوونی کاری دادگای میکۆنووس ئەو باسە بەچڕی لە نێوان کاربەدەستانی ئاڵمانی و بەرپرسانی ئیدارەی کوللی پاراستنی قانوونی ئەساسی (BFA) کە بەرپرسی پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئاڵمانە تەواوی ئەو بەڵگە و

ئەو چەند نموونەی سەرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کازم دارابی هەروەک لە بەڵگەنامەکانی دادگادا بەدروستی ئاماژەی پێکراوە ئەندامی چالاکی وەزراتی ئیلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەگەر وا نەبووبێ چۆنە ئێران خۆی بە خاوەن سەروەری دەزانی و بۆی گرینگە کە دەوڵەتەکانی دیکە ئەو سەروەرییە بپارێزن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە کەس یا کەسانێک پشتیوانی دەکا کە قانوونەکانی وڵاتی ئاڵمانیان پێشێل کردوە و تەنانەت بە هێزی مرۆیی گەورەوە بەرەو ڕووی پۆلیسی ئەو وڵاتە بوونەتەوە و نەزمی کۆمەڵگایان تێکداوە. بە کورتی کەسێک بەو شێوەیە گەورە ببێ و کاری کردبێ و دەرسی خوێندبێ و بێئەوەی بیر لە ئاکامی کارەکانی کردبێتەوە و کردبێتنی و نەک لێیان پەشیمان نەبێ و بەڵکوو شانازییان پێوە بکا و بەو هەموو بەڵگانەی کە لەسەر پێوەندی بە سپای پاسداران لەبەر دەستی پۆلیس و دەزگاکانی ئیتلاعاتی بریتانیا و ئاڵمان دایە؛ چۆن دەتوانی بڵێ پۆلیسی ئاڵمان لە بابەت تێرۆری میکۆنووس لەخۆڕا گرتوویانم و دادگا بە بەبێ تاوان سزای داوم؟

کازمی دارابی لە تەواوی ئەو کتێبەدا هەوڵ دەدا بیسەلمێنی کە کەسێکی سەربەخۆ بووە و هیچ پێوەندیی تەشکیلاتی، جیا لە ڕووحیی بە کۆماری ئیسلامییەوە نەبووە، بەڵام لە جێجێی ئەو کتێبەدا بێ ئەوەی لە یادی بێ پێشتر چی گوتوە، لە بارەی ئەمە هەر جارێ بە گێڕانەوەی بابەتێک دەیسەلمێنی کە نەک هەر کەسێکی سازمانی بووە، بەڵکوو لەگەڵ بالوێزخانە و کۆنسوولی ئێران لە ئاڵمان پێوەندیکی توندوتۆڵی کاریی هەبووە. بۆ نموونە لە لاپەرەی ٩٥ی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا لەژێر سەردێڕی شەڕی ئێران

ئەسنادانەیان کە لە MI6 وەرگیرابوون لەبەین بردووە. هەروەها پۆلیس ٨ مانگ پێش کارەساتی میکۆنووس کونترۆڵی لەسەر تەلفوونی کازمی دارابی هەڵگرتوە بەو بیانووە کە بۆ ئەو کارە نەپووڵیان هەیە و نە وەرگێری جێگای بڕوا.

و عێراق ئاوا باس لە کارەکانی خۆی دەکا بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی ئەویش توانیبێتی ئەرکی خۆی لەبەرانبەر ئەم شەڕەدا جێبەجێ کردبێ: «[...] ئێران لە شاری کۆلن دەفتەرێکی هەبوو بۆ بونیادی جانبازان کە لە بینای «خانە ایران» دامەزرابوو. ئەو دەفتەرە کاروباری پێوەندیدار بە چارەسەری بریندارانی شەڕی دەکرد [...] لە ڕۆژەکانی سەرەتای ژیانی هاوبەشیمدا بووم کە حاجی حوسێن موزەفەر، بەرپرسی ئەو ناوەندە بوو، پێوەندیی پێوە گرتم و پرسی ئێمە هێندێک جار دەمانهەوێ بریندارەکانی شەڕ بەڕێی بێرلین بکەین، ئەتۆ ئامادەی لە بردن و هێنانی ئەوان لە فڕۆکەخانەوە بۆ شار و نەخۆشخانە و بەپێچەوانەوە یارمەتیمان بدەی؟ ڕوونە کە پێشوازییم لەو پێشنیارە کرد، بۆچی؟ چونکە هەلێک بوو دەمتوانی بەو کارە بچووکە قەرزی خۆم بە مەیدانەکانی شەڕ بدەمەوە [...]»

ڕەنگە حاڵەتی وا بۆ هەر کەسێک کە وڵاتەکەی لە حاڵی شەڕدایە بێتە پێش و ئەمە بە وەزیفەی نیشتمانیی خۆی بزانێ، بەڵام دارابی خۆی بە قەرزداری مەیدانەکانی شەڕ دەزانێ، چونکە لە بیروزەینی ئەودا شەڕ تەنیا ڕێگاچارەی گرفتەکانە و لە ڕێگای شەڕەوە دنیای ئیسلام دەتوانێ شکۆی ڕابردووی خۆی بە دەست بێنێتەوە. هەر بۆیە لە خۆی بە گلەییە کە بۆ لە مەیدانەکانی شەڕدا نییە. ئەم ئەرکانەی ئەو باسی دەکا بەدەر لە وەزیفەیەکی نیشتمانی بووە و خۆی بە موریدی خومەینیی سەرۆکی زانیوە کە هەمیشە شەڕی بە نێعمەتی خوا دەزانی. لایەکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کەسێک لە وڵاتی ئورووپایی بێ یا کاری هەیە یا دەرس دەخوێنی و یا بە هۆکارێک بێکارە. بەڵام دارابی بە قسەی خۆی هەم کاری هەبووە و هەم هەوڵی داوە بخوێنێ. لەو وڵاتانە و

لەو هەلومەرجەدا کەس ناتوانێ بەکەیفی خۆی کار بەجێ بێڵێ و بە دوای کاری دیکەدا بڕوا مەگەر ئەوەی ئەو کارانەی دیکەی بۆ داپۆشێنی کاریکی دیکە بووبێ، واتا کەسی ئاسایی ناتوانی هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو جۆرە کارانە تەنانەت ئەگەر خزمەت بە وڵات و گەلەکەی خۆیشی بێت تەرخان بکا؛ بەڵام دارابی هەر بە قسەی خۆی لە دوای قەبووڵی پێشنیارەکە، ئەو کارە بۆتە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ژیانی و لە لاپەڕەی ٩٥ دا دەڵێ: «لەوە دواوە ئەو کارە ببوو بە یەکێک لە کارە ئەسڵییەکانی ژیانی من [...]»

دارابی هەر لەسەر ئەو بابەتە لە بیرەوەرییەکی دیکە لە لاپەرەی ٩٦دا دەڵێ: «لە تەنیشت کارکردن بۆ بریندارانی شەڕ کە دەهاتنە ئاڵمان، لەگەڵ کوڕە تورک و لوبنانی و پاکستانیەکان‌دا کومیتەیەکمان پێکهێنا بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلی وەک دەرمان، پەتۆ، خێوەت، تەخت و تەنانەت وەرگرتنی یارمەتیی ویشکە پووڵ. دوای ئەوەی کۆمان دەکردنەوە بەڕێی بەرەکانی شەڕمان دەکردن [...] ناوەندی چالاکییەکانی لەو بابەتە یەکیەتییەکانی ئەنجومەنی ئیسلامی و مزگەوتی هامبورگ بوو کە ئەمن لە هەموویان‌دا بەشداربووم [...]»

هەر لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە ڕاپۆرتی دەزگای ئیتلاعاتی بریتانیا بکەین کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/١/٨ بۆ کۆمیسیۆنی تایبەت بە تێرۆری میکۆنووس ناردوویەتی. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە پێوەندیی کەسێک بە ناوی حەسەن عەلی شەحروور و کازم دارابی دەکا کە لە بەرپرسانی حیزبوڵڵایە لە بێرلین. هەروەها باس لە پێوەندیی شەحروور بە یوسف ئەمین دەکا و لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا بە تەئکیدەوە هاتوە کە بە پێی زانیاریی باوەڕ پێکراو دارابی مەئمووری دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانە و ئەفسەر و فەرماندەی ناوبراو لە

باڵوێزخانەی ئێران لە بۆنە.

لە ڕاپۆرتیکی ئیداریی (٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٣بە ژمارە پۆستی٢٧٣٠) کە بۆ دوکتور کورت، دادئەستێنی گشتی لە دیوانی بەرزی ئاڵمان نێردراوە و لە پەروەندەی میکۆنووس‌دا سەبت بووە لە چەندین جێگادا باس لە کار و چالاکیی کازمی دارابی و ئەندامەتیی ناوبراو لە سپای پاسداراندا دەکا:

«[...] لانی‌کەم لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠دا کازم دارابی وەک مەئمووری سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ئێران (واواک) دەستی بەکار کردوە [...] دارابی لە تەنیشت چالاکییەکانی بۆ سازمانی ئیتلاعاتی ئێران لە ڕێگای ئەندامەتی لە ئەنجوومەنەکانی ئیسلامیی نیشتەجێ لە ئورووپا لە بڕیارەکان و ڕێکخستنی یەکیەتییەکانی ئەنجوومەنی ئیسلامیی خوێندکاران لە ئورووپا کە لایەنگری ڕێژیمن، دەستی باڵای هەیە [...] یەکیەتیی ئەنجوومەنی خوێندکارانی ئیسلامی لە ئورووپا بەکار هێنانی توندوتیژی لە پێناو ئامانجی سیاسییدا قەبووڵ کردوە. بۆ نموونە داکۆکی لە فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی دەکا و لە ڕابردوودا ئەندامانی ئەو یەکیەتییە لە تێک‌هەڵچوونە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ ئۆپۆزیسیون‌دا دەستیان هەبووە. دیارترین نموونە هێرش بۆ سەر خەوتنگەی خوێندکاران لە ئاوریلی ١٩٨٢ لە ماینسە کە بوو بەهۆی برینداربوونی خوێندکارانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و خەساری ماڵیی زۆر لە خەوتنگەکە کەوت [...]»

ئەوانە و دەیان نموونەی دیکە وەک بەڵگەیەکی ڕوون هەن کە پێمان دەڵێن دارابی یەکێک لە مۆرە چالاکەکانی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی بووە، چونکی کەسێک کە تەنیا لایەنگر بێ، کار و کردەوەکانی لە

ڕادەی لاینگریدا دەمێنێتەوە و ئەو کارانەی دارابی لە ئاڵمان بۆ کۆماری ئیسلامی کردوونی لە ڕادەی توانا و سەلاحیەتی لایەنگرێکدا نییە؛ بەڵکوو ئەو کارانە لە ڕادەی کەسێکی خاوەن سەلاحیەت دایە کە لە کاتی پێویستدا توانای بڕیاردانی هەبێ و یا دەستی بگاتە ناوەندی قەرار.

# تێکهەڵچوونی دارابی و هاودەستەکانی لە کاتی بڵاو بوونەوەی هەواڵی مەرگی خومەینی

هەواڵـی مەرگـی خومەینـی یەکـی دیکـە لـەو بابەتانەیـە سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە کازم دارابـی یەکێـک لـە مـۆرە دەمارگیرەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی بـووە. لـە لاپـەڕەی ٩٩ی کتێبـی نەقاشـیی قاوەخانـەدا ئـەو بـۆ خـۆی ئاوا باسـی ئـەم ڕووداوە دەکا: «لـە ژوئەنـی ١٩٨٩دا ئەمـن و خێزانم بە سـەردان چووبووینە شـاری ئۆلدنبـۆرگ کـە هەواڵـی کۆچـی دوایـی ئیمـام هـات [...] یەکـەم شـت کـە بـە مێشـکم گەیشـت ئـەوە بـوو ڕێوڕەسـمێکی بەشـکۆ لـە دەرەوەی وڵات بـۆ ڕێزگرتـن لـە ئیمـام وەڕێ بخەیـن. لـەو فکرانـەدا بـووم کـە لـە بێرلینـەوە زەنگیان لێـدا کـە بەپەلـە بگەڕێـوە، سـووپێرمارکێتەکەت ئـاوری گرتـوە. ئـەو هەواڵـە لـە بەرامبـەر هەواڵـی کۆچـی ئیمامـدا هیـچ بـوو. مـن دەبـووا بـە دوای چارەسـەری وەزعـی ڕووخـاوی دەروونیـی خۆمـدا بـم، نـەک بـەدوای کوژاندنـەوەی ئـاوری ماڵـی سـووتاوم [...] لـە هامبـوورگ بووم کە لە پڕدا دەنگی سـیگناڵی ماشـێنان و هەلهەلـەی شـادی شـەقامەکانی پـڕ کـرد. پرسـیارم کـرد ئـەوە دەنگـی چییـە؟ یەکێـک لـە دۆسـتان گوتـی ئـەوە موونافـق و دژە شـۆڕشـن، بـە بیسـتنی هەواڵـی

مەرگی ئیمام ڕژاونەتە سەر شەقام و شادی دەکەن. خوێنم وەکوڵ هات و هیچم بە چاوی خۆم نەدەدی. کاتێک وەخۆ هاتمەوە خۆم لەسەر میچی ماشێنی ئەو دالاشانە دیتەوە و شووشە و دەرگا و پێشی ماشێنەکانیانمان شکاند و چەند کەسێکمان لێ بریندار کردن [...]»

ئەوانەی باس کران هیچیان بوختان و هەڵبەستراو نین. بەڵکوو لە زمانی خودی کازم دارابییەوە گوتراون. بە هەڵوێستەیەکی کورت لەسەر ئەو قسانەی دارابی بۆمان دەردەکەوێ کە ناوبراو وەک کەسێکی بەرپرس و ئەرک لەسەر شان، لە کاتی مردنی خومەینیدا هەڵسوکەوتی کردوە و یەکەم کاردانەوەی بە هەواڵی مەرگی خومەینی ئەوەیە کە پێویستە ڕێورەسمێکی بەشکۆ لە دەرەوەی وڵات ڕێک بخا کە ڕێکخستنی ڕێورەسمێکی لەو بابەتە لە وڵاتێکی وەک ئاڵمان بە کەسێکی لایەنگری نیزام ناکرێ، بەڵکوو کەسێکی پێویستە کە خاوەن دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوو بێ. لە هەمان کاتدا کەسێک کە هەم ماڵ و هەم گیانی لە ڕێگای خومەینیدا دانابێ، زۆر سەیرە بڵێ ئەمن سەر بە هیچ سازمانێکی دەوڵەتی و حکوومەتی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نیم و نەبووم، کەسێک شەو و ڕۆژ لەسەر یەک دابنێ بۆ سەرکەوتنی ئەو نیزامە و بە ڕۆژی ڕووناک و لە وڵاتی بێگانە و لە بەر چاوی خەڵک و پۆلیس نەیارانی خۆی وەبەر دار و پلار بدا، تەنیا لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی دارابی بە مردنی خومەینی تازیەبار نین، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خۆی بەشێکە لەو نیزامە. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کەسێکی ئاوا هەر کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوێ، چۆن هەوڵ نادا ڕێبەری گەورەترین حیزبی کوردی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگای بەرژەوەندییەکانی ئەو

نیزامـە لابـەرێ، کـە بـە کـردەوە دوای ئەو هەموو سـەرکوت و هێرشـی نیزامییەی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ سـەر کوردسـتان و حیزبـی دێموکـرات نەیتوانیـوە ئـەو حیزبـە لـە مەیـدان وەدەر بنـێ و پێچەوانـەی زەبـر و زەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی حیزبـی دێموکـرات لاقـی لەسـەر ئەرزی خۆیەتی و بۆتە گەورەترین کۆسـپی سـەر ڕێـگای دەسـەڵاتداری کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتان و ئێـران.

# سەفەری حەج

وەک باس کرا دارابی زۆر هەوڵ دەدا خۆی بە کەسێکی سەربەخۆ بناسێنێ و بە دەیان جار لە کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا باس لەوە دەکا کە نە سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بووە و نە سەر بە حیزبوڵڵای لوبنان، بەڵام هەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە خۆی باسیان دەکا پێچەوانەی ئەو قسەیە دەسەلمێنن. یەکێک لەو نموونانە کە دەتوانێ ئەو قسەیەی دارابی بە تەواوی ڕەد بکاتەوە، سەفەری حەجی ناوبراوەکە لە لاپەڕەی ٩٩ی کتێبەکەدا ئاوا باسی دەکا:

«[...] ئێمە بە گوڕوتینێکی لە ڕادە بەدەر هەموو ئایین و بۆنەکانی حەجمان بەجێ گەیاند [...] بەرەو مەدینە چووین. لەو سەفەرەدا دوربینێکی وێنەگرتنی بچووکم پێ بوو، وێنەگرتن لە مەکە و مەزارگەی پێغەمبەر و شوێنە پیرۆزەکان و هیندێک جێگای هەژارنشین و پیسی شار قەدەغە بوو، بەڵام ئەمن توانیبووم لە هەموو ئەوانە وێنە بگرم. دوربینەکەم لەژێر کراسەکەمدا شاردبۆوە و هەر کاتێک بە هەلم زانیبا دوگمەی کراسەکەم دەکردەوە وبە دزییەوە

وێنەی شوێنەکەم دەگرت [...] دیارە بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە بۆ دەوڵەتی عەرەبستان خۆش نەبوو چونکە بە زیانی بوو [...] لە مەدینە دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕێبەری لە مەڕ بەرائەت لە کافرەکان. هیندێک کتێبم پێ بوو بە زمانەکانی ئینگلیسی و عەرەبی لە بارەی چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ کافران، چەند دانەیەکم بڵاو کردەوە کە لەپڕ حەوت–هەشت پۆلیس پەلاماریان دام و دەسبەسەر کرام [...]»

لێرەدا پرسیارە ئەوەیە، کەسێکی عادی و ئاسایی بچێتە سەردانی ماڵی خودا چ پێویستیی بەوە هەیە دوربین لەژێر کراسەکەیدا حەشار بدا و وێنەی ئەو شوێنانە بگرێ کە بە قانوونی ئەو وڵاتە وێنەگرتنیان قەدەغە کراوە، یا چ پێویست بەوە هەیە کەسێکی عادی کتێب و بەیاننامەی هەڵگری بیری کۆماری ئیسلامی لە نێو زیارەتکاراندا بڵاو بکاتەوە؟ لەو ڕەفتارانەدا بەو ئاکامە دەگەین کە دارابی نەک کەسێکی عادی نەبووە، بەڵکوو مەئموورێکی زیرەک و تەڕدەستی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بووە و تەنانەت ژن هێنانەکەشی هەر بەو ئاراستەیەدا بووە و لە ڕێگای خێزانیەوە توانیویەتی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان دابمەزرێنێ.

چونکی لە نێوئاخنی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا بۆ خوێنەر دەردەکەوێ کە تەنانەت ئەو کەسانەی پێش تێروری میکۆنووس لە دەوروبەری دارابی بوون، چ کاسب و غەیرە کاسب نیزیک بە تەواویان لوبنانی و سەر بە حیزبوڵڵای لوبنان بوون.

# تیرۆری میکۆنووس لە ڕوانگەی دارابییەوە

نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە لە زمانی دارابییەوە بە جۆرێکی زۆر زیرەکانە دێتە نێو باسی کارەساتی میکۆنووس کە بتوانێ خوێنەر بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، بۆ ئەوە لە دواییدا بە خۆینەر بڵێ کە ئەو کارەساتە دڵتەزێنە هێزەکانی دژەشۆڕش لەگەڵ یەکتر کردوویانە بۆ ئەوەی هەم پاکانە حیسابیان لەگەڵ یەکتر کردبێ و هەم کۆماری ئیسلامیی پێ تاوانبار بکەن.

لە لاپەڕەی ۱۱۰ی کتێبەکەدا بەو جۆرە باس لە بیستنی هەواڵی ڕووداوەکە دەکا: «ڕۆژی هەژدەی سێپتامبری ۱۹۹۲ لە ماڵێ دانیشتبووم و لە ڕێگای ویدیۆ تێکستەوە هەواڵەکانم دەخوێندەوە. بیستم کە چوار کەس لە ڕێبەرانی کوردی ئێرانی شەوی پێشتر لە ڕێستورانێک لە نێو شاری بێرلین لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا کوژراون و تێرۆریستەکان هەڵاتوون. جینایەتەکە گەورە و کوشتارێکی خوێناوی بوو. ئەمن بە ڕێستورانی میکۆنووسم نەدەزانی، بەڵام چونکە بابەتەکە پێوەندیی بە ئێرانییەکانەوە هەبوو، بە هەواڵەکە حەساس بووم. لە ڕاگەیەنەکانی دیکەشدا وەدووی کەوتم. هەواڵەکە ڕاست بوو

و زۆریش ناخۆش و جێگای نیگەرانی بوو. کارم بە بیر و ئەندێشـە و ڕوانگەی سیاسـیی ئەوانـەوە نەبـووە و نییـە، بـەڵام چونکـە ئێرانـی بـوون زۆری پـێ تێـک چـووم. لـە ئەساسـدا ئێرانـی بوونیشـیان زۆر گرینـگ نەبـوو، چونکـی بیسـتنی کوشـتاری کەسـانی بێدیفـاع هەمـوو کـەس ناڕەحـەت دەکا. پـەردەی یەکـەم کە ڕاگەیەنـەکان لـە ڕووداوی میکۆنـووس نیشـانیان دا، زۆر لێڵ بوو. وێنەیەک بوو لـە تاریکـیدا و، دژە شـۆرش توانی لە ئاوی لێڵ ماسـی بگـرێ و وێنەی خۆی لە جێگای وێنـەی ڕاسـتەقینە دابنـێ [...] دەزگای پۆلیـس و قەزایـی ئاڵمـان کە بە وردبینـی و لێزانـی ناوبانگیـان هەیە، هیـچ کات نەیانتوانـی تابلـۆی سـاختەی میکۆنـووس لـە ئەسـڵەکە لێـک جیـا بکەنـەوە. هونەرمەندانـی تابلـۆی سـاختە میکۆنـووس کەسـانێک نەبـوون بێجگـە لـە ڕەوتی ئۆپۆزیسـیۆنی تاراوگەنشـین، کـە ئامانجـدار هاتنە نێـو ڕووداوەکـە [...]»

ئـەو چەنـد دێـرە لـە بیرەوەرییەکانـی کازم دارابـی دەتوانـێ کۆمەڵێـک پرسـیار دروسـت بکا و پرسـیارەکان هەموویان بۆ هەڵوێسـتە لەسـەر کردن دەبن. دارابی ڕۆژی دوای تێرۆرەکـە دەڵـێ ئەمـن هەواڵەکـەم لـە ڕێـگای ویدیۆتێکسـتەوە چـاو پـێ کـەوت، ئەمـە دەتوانـێ ڕاسـت بـێ چونکـە دوای تێرۆرەکە هـەر کام لە تیمی تێـرۆر بـە لایـەکدا ڕۆیشـتوون و هیـچ پێوەندییەکیـان پێکـەوە نەمـاوە. ئـەوەش بـۆ ئـەوە بـووە کـە هیـچ ئاسـارێک لـە دوای خۆیـان بەجـێ نەهێڵـن. دەی باشـە کازم دارابـی چـۆن لـە چەندوچۆنیـی تێرۆرەکـە ئـاگادار بووایـە، بۆیـە پێویسـت بـوو ڕاگەیەنەکانـی بەیانـی بـە وردی سـەیر بـکا و بزانـێ ڕادەی سـەرکەوتنی عەمەلیاتەکەیـان چەنـدە بـووە و لـە هەمـان کاتدا بزانـێ هەڵوێسـتی پۆلیـس و دەزگای قەزایـی و بیـروڕای گشـتیی ئاڵمـان چـی دەبـێ و چ لایـەن و دەوڵەتێک

تاوانبار دەکەن؟ هەروەها بزانی کەس لە تیرۆریستەکان گیراون یا نا، یا پۆلیس باس لەسەرەداوێک دەکا یا نا؟ ئەو پرسیارانە بۆیە دەتوانی لە پێوەندی لەگەڵ کازم دارابی‌دا ڕاست بێ چونکە پێشینەی خۆی و دەوڵەتەکەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دژبەر و جیابیرانی خۆیان بە کردەوەی فیزیکی لەسەر ڕێگای خۆیان لابردوە. کازم دارابی لەو دەقەی سەرەوەدا دەڵێ ئەمن ڕێستورانی میکۆنووسم پێ نەدەزانی، لێرەدا ناوبراو دەیهەوێ وەک بەڵگەیەک بۆ قسەکانی دوایی کەلکی لی وەربگرێ و بۆ ئەوەیەتی کە بڵێ ئەمن ئاگام لەو تێرۆرە نەبووە. یا دەڵێ چونکە کوژراوەکان ئێرانی بوون بۆیان بەداخ بووم و هەر لەدوای ئەو ڕستەیەدا دەڵێ لە بنەڕەتدا ئێرانی بوونەکەشیان زۆر گرینگ نەبوو و بە کوژرانی خەڵکی بێ‌دیفاع هەموو کەس ناڕەحەت دەبێ.

دارابی خۆی پێشتر بە حەماسەتەوە باسی کردوە کە چۆن دەستەی سەد کەسیی کۆ کردۆتەوە و چۆتە سەر شوێنی مانەوەی خوێندکارانی ئێرانیی دژبەر و لێیانی داوە، تەنیا بە بیانووی ئەوەی ئەوان لە چەند هاوبیرێکی ئەویان داوە. سروشتییە کەسێک کە سۆز و عاتیفەی وای هەبێ کە بە کوژرانی خەڵکی بێ‌دیفاع ناخی بهەژێ، لە حاڵەتی وادا بەپەلە بڕیار نادا بەڵکوو هەوڵ دەدا بە مەنتق و ئەقڵ کێشەکە چارەسەر بکا، نەک بە گۆپاڵ و لەشکر کێشی؛ بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە ڕاست ناکا و ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دەڵێ کە لای خوێنەر خۆی بە ئینسانی بەڕوحم و بەزەیی نیشان بدا.

یان ئەوەی دەیهەوێ هەر لەسەرەتاوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە ئامادە بکا کە کازم دارابی بێ‌تاوانە، بەڵام پۆلیس و دادگای ئاڵمان لەژێر کاریگەریی چالاکیی دژەشۆڕش تاوانباریان کردوە بە کردەیەک کە نەیکردوە. هەر بەوەش

وا دەردەکەوێ کە کازم دارابی زۆری ئاگا لە دەربڕینەکانی خۆی نەبێ کە ئاوا پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان بە گێل و هیچ نەزان دادەنێ کە دژەشۆڕش توانیویەتی بە لاڕێیدا بەرێ، چونکە هەر کازم دارابی بۆخۆی لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا دەڵێ پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان بە وردبینی و لێزانی بەناوبانگن.

ئەی ئەگەر وایە چۆن کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دژەشۆڕشی تاراوگەنشین؟ تەنانەت ئەگەر ئەو قسەی دارابی لە بارەی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان ڕاست بێ کە پۆلیس و دادگا کەوتبنە ژێر کاریگەریی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم، بەو پێناسەی خودی دارابییش کە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان وردبین و لێزانن، دەی بەو ئاکامە دەگەین کە بەڵگەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بوون و توانیویانە پۆلیس و دەزگای قەزایی بە قەناعەت بگەیەنن.

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بڕوانینە دوو لایەنی ئەو پەروەندەیە، لایەنێکیان بە قەولی کازمی دارابی دژەشۆرشە و لایەنی دیکە کۆماری ئیسلامییە. کازم دارابی و نووسەری کتێبەکە دەبووا لە خۆیان پرسیبا کە چۆنە کۆماری ئیسلامی بەو هەمووە دامودەزگایە و تاقم و گرووپی جیاواز لەسەرانسەری دنیادا و بوونی ئیمکاناتێکی بەرفرەوان نەیتوانیوە ئەوەندە بەڵگە بدا بە دادگا و ئەو قەناعەتە لای دادوەران دروست بکا کە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو تێرۆرەدا نەبووە و بە سەلماندنی بێتاوانیی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە بێتاوانیی کازم دارابییش سەلمێندرابا. بەڵام کۆماری ئیسلامی چونکە خۆی لە پشتی ئەم تێرۆرە بوو، نەیدەتوانی بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ چ بگا بە بێتاوانیی کازم دارابی. لێرەدا دەتوانین بە کازم

دارابی بڵێین بە پێچەوانەی نەزەری ئەو دادگا کاری لەسەر تابڵۆی ڕاستەقینەی ڕووداوەکە کرد و بە ئاکامیشی گەیاند.

# سەفەری هامبورگ

کازم دارابی لەبارەی سەفەرەکەی بۆ هامبورگ دەڵێ: «چوار ڕۆژ پێش لە ڕووداوی تیرۆری میکۆنووس لە هامبورگ بووین و ڕۆژانە یا لە جەلەسەی یەکیەتیی ئەنجومەنی ئیسلامی بەشدار بووین یا سەردانی پێشانگای فەرش و پیشەسازییمان دەکرد و شەوانە بۆ حەسانەوە دەچووینەوە بۆ ماڵی سەقەفی لە ئۆلدنبۆرگ.» ئەو لە درێژەدا دەڵێ کە ڕۆژی ۱۷ی سێپتامبر زێنەب کچە نقوستانەکەی ناحاوێتەوە و بە قسەی خۆی زۆر نائارامە، بۆیە لەگەڵ خێزانەکەی وا ساغ دەبنەوە بگەڕێنەوە بۆ بێرلین. لە بێرلین دوای ئەوە کچە نقوستانەکەی تەحویلی دایەنەکەی دەداتەوە و سەردانی شیرکەتەکەی دەکاتەوە و بەردەستەکەی دەنێرێتە بانک بۆ ئەوە پەنجا هەزار مارک لە حیسابی شیرکەت بە نەقدی وەرگرێ و بۆی بێنێتەوە و دوای تەحویل وەرگرتنی پووڵەکە هەر ئەو ڕۆژە بەخێرایی بەرەو هامبورگ دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە خۆی دەگەیەنێتەوە شاری ئۆلدنبۆرگ بۆ ماڵی ئاغای سەقەفی!

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تێرۆر بەناوی خودا»دا لەو بارەوە دەنووسێ: «دارابی لە هەنگاوی دوایی لە مانگی ئووتدا موبایلێکی کڕی، ئەو کڕینە بۆ ڕایی کردنی کاری تیجاری نەبوو بەڵکوو بۆ ئەوە بوو دوای تێرۆرەکە بتوانێ بەبێ ئەوەی شنوود بکرێ لەگەڵ تیمی تێرۆر لە پێوەندیدا بێ. ئەو کارە زۆر پێویست بوو، چونکە دارابی بەرپرسی بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە بوو و، دەبووایە بە وەزعی تیمەکە ڕاگەیشتبایە. بەڵام خۆی وا ساغ ببۆوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکە لەو شارە نەبێ و بەڵگەی بەدەستەوە بێ و بیسەلمێنێ کە لەو کاتەدا لە بێرلین نەبووە.»

ئەگەر چاو لە هەڵسوکەوت و هاتوچۆی دارابی لەو سەفەرەدا بکەین دەبینین کە ناوبراو لە گێڕانەوەی سەفەرەکە و هۆکارەکانی ئەو سەفەرە جۆرێک تووشی ئاڵۆزی بووە و ئەمەش هێندێک گومان دەخاتە سەری، یەکەم ئەو سەفەرە چەند ڕۆژ پێش ڕووداني تێرۆری میکۆنووس بووە، بەڵام ڕاست لە ڕۆژی ١٧ ی سێپتامبردا دارابی، نەحەوانەوەی کچەکەی دەکاتە بیانوویەک بۆ گەڕانەوە بۆ بێرلین کە زۆر پێدەچێ لەم سەردانەدا مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکانی پێوەندیدار بە تێرۆرەکە بووبێ، بۆ نموونە وەرگرتنی پووڵ لە بانک کە لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا دەردەکەوێ کە یوسف ئەمین پووڵی بۆ دروستکردنی پاسپۆرتی ساختە و هەڵاتن لە ئاڵمان لە دارابی وەرگرتوە. دارابی ژن و منداڵەکەی لە هامبورگ بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین لە حاڵێکدا هەر ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ هامبورگ و بە قسەی خۆی ڕۆژی ١٩ واتا دوو ڕۆژ دواتر دەگەڕێتەوە بێرلین و ئەو هەموو هاتوچۆیە دەکرێ تەنیا لەبەر ئەوە بووبێ لە کاتی بەڕێوەچوونی تێرۆرەکەدا بەڵگەی بەدەستەوە

بێ کە بە ماڵ و منداڵەوە لە سەفەر بووە و هیچ ئاگای لەو ڕووداوە نییە. دەنا بۆچی ئەو مەودا دوورودرێژەی نێوان ئۆلدنبۆرگ و هامبورگ کە ١٦٩ کیلۆمیترە و مەودای نێوانی هامبورگ و بێرلین ٢٨٨ کیلۆمیترە کە لەسەر یەک بە چوون و گەڕانەوە ٩١٤ کیلۆمیترە، بە ماشێن دەبڕێ؟! ئەویش لە کاتێک‌دا کە لە یەک ڕۆژدا ئەم هاتوچۆیە دەکا و لە ١٩ی مانگ‌دا بە ژن و منداڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێرلین.

ئەگەر بەڕاستی دارابی فارس گوتەنی «ریگی بە کفش نداشت» بۆ هەر ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر کە کچە نقوستانەکەی دەبردەوە بۆ بێرلین هەر ئەو ڕۆژە بە ماڵ و منداڵەوە نەدەگەڕانەوە، وەرگرتنی پووڵی نەقدی ئەویش بەو ڕادەیە بۆ کاری بازرگانی لە سیستمی بانکی ئورووپادا لانی‌کەم شتێکی باو نییە، لێرەشدا بەو ئاکامە دەگەین کە کازم دارابی هەموو ئەو کارانەی بە مەبەستی سڕینەوەی نیشانەکان کردوە.

ناوبراو لە درێژەی ئەو چیرۆکە خەیاڵییەدا دەڵێ: «ڕۆژەکانی ٢٤ و ٢٣ی مانگی سێپتامبر لەگەڵ دوو کەسی دیکە بە مەبەستی وەرگرتنی چەند داواکارییەکی شیرکەت دەچمەوە هامبورگ و چەند شوێنی دیکە لە باکوور و ڕۆژئاوای ئاڵمان. بۆ کارێکی بەپەلە هەر لەو سەفەرەدا ماشێنە بارییەکەم لە هامبورگ بەجێ هێشت و ماشێنێکی (BMW)م بۆ چوار-پێنج سەعات بە کرێ گرت. ئەوەندە بەپەلە بووم کە بە خێراییەکی پتر لە ڕادەی دیاری‌کراو ماشێنم لێ دەخوڕی و تەنانەت چەند جار ڕێگام لێ ون بوو، بەم بۆنەیەشەوە کە گەیشتمەوە ماڵێ بەڵگەی جەریمەکەم بۆ هاتەوە.» لێرەدا ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی ئەوەندە بەپەلە بووە و نیگەرانی چ شتێک بووە، هەر بۆیە ڕەنگە ئەو

گومانەش دروست بکا کە بە ئەنقەست وای کردبێ و خۆی بە جەریمەکران دابێ، بۆ ئەوەی دواتر شایەدێک بێ کە لەو کاتەدا لە فڵان شوێنی ئاڵمان بووە. لە لاپەڕەی ١١٥ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا لە کۆتایی ئەو بابەتەدا دەنووسێ: «کارمان کە تەواو بوو گەڕاینەوە بۆ بێرلین، هەر ئەو کات بلیتی تەیارەم کڕی بە مەبەستی سەفەر بۆ تاران، سێ ڕۆژ دواتر واتە ٢٧ی سێپتامبر لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هامبورگەوە گەڕامەوە بۆ ئێران.»

هەر چەند دارابی بیانووی سەفەر بۆ ئێرانی بە قسەی خۆی بۆ ئەوە بوو کە بچێ لە نیزیکەوە ئەو کەل‌وپەلانەی کە شیرکەتی «ابریشم ساز» بۆی دابین کردوە لە بواری چەندی و چۆنییەوە هەڵسەنگێنێ، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستی، چونکە هەر بە سەرنج بەو داستانەی کە خودی دارابی لە ماوەی ڕۆژەکانی ١٧ هەتا ٢٧ی سێپتامبر دەی‌گێڕێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو کابرایە چەند شێواو و نیگەرانە و بەردەوام لە حاڵی سەفەردایە و نازانێ چۆن پاساو بۆ ئەو کارانەی بێنێتەوە، بۆ ئەوە لە دوارۆژدا بیسەلمێنێ کە ئەو ئاگای لە تێرۆری میکۆنووس نەبووە، بەڵام دەبینین لە دواییدا بە هۆی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەردەکەوێ کە ناوبراو لە دوای تێرۆریش لە هەوڵی ئەوەدایە سەرەداوەکان لەسەر خۆی و کۆماری ئیسلامی بسڕێتەوە و هەر بەم هۆیەشەوە لە تەواوی ئەو کتێبەدا مەگەر لە زمانی تێرۆریستەکانی دیکە، دەنا دارابی باس لە بێ‌تاوانیی ئەوان ناکا و هەوڵ دەدا وا نیشان بدا ئەوانی هەر نەناسیوە و یان ناسیاویی ئەوان لە چاک‌وچۆنییەک تێ نەپەڕیوە. دارابی باش دەزانێ کە یوسف ئەمین دانی بە هەموو تاوانەکەدا ناوە و باسی هەموو وردەکارییەکانی کردوە.

ئەوەی لە نێوەرۆکی کتێبەکەدا لەمەڕ تیرۆری میکۆنووس دەردەکەوێ ئەوەیە کە دارابی و هاودەستانی هەر لە پێشدا ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بوون کە دەوڵەت و پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان گاڵتەی پێ ناکرێ و دەبێ وا بکەن هەموو شتێک بە پێی بەرنامە بچێتە پێش، لە یەکەم هەنگاودا یوسف ئەمین دڕدۆنگ و دوودڵە کە کارێکی وا بکا؛ بەڵام تازە پێیان گوتوە و لە ترسی ئاشکرابوونی گەلاڵەی تیرۆرەکە دەستی لێ هەڵناگرن و هەوڵ دەدەن بە تەواوی تێوەی گلێنن بۆ ئەوە لە ترسی خۆیشی بێ نەتوانێ لە هیچ جێگایەک زار بکاتەوە. لە زمانی خودی یوسف ئەمین کە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا باسی ئەو مەسەلەیەی کردوە و، لە پەروەندەکەیدا سەبت بووە کە لە چەند جێگا باس لە چاودێریی قایمی ئەو گرووپە دەکا لەسەر خۆی کە نەکا ڕا بکا. نووسەری کتێبی نەقاشیی قاوەخانە، لە زمانی دارابییەوە، لە لاپەڕەی ٢١٣دا بەم جۆرە لە زمانی یوسف ئەمین ئەو بابەتە دەگێڕێتەوە: «من لەو ماوەیەدا بە چەندین جار بە شەریفم گووت کە دەمهەوێ بگەڕێمەوە بۆ شاری ڕاین (Rain)، بەتایبەتی کە براکەم لەو شارە تەسادوفی کردبوو و لە نەخۆشخانە کەوتبوو. ئەو کات بە تەلەفوون لەگەڵ براکەم قسەم کرد، لێی پرسیم ناگەڕێیەوە. پێم گوت ناهێڵن، ئەوکاتەی کە لەگەڵ شەڕیف خانووەکەمان بەجێ دەهێشت، بۆم ڕوون نەبوو ئەوان چ ئامانجێکیان هەیە، لەلایەن ئەوانەوە هەستم بە مەترسی دەکرد، یانی غیرەتم نەبوو ڕا بکەم، دەترسام بەڵایەکەم بە سەر بێنن. شەڕیف بە منی گوت دەبێ لە پێشەوە بڕۆم، شەڕیف لە پشت سەرم بوو و لە دوای ئەویش عیماد. ئێمە بە ستوون دەڕۆیشتین، وام هەست دەکرد شەڕیف دەیهەویست پێش بە هەڵاتنی من بگرێ.»

# دڕدۆنگیی یۆسف ئەمین

هەر وەک گوترا ڕازی ئەو تیرۆرە لە ڕاستی‌دا لە زمانی کەسێکەوە درکێندرا کە لە شارێکی دیکەوە بە نیازی کار پەیدا کردن بە دوای قسەی تیرۆریستەکان کەوتبوو و کاتێک پۆلیس دەست‌بەسەری دەکا هەر زوو ڕاستییەکان ئاشکرا دەکا و لە تەواوی ئەو کتێبەدا کازمی دارابی بەدەر لە ئۆپۆزیسیۆن لە یوسف ئەمین دڵمەندە و ئەو بە خەتاباری سەرەکی دەزانێ.

پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بەناوی خودا»دا لەو بارەیەوە دەڵێ: «[...] تەنانەت ئەمین بە پێچەوانەی عەباس ڕاحیل بە هۆکاری بنەماڵەیی لەسەرەتادا نەیدەویست بەشداری لەو تیرۆرەدا بکا، بەڵام لە کۆتایی‌دا بە هۆی پاڵپشتیی سیاسی بڕیار دەدا کە هاوکاری بکا.» هەر لەو کتێبەدا نووسەر لە جێگایەکی دیکەش‌دا باس لە ڕاڕایی ئەمین دەکا: «لە گەڵاڵەی تیرۆرەکەدا شەریف بۆ تیمی تەقەکردن دوو کەسی دیاری کرد بوو. یەکێکیان دەبووایە بە چەکی ڕەگبار و ئەوی دیکەشیان بە دەمانچە تەقە لە قوربانییەکان بکەن. دەمانچە بەدەستەکە دەبووایە فیشەکی کۆتایی لە قوربانییەکان بدا و، بۆ ئەو

مەبەسـتە شـەڕیف کە فەرماندەی تیمی تیرۆرەکەیە، یوسـف ئەمین دەسـتنیشـان دەکا و شـەڕیف لەگـەڵ ئەمیـن لـەو بارەوە قسـە دەکا؛ بەڵام ئەمین پێشـنیارەکەی شـەڕیف ڕەد دەکاتـەوە و ئامـادە نابـێ دەمانچەکـە وەربگـرێ و فیشـەکی کۆتایـی لـێ بـدا. شـەڕیف زۆر هـەوڵ دەدا کـە ئەمیـن ڕازی بـکا بـەڵام ناتوانـێ و ئەمین سـوور دەبێ لەسـەر بڕیارەکـەی خۆی. هەر بـەم بۆنەوە ئەمیـن دەکەوێتە بەر لۆمە و گازنـدەی ڕاحیـل و پێـی دەگوتـرێ ترسـەنۆک و خوێـڕی بـەڵام بـەو حاڵـەش ئەمیـن لەگـەڵ تیمەکـەدا دەمێنێتەوە و لە کاتی بەڕێوەبردنـی تیرۆرەکەدا نیگابانیی دەرگای دەرەوەی ڕێسـتوورانەکەی لـە ئەسـتۆیە.»

لەسـەر ئەو بابەتە ڕوئیا حەکاکیان لە کتێبی «پیاوکوژانی کۆشـکی فیرووزە» لـە لاپـەڕەی ٥٨دا بەمجـۆرە بـاس دەکا: «خۆبـواردن لـە پیـاو کوشـتن گـران بـۆ یوسـف تـەواو بـوو، تیمەکـە چیـدی متمانەیـان بـە یوسـف نەبـوو. ڕەفتـاری بێتێبینـی و سـەربەخۆیانەی ناوبـراو کـە زیاتـر ڕەفتارێکـی بێزەرەر بوو، ئێسـتا لـە لای ئـەوان نیشـانەی لاوازی بـوو. ئـەوان چاویـان لەسـەر هەڵنەدەگـرت و لـە ڕۆژەکانـی پێـش حەڤـدەی سـێپتامبردا ئیزنیـاندا چەنـد دەقیقەیـەک ئـەوان بـە تەنیـا جێبهێڵـێ و تەنیـا تەلەفـوون بـۆ ماڵـێ بـکا. هاوسـەرەکەی داوای لـێ کـرد بچێتـەوە ماڵـێ، بـەڵام ئـەو گوتـی: ‹ناتوانـم ئیزنـم نـادەن.› وەختێـک بـۆی دەرکـەوت ئـەوان بـە جارێـک دژی وی هەڵوێسـتیان گرتوە کە لـە ئاخر نیوەڕۆدا، بـە تاقـی تەنیـا لـە ئاپارتمانەکـەدا مابـۆوە. کاتێـک هەمـوو ئەندامانـی تاقمەکـە چوونـە مەئمووریـەت، ویسـتی خێـرا بچێ تەلەفوون بۆ هاوسـەرەکەی بکا، بەڵام دەرگا داخرابـوو و، نەشـیتوانی کلیلەکـە بدۆزێتـەوە.»

هەرچەنـد ئەمیـن لـە پرۆسـەی دادگادا قسـەکانی گـۆڕی و هەوڵـی دا وا بـە

دادگا بسەلمێنێ کە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتای‌دا پێی وابووە ئەگەر دان بە تاوانەکەدا بنێ و باس لە هەندێک کەس بکا هەر زوو ئازادی دەکەن؛ بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە یوسف ئەمین لەلایەن «حیزبوڵڵاوە هەڕەشەی کوشتنی بنەماڵەکەی لێ کراوە و، لەژێر ئەو گوشارەدا هەوڵی دەدا کە قسەکانی پێشووی خۆی وەربگرێتەوە و بە جۆرێکی دیکە باسی تیرۆرەکەی دەکرد. بەڵام دادگا قەبووڵی نەکرد چونکە جێ پەنجەمۆری دەستی چەپی ئەمین لەسەر ئەو کیسە نایلۆنە کە لە نێو ماشێنی هەڵاتنی تیرۆریستەکان لە لایەن پۆلیسەوە، دەبیندرێتەوە بە دیار دەکەوێ. هەر ئەوە دەبێتە هۆکار بۆ دەستبەسەرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە و ئەو بەڵگەیە شتێک نەبوو کە ئەمین بتوانێ حاشای لێ بکا و قسەکانی دوایی ئەو جێگای پەسەندی پۆلیسی لێکۆڵینەوەی جینایەت بێ. لە بارەی قسەگۆڕینی ئەمین، پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بەناوی خودا»دا دەنووسێ: «[...] دوای دەستپێکردنی دادگا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دیکەوە دەستوەردان دەکەن. سەرەتا باسیان لەوە دەکرد کە تیرۆری میکۆنووس هیچ پێوەندییەکی بەوانەوە نییە و، پەروەندەی تیرۆرەکەیان بە پیلانی شەیتانی گەورە و بچووک دادەنا. لەگەڵ دەستپێکی دادگا، بنەماڵەی ئەمین بە بارمتە دەگیرێن، هەتا ناوبراو لە قسەکانی خۆی کە کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرە نیشان دەدا پاشگەز بێتەوە. دیارە ئەو بە بارمتە گرتنە و هەڕەشە لێکردنە بوون بە هۆکارێک کە هیندێک لە شاهیدەکان قسەکانی خۆیان وەرگرنەوە.

# گیرانی کازمی دارابی

کازم دارابـی لـە لاپـەڕەی ١٢٠ و ١٢١ و ١٢٢ی کتێبـی نەقاشـیی قاوەخانە ئـاوا بـاس لـە بەسـەرهاتی گیرانـی خـۆی دەکا: «٨ ی ئۆکتۆبـر لەگـەڵ مـاڵ و منـداڵ لـە جێگایـەک دەگەڕاینـەوە، لەسـەر ڕێگا لەبـەر دەرگای یەکێـک لـە دۆسـتان ماشـێنەکەم ڕاگـرت، دابەزیـم، دیتـم ماشـێنێک بـە مەودایەکـی دوور لە ئێمـە ڕای‌گـرت، هەسـتم کـرد کـە بەدوامەوەیـە کاتێـک وەڕێ کەوتـم لـە ئاوێنـەی ماشـێنەکەوە چـاوم لێ‌کـرد لەگـەڵ ڕۆیشـتنی ئێمـە ئەویـش وەڕێ کـەوت، وام لێـک داوە کـە ئـەو بەدواکەوتنـە پێوەندیـی بـەو ڕووداوەوە هەیـە کـە لـە بیرلیـن پێـش هاتـوە، بـە هاوسـەرەکەم گـوت چـاو لـێ بـکا بزانـێ بەدوامانـەوەن، بـە ترسـەوە پرسـی بـۆ؟ گوتـم، پێموابـێ بـەدوای منـەوە بـن چـاوەڕوان بـووم بێـن، پێش‌تریـش بەهـۆی کارەکانم لەسـەرم هەسـتیار ببوون بە کورتی بە هاوسـەرەکەم گـوت، ڕەنگە بێن ماڵەکەمان بپشـکنن، هەرچەند ئێمـە کارێکمان نەکردوە، بەڵام مـرۆڤ دەبـێ وریـا بـێ. چەنـد مەئمـوور لـە دەوری ماڵەوە بـوون، گوتیـان ماڵەکە دەپشـکنین، پرسـیارم کرد لەبەرچـی؟ گوتیان لەبـەر ڕووداوی میکۆنووس، خۆم

سەرسووڕماو نیشاندا»

ئەو کاتەی پۆلیسەکان دەستبەندی لە دەست دەکەن و لە ماڵێ دەیبەنە دەرێ، ڕوو لە هاوسەرەکەی دەکا و دەڵێ: «حاجی خانم؛ گیانی تۆ و منداڵەکان، گیانی تۆ، گیانی زێنەب، گەردنم ئازاد کە.» لێرەدا بە تەواوی دیارە کە کازمی دارابی لە دوای ڕووداوەکە چاوەڕوانی بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ پۆلیس بووە، لە دەقەکەی سەرێ دیارە هەستی دڵەڕاوکێی دوای تێرۆر باڵی بەسەر دارابیدا کێشاوە و، زۆر وریای دەوروبەری خۆیەتی و لە وەدوا کەوتنەکەشدا بە هاوسەرەکەی دەڵێ دەبێ ئەوە پێوەندیی بەو تێرۆرەوە هەبێ، لە کۆتایدا دەڵێ ڕەنگە ماڵەکەمان بپشکنن.

ئەگەر چاو لە مێژووی تاوان و تاوانکاری بکەین، دەبینین مرۆڤی بێتاوان ترسی نییە لە لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی. دارابی ئەگەر بێتاوان بوایە نەدەبوو ئاوا بشڵەژێ و دەیتوانی بزانێ بۆ بەدوایەوەن. بەڵام مرۆڤی تاوانبار ئەو ئازایەتییەی نییە و لە هەوڵی دەربازبووندایە هەتا بەرەو ڕوو بوونەوە. لەو کاتەشدا کە مەئموورەکان دەڵێن ماڵەکە لەبەر ڕووداوی میکۆنووس دەپشکنین ناڵێ پێم سەیر بوو بەڵکوو دەڵێ وا خۆم نیشان دا کە پێم سەیرە. یا لەو کاتەدا کە پۆلیس قۆڵبەستی دەکا لە ماڵاوایی یەکجاریی کەسێک دەچێ کە خۆی دەزانی چی کردوە و حوکم و سزای چەندە دەبێ هەر بۆیە، هاوسەرەکەی بە گیانی خۆی و منداڵەکان سوێند دەدا کە گەردنی ئازاد بکا.

لەسەر حوکمی گرتنی دارابی لە لایەن پۆلیسی ئاڵمانەوە لە پەروەندەی حوکمی دادگای میکۆنووسدا ئاوا هاتوە: «[...] عەباس ڕاحیل لوبنانی یەکێک لەو دوو کەسەیە کە تەقەیان کردوە و لە ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢دا شناسایی و

دەسبەسـەر کـراوە. پەنجەمۆری دەسـتی ڕاسـتی لەسـەر دەمانچەی لامـە بەتەواوی دەرکەوتـوە. لەگـەڵ ناوبـراودا یوسـف ئەمیـن، دەستبەسـەرکراوێکی دیکـەی لوبنانییـە کـە لـە لێکۆڵینـەوەدا، لـە لای دادوەر دانـی بـەوەدا نـاوە کـە لـە کاتـی بەڕێوەبردنـی عەمەلیاتەکـەدا کێشـک بووە لەبەر دەرگای ڕێسـتورانەکە. بە دوای دانپێدانانـی ئەمیـن و ناسـاندنی کازم دارابـی بـە سـەرۆکی تاقمـی تیـرۆر کـە تێچووی چالاکییەکـەی لەئەسـتۆ بـووە، ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبـری ١٩٩٢ ناوبـراو دەسبەسـەر دەکـرێ.»

حوکمـی دەستبەسـەر کردنی دارابی بەم شـێوەیە: «ناوبراو بـە ئاگاداربوونی لـە گەڵاڵـەی تـاوان، خانـووی خـۆی هەڵکەوتـوو لـە شـەقامی دتمولدراشتراشـە B64ی بێرلیـن لـە ڕۆژی سـێزدە و چـواردەی سـێپتامبری ١٩٩٢ بـە مەبەسـتی خـۆ ئامادەکـردن و پشـوودان لـە ئیختیـاری کەسـانێک داناوە کە لـە بەڕێوەبردنی تاوانەکەدا ڕاسـتەوخۆ بەشـدار بوون کە هێندێکیان لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوون. تاوانبـار ڕاحیـل کـە دارابی کلیلی ماڵەکەی بەو دابـوو، تاوانبار ئەمین و تاوانبار فـەرەج حەیـدەر لـەو کەسـانە بـوون. لـەو ڕوانگـەوە تاوانبـار دارابـی بەشـێکی بەرچـاو لـە گەڵاڵـەی گشـتیی بەڕێـوە چوونـی تاوانەکـەی لە ئەسـتۆ بووە.»

لـە تـەواوی مـاوەی دادڕەسـیدا دارابی ڕەدی ناکاتـەوە کە ئـەو ماڵـە هیـی ئـەو نەبـووە، بـەڵام هەوڵـی نیشـاندانی بێتاوانـی خـۆی بـەم شـێوە دەدا کـە لـە لاپـەڕەی ١٢٤ی کتێبەکـەدا هاتـوە: «[...] مـاڵ و ژیانـی مـن لـە جێگایەکـی دیکەیـە، لەگـەڵ دایکـی منداڵەکانـم دەژیـم، ئـەو ماڵـە هیـی مـن نییـە و هەرکەس وای گوتـوە ڕاسـت نـاکا، ئیجارەنامەکـەی بەنـاوی منەوەیە، بـەڵام براکەم و چەند هاوڕێیەکـی لـەوێ ژیـاون. میکۆنـووس هیـچ پێوەندیـی بـە منـەوە نییـە. من ئەو

کات هەر لێرە نەبووم ١٨ی سێپتامبر ئەو هەواڵەم لە ویدیۆ تێکست بینی، چ پێوەندییەکی بە منەوە هەیە چ کەسانێک لەو خانووە کەلکیان وەرگرتوە و لە ڕووداوی میکۆنووس‌دا بەشدار بوون، براکەم سێ مانگ لەمە پێش چۆتەوە بۆ ئێران، دوای ئەو دۆستەکانی لەو ماڵە کەلکیان وەرگرتوە. من تەنیا کرێکەیم وەرگرتوە.»

ئەگەر سەرنج بدەینە بەرگرییەکەی دارابی لە مەڕ ئەو ماڵەوە، زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕاست ناکا، یەکەم بۆخۆی دەڵێ ئیجارەنامەکەی بە ناوی منە و دووهەم دەڵێ من تەنیا کرێکەیم وەرگرتوە، هەموو کەسێک دەزانێ بەکرێ‌گرتن و بەکرێدانی خانوو لە هەموو دنیا یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، خانوو بە هەموو کەسێک بە کرێ نادرێ و ئەو کەسەی بە کرێی دەگرێ، کۆمەڵێک ئەرکی یاسایی دەکەوێتە سەر شانی؛ لە پاراستنی خانووەکەوە هەتا ئەو کەلکەی لەو خانووە وەردەگیرێ نابێ بەپێچەوانەی قانوون و لە هێندێک وڵات پێچەوانەی عورف و ئایین بێ. ئەگەر بە قسەی خۆی لە جێگایەکی دیکە دەژیا و ماوەی سێ مانگ بووە کە براکەی چۆتەوە ئێران، بۆ هەوڵی نەداوە ئەو خانووە بداتەوە بە شیرکەتەکە و لە کۆڵ خۆی بکاتەوە؟! لە لای ئێمە دەکرێ وڵامەکەی تەنیا ئەوە بێ کە ئەو خانوە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری پێوەندی‌دار بە تیرۆرەوە ڕاگیراوە. دارابی دەڵێ بەمن چی چ کەسانێک کەلکیان لەو خانووە وەرگرتوە. لە کاتێک‌دا نابێ وا بێ و ئەمە ئاسایی نییە و خاوەن‌ماڵ دەبێ بزانێ خانوو بە کێ بە کرێ دەدا و ئەو کەس یا کەسانە بۆ چ مەبەستێک خانووەکە بەکار دێنن.

دارابی زۆر هەوڵ دەدا کە خۆی لەو کەسانە کە لە تیرۆرەکەدا دەستیان

هەبووە نەناس بکا و بەردەوام دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە لە نیزیکەوە دۆستایەتیی لەگەڵ هیچ کامیان نەبووە و تەنانەت نایانناسێ. بەڵام هەر گێڕانەوەکانی خۆی لە کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە نەک ناسیونی بەڵکوو هاوکاریشی لەگەڵ کردوون. لە لاپەڕەی ١٣٤ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا دەڵێ: «من بۆخۆم تاوانبار ڕاحیل لە نیزیکەوە ناناسم. بەڵام دەزانم لەگەڵ برایەکم بەناوی قاسم هەتا نیزیک بەهاری ساڵی ١٩٩٢ پێکەوە دەژیان و دوایی براکەم ڕۆیشتەوە بۆ ئێران و ئەوەش هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە. من تاوانبار ڕاحیل تەنیا لە ڕێگای هاتوچۆیی مزگەوتەوە دەناسم، بەڵام ئەو دۆستی من نەبووە و نییە.»

ئەگەر هەر تەنیا سەرنج بدەینە ئەوەندە قسەی دارابی کە لەسەر ڕاحیل دەڵێ دەزانین کە ڕاست ناکا، هەر بەقسەی دارابی ئەو کەسە ماوەیەک لەگەڵ براکەی ژیاوە، ئەم جۆرە پێکەوە ژیانە ئەویش لەلایەن دوو کەسەوە کە هاو زمان و هاوکولتوور نین؛ دژوار دەنوێنێ. ئەم هاوپێوەندییە ناتوانێ تەنیا پێوەندییەکی کاری بێ و زیاتر نیشان دەدا کە بیروبۆچوون و شێوە ڕوانینی ئایینیی هاوشێوەیان پردی نیزیکبوونەوەیان بووە. سەرەڕای ئەوەش چۆن دەکرێ کەسێک کە لەگەڵ براکەی ژیابێ و تەنانەت ماڵەکەش بەناوی دارابییەوە بێ و نەشزانێ کێیە لەگەڵ براکەی و لە خانووەکەی ئەودا دەژیی!!! بێجگە لەوانە لە وڵاتێکی ڕۆژاواییدا برایەکی موسوڵمان کە هاتوچۆی مزگەوت دەکا ناتوانێ پاش ماوەیەک نەناسیاو بمێنێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە کە دارابی لە چوارچێوەی ئەو ئیدۆلۆژییەدا کاری بۆ کۆماری ئیسلامی کردوە خۆی لە لاپەڕەی ١٣٧ ی کتێبەکەیدا دەڵێ: «هەر وەکی پێشتر باسم کردوە ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکاران بووم و ئەوە شتێکی شاراوە نەبووە، یەکیەتییەکە تەشکیلاتێک بوو کە پۆلیس چاودێریی کار و کردەوەکانی دەکرد. لەو بەڵگەیەدا یەکەم دەڵێن من ئەندامی ئەو یەکیەتییەم و لە دواییدا دەنووسن کە ئەو یەکیەتییە شوێنی کۆبوونەوەی ئێرانییەکانی لایەنگری ڕێژیمی ئێران لە ئورووپایە. ئەو یەکیەتییە لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژیکەوە پاراستنی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامییە.» لە وڵامی ئەوەدا دارابی دەڵێ: «بەڵێ! من تێناگەم ئیشکالی ئەوە لە کوێدایە کە کۆمەڵێک خوێندکاری نیشتمانپەروەر، پشتیوانی لە وڵات و دەوڵەت و ئینقلابی خۆیان بکەن؟ چۆنە ئەو هەموو گرووپ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ئورووپا بە تایبەتی لە ئاڵمان بە دژی ئێران چالاکییان هەیە عەیب و ئیرادیان نییە؟ بەڵام چەند خوێندکار لە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوە و پشتیوانی لە ئامانجەکانی ئینقلاب و نیزام دەکەن لێیان بۆتە شتێکی سەیر.»

لە وڵامی دارابی پێویستە بگوتری جیاوازیی گرووپەکەی دارابی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانەی دارابی بە دژەشۆڕشیان دەزانێ قەت بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆیان تێرۆری نەیارەکانیان نەکردۆتە ئامانج. ئەوان لە کەش‌وهەوای ئازادی وڵاتانی ئورووپایی هەوڵیان نەداوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لە توندوتیژی بەرامبەر بە نەیارەکانی خۆیان کەلک وەربگرن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات بە دەستەوە بگرن، بەڵام دارابی دەبێ ئەوندە بزانێ ئەو نیزامە و دەوڵەت و ئینقلابەی ئەو

پشـتیوانی لێ دەکا لەسـەرەتای بە دەسـەڵات گەیشـتنییەوە تیرۆر و لە نێو بردنی جیابیرانی خۆی و تیرۆر و پەروەردەکردنی تیرۆریزم وەک سـتراتیژیی پاراسـتنی دەسـەڵاتداری چـاوی لـێ کـراوە. هـەر بۆیـە بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو سـتراتیژییە گوێـی بـە یاسـا و ڕێسـاکانی نێودەوڵەتیش نـەداوە و ماشـێنی تیرۆرەکەی هەموو سـنوورە نێودەوڵەتییەکانـی بەزانـدوە؛ هـەر بۆیـە پۆلیـس و دەزگای ئەمنیـی هـەر وڵاتێـک بـە چـاوی ئەمنیەتییـەوە دەڕواننـە هـەر جـۆرە کۆبوونـەوە و لێکئاڵانـی لایەنگرانـی کۆماری ئیسـلامی.

# سەربەخۆیی دادگای میکۆنووس و میدیای کۆماری ئیسلامی

دارابی لەو کتێبەدا هەروەکی پێشتر باسمان کرد زۆر باس لەوە دەکا کە دادگا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و پێی وایە دادگا سەربەخۆیی خۆی نەپاراستوە، بەڵکوو هەموو هەوڵی دادگا ئەوە بووە کە دارابی مەحکووم بکرێ و لە ڕێگای دارابییەوە کۆماری ئیسلامی تاوانبار بکرێ. لە لاپەرەی ١٤٠ی کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا بۆ دیفاع لە خۆی دەڵێ: «[...] لە ئێران و جیهاندا بە میلیون ئێرانی وەزارەتی و ئیتلاعاتین! تەواوی بەڵگە و ئەدلەکانی دەزگای ئیتلاعاتی و قەزایی ئاڵمان لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی تاقم و گرووپی دژبەری کۆماری ئیسلامیدا بوو [...]». لە لاپەڕەی ١٦٠دا هەر لەسەر ئەو بابەتە دەدوێ و دەڵێ: «[...] بۆ کەسانێک کە ڕقیان لە کۆماری ئیسلامی بوو چ شتێک لەوە باشتر کە یەکێک لە لایەنگران و هەوادارانی ئینقلاب و ئەویندارانی ئیمام کەوتۆتە بەر تیغی جەفا و، ئێستا بۆ پاکانە حیساب دەبێ ئەو هەلە بقۆزنەوە. هۆکاری سەرەکیی دوژمنایەتیی ئەو گرووپانە لەگەڵ من، وەفاداری بە ئێران بوو [...]». ئەو لە درێژەدا و

لە لاپەرەی ١٦٢دا دەڵێ: «[...] ئۆپۆزیسیون لە یەکەم ڕۆژی دوای ڕووداوی میکۆنووس ماشێنی خراپکاریی خۆی وەگەڕ خستبوو و خۆپیشاندان و گردبوونەوەی جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا [...]». لە لاپەرەی ١٦٣دا دارابی ئاماژە بەوە دەکاتەوە کە حوکمی دادگا لەژێر هەژموونیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامیدا دراوە و دەڵێ: «[...] دیتمان لە کۆتاییدا ئەوان سەرکەوتن و بە هات و هاوار و جەوسازی توانییان کاریگەرییان هەبێ لەسەر ڕەوتی دادگا و پێی ئێرانیش بکێشنە دادگا [...]»

ئەو چەند نموونەی سەرەوە لە قسەکانی دارابی لە بارەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەکرێ ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە دارابی خۆیشی دەزانێ کاریگەریی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران بە ڕادەی زانیارییەکانی دەزگای ئەمنی و لێکۆڵینەوە و پۆلیسی ئاڵمان و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی دادگا نەبووە. دووهەم، دارابی بۆیە وا بە کارەکانی ئۆپۆزیسیون تووڕەیە چونکە پێی وابوو پێگەی کۆماری ئیسلامی ئەوندە بەهێزە کە ئەو تێرۆرەش بە چارەنووسی تێرۆرەکانی دیکە کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی ئورووپا ئەنجامیان داوە، دەچێ. بەڵام دەبینێ لە لێکدانەوەکەیدا بە هەڵە چووە، چونکە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەم خێرا وەخۆ کەوتن و هەم هەتا ڕادەیەکی زۆر کە لە مێژووی لانیکەم ئەو سەدەیەدا نموونەی نەبووە، سەربەخۆیی خۆیان پاراست و نەچوونە ژێر کاریگەریی ساتوسەودای سیاسی و ئابووریی دەوڵەتی ئاڵمان و ئێران. سێهەم دارابی بە کردەوە لە ڕەوتی کاری دادگا و لە زینداندا هەستی پێ کردبوو کە کۆماری ئیسلامی نەک بۆ دارابی و بۆ باقیی تێرۆریستەکانیش

هیچی پێ ناکرێ، تەنانەت زیاتر لە هەوڵی ئەوەدایە لە هیچ کوێ ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نەبردرێ. چوارەم، بۆ مەگەر دیفاع و بەرگری لە خۆکردن هەر بۆ دارابی و هاوبیرەکانی دروست و قانوونییە؟ بۆچی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و بنەماڵەی قوربانییەکان لە جێی خۆی‌دا نییە کە دژ بەو هەموو کردەوە ناجوامێرانە و دژە مرۆییانەی ڕێژیم دەرحەق بەوان کردوویانە نارەزایەتی دەرنەبڕن و داوای مافی خۆیان نەکەن؟ لێرەدا چەندین پرسیارێک ڕوو بە دارابی دروست دەبن، چۆنە وەک بۆ خۆی دەڵێ لە ئێران و جیهان‌دا بە میلیۆن کەس وەزارەتی و سەر بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامین، ئەی چۆنە لە نێوان ئەو میلیۆنانەدا قورعە بە ناوی دارابی دەرچوو؟ دارابی مەگەر جیا لە تێرۆریستێک کێ بووە هەتا ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی بکەن و لەو هەلە کەلک وەربگرن و پاکانە حیسابی لەگەڵ‌دا بکەن؟ لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا پێگەی دارابی و کەسانی وەک ئەو لە کوێ جێ دەگرێ کە دەستبەسەرکردنی ناوبراو ببێتە هۆی لاوازیی کۆماری ئیسلامی؟ خۆ کەسانی وەک دارابی کە لایەنگری قورس و قایمی کۆماری ئیسلامین لە وڵاتی ئاڵمان زۆر بوون، بۆچی ڕاست پۆلیسی ئاڵمان بەگژ ئەودا هات و سەروسۆراغی کەسانی دیکەی نەگرت؟ وڵامەکە بۆ هەموو ئەو پرسیارانە یەک وڵامە و ڕوونە. چونکە هەموو بەڵگەکان دەیان‌گوت دارابی لە پشت هەموو ئامادەکارییەکی تێرۆری میکۆنووس‌دا بووە. خاڵێکی جێگای سەرنج کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکری ئەوەیە کە گەڵالەی تێرۆرەکە وا داڕێژرابوو کە هەموو ئەوانەی لە تێرۆرەکە بەشدار دەبن خەڵکی ئێران نەبن، یا ئەگەر خەڵکی ئێرانن نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپایی بن، بۆ ئەوە لە هەر ئیحتمالێک‌دا ئەگەر پۆلیسی ئاڵمان بە دوای سەرداوێکەوە بوو،

پـێ ئێـران گیـر نەبـێ. هـەر بۆیـە چەنـد ڕۆژ پێـش لـە کـرداره تیرۆریسـتییەکەی ڕێسـتورانی میکۆنـووس هـەر وەک پێشـتر باسـمان کـرد دارابـی حەجمینی نییە و بەدایمـە لەنێـوان شـاری هامبـوورگ و بێرلیـن لـە هاتوچۆدایـە و دەیـەوێ ئـەم شـوێنەونکەیە بیانوویـەک بـێ بـۆوەی بڵـێ ڕۆژی تیرۆرەکـەدا هەر لـە بێرلین نەبووە.

# کازمی دارابی و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران

کازم دارابی ڕەخنەی توندی لە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران هەیە و پێی وایە لە ڕووداوی تیرۆری میکۆنووس‌دا غافلگیر بووبن و هەواڵەکانیان زۆر کرچوکاڵ بووە. ئەو دەڵێ ئەگەر ئاڵمانییەک لە تاران دەستبەسەر کرابا دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئاڵمان دنیایان لەسەر سەری خۆیان دادەنا، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەکانی ئێران زیاتر سەیرکەری ڕووداوەکان بوون. ئەو لە لاپەڕەی ١٦٤ی کتێبەکەدا دەڵێ: «ئەگەر لە ئێران کەسێکی ئاڵمانی بە تاوانی کردەوەیەکی وەک قاچاغ، یا دزی گیرابا، بە خاترجەمی میدیاکانی ئاڵمان کۆڵیان نەدەدا و هەموو ڕۆژێ شتیان لەسەر دەبوو و خۆپێشاندان و نارەزایەتییان وەڕێ دەخست و فشاریان دێنا بۆ دەوڵەت و دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان کە پێوشوێنی ئەم کەیسە کەون؛ بەڵام لە ئێران ڕۆژنامەکان سەیرکەری ڕووداوەکە و گیرانی من بوون و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی کورت و ناڕوون قەناعەتیان دەکرد [...]»

وەک گوترا کازم دارابی گلەیی و ڕەخنەی تەواوی لە میدیای ئێران هەیە لە شێوەی خۆ بە خاوەننەکردنی بابەتەکە، بە تایبەتی کە ناوبراو هاووڵاتیی ئێرانییە و چاوەڕوانیی ئەوەی بووە کە ڕۆژنامەکان و دەزگای ڕاگەیاندن وایان سەرنج دابا بە بابەتەکە کە توانیبایان بیروڕای گشتیی ئێران بجووڵێنن و ئەوانیش کاریگەرییان هەبێ لەسەر دەزگای حاکمەی وڵات بۆ ئەوەی لە بەرابەر دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێستی توند بگرن.

دارابی لەوەدا حەق بە خۆی دەدا ڕەخنەی لە ڕۆژنامەکانی ئێران هەبێ چونکە لە بەرامبەر کارێکدا کە ناوبراو بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی، دیفاع کردن لە نابراو و ورووژاندنی بیروڕای گشتی بە مافی خۆی دەزانێ. بەڵام دارابی لە شتێکدا یا خۆی گێل دەکا یا لێی نازانێ، ئەویش ئەوەیە کە وێکچوواندنی ڕۆژنامەکانی ئاڵمان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێران کارێکی هەڵەیە، چونکە سیستمی ئاڵمان ئەزموونی زیاتر لە چەند سەت ساڵ دێموکراسیی هەیە و ئەگەر لە قۆناغێک لە مێژوودا بە هۆکاریك ڕەوتی دێموکراسی لەم وڵاتە بە لاڕێشدا چووبێ، هەر زوو خەڵکی ئاڵمان هەوڵیان داوە بیخەنەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی. هەر بۆیە دەزگای ڕاگەیاندن بە گشتی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی وڵات کار دەکا و هەر کاتێک بیهەوێ توانیویەتی بیروڕایی گشتی وڵات بە قازانجی بەرژەوەندیی وڵات و خەڵک بورووژێنێ. بەڵام لە ئێران بە تایبەت لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتدارانی نیزام هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە ڕاگەیاندن و هەموو میدیاکان تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بن و بە تەواوی خراونەتە ژێر کونترۆڵ و چاودێریی دەزگاکانی پاراستنی نیزام.

دارابی ئەگەر ئەو کاتیش بە هۆی غرووری گەنجیەتی هەستی بەو ڕاستییە نەکردبێ ئێستا کە لە ئێران دەژی و تەمەنێکی تێپەڕاندوە و ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێرانی لە نزیکەوە هەست پێ کردوە، دەبێ ئەوە بزانێ کە بیروڕای گشتیی ئێران لەگەڵ ڕێکاری تێرۆر و پەروەردەکردنی تێرۆریزم نین و نەبوون، هەر بۆیە ئەو کاتیش کە تەنانەت فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران وەک ئێستاش نەبوو؛ دەسەڵاتدارانی تاران ترسیان هەبوو بە ئاشکرا ڕابگەیەنن کە کەسێکی ئێرانی لەگەڵ چەند کەسی لوبنانی بە هۆی تێرۆری سێ لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسێکی دیکەی دۆستی کوردان کە دژبەری ڕێژیم بوون، لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمانەوە گیراون و خەریکە دەستی دەوڵەتیش ڕوو دەبێ لە دەست تێدا هەبوونی لەو تێرۆرەدا. دارابی دەبێ ئەو ڕاستییە بزانی لە ئاڵمان لەسەر دەستی خەڵک حکوومەت پێک دێ و حکوومەت و دەزگای بەڕێوەبەریی وڵات لە بەرامبەر بیروڕای گشتی و بەرژەوەندیی خەڵکدا بەرپرسیارە و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ خۆی لە دەنگی خەڵک بێنیاز ببینێ، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوی حیسابی بۆ نەکرێ دەنگی خەڵکە، چونکە کەسێک لەسەرەوەی هەموو قانوونەکانە کە خۆی بە نوێنەری ئیمامی زەمان و لە ڕێگای ئەویشەوە بە نوێنەری خوا دەزانی لەسەر زەوی. ئەوە معادلەیەکی ڕوونە و خەڵک لەو هاوکێشەیەدا جێگای نییە، بۆیە بیروڕاشیان ناتوانێ کاریگەریی هەبێ لەسەر بڕیار و قانوونەکانی نیزام.

هەر لەم بارەوە پەرویز دەستماڵچی لە کتێبی «تیرۆر بە ناوی خودا»دا دەنووسێ: «[...] دەسەڵاتدارانی تاران بە پشتبەستن بە تەجروبەی خۆیان، دوای تیرۆری بێرلین سەرەتا بە خوێنساردی و خۆشلوێ نەکردن بێدەنگییان هەڵبژارد. هەواڵی تیرۆری بێرلین بە چەشنێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو بۆوە کە گۆیا وەک هەموو جارێ گرووپە نەیارەکان لەگەڵ یەکتر پاکانە حیسابیان کردوە، یا دەستی ڕێکخراوەکانی سیخوڕی ڕۆژئاوایی تێدایە کە دەیانەوێ ڕوخساری کۆماری ئیسلامی لە بەرچاوی کۆمەڵگای جیهانی دزێو بکەن.»

دوای گیرانی دارابی و ئاشکرابوونی ناوبراو وەک ئەندامی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، یەکەم نیشانەکانی دەست تێدا هەبوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری بێرلین بۆ پۆلیس و دەزگای لێکۆڵینەوەی قەزایی ئاڵمان دەرکەوت. هەر بۆیە لە یەکەم دژکردەوەدا کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند هەر جۆرە دەست تێدابوونی دەزگاکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی لەو تیرۆرە ڕەت دەکرێتەوە و ئەوە تەنیا پڕووپاگاندای گرووپ و دەستەکانی سەر بە زانیونیزم و ئیمپریالیزمە بۆ بەدناوکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی.

بەڵگەنامەی نهێنیی ژمارە (٨١١٥٥) کە لە گۆڤاری «فۆکوس»دا چاپ و بڵاو بۆوە، باس لەوە دەکا کە «بەپێی ڕاپۆرتێکی نهێنی، دەسەڵاتدارانی ئێران دەستیان هەیە لە تیرۆری میکۆنووس‌دا».

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە باڵوێزخانەی ئێران لە ئاڵمان سکاڵای لەسەر گۆڤاری فۆکوس لە دادگا تۆمار کرد و بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەم ڕۆژنامەیە بوختانی بە ئێران کردوە و دەنگۆ و درۆی بڵاو کردۆتەوە، داوای

سێ سەت هەزار مارکی قەرەبوو کرد. لە دادگا پارێزەرەکانی گۆڤاری فۆکوس بە خستنە ڕووی کۆپی ئەسڵ لە بەڵگەنامە نهێنییەکە قسەکانی خۆیان سەلماند و باڵوێزخانەی ئێران سکاڵاکەی دۆڕاند و ئەوەش بوو بە بەڵگەیەکی گرینگ بۆ سەلماندنی ئەوە کە ئێران بڕیاردەری ئەسڵیی تیرۆری میکۆنووس بووە و لە دادگای میکۆنووس وەک یەکێک لە بەڵگەکان دادگا پشتی پێ بەستوە.

# کۆماری ئیسلامی و دادگای میکۆنووس

کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە دەیهەویست پێش بە وەگەڕکەوتنی دادگای میکۆنووس بگرێ، یان لانیکەم لە ئەگەری بەڕێوەچوونەکەشیدا ناوێک لە کۆماری ئیسلامی نەبردرێ. دارابی لە لاپەڕەی ۳۰۱ی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا دەڵێ: «دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و بیستنی شایەدیی شایەدەکان هیچ نەمابۆوە بۆ هەڵوێستە لەسەرکردن، هەر بۆیە دادگا بڕیاری کۆتایی هێنان بە کارەکانیدا و، ماوەی یەک حەوتوو مۆڵەت بە دادئەستێن درا بۆ ئەوەی ئیقامەی دەعوا پێشکەش بکاتەوە. من زۆر بەوە خۆشحاڵ بووم کە لەو وەزعە ناڕوونە ڕزگارم دەبێ، بەڵام لە حەوتووی داهاتوودا بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی من، لاپەڕە هەڵگەڕاوە و لە کاتی دەست پێکردنی دادگادا سەرۆکی دادگا، نامەی ئیشمیت باوێر، وەزیری ڕاوێژکاری «هلموت کهل صدر اعظم آلمان»ی هێنا و نێوەرۆکی نامەکە خوێندراوە کە باسی لەوە دەکرد؛ باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان ئاغای مووسەوییان ڕایگەیاندوە دوو شایەدی ئێرانی بە ناوەکانی «ابراهیم نورآرا» و «بهرام برنجیان» ئامادەن

بچنە باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران شەهادەت بدەن. بە بیستنی ئەو هەواڵە بەتەواوی سەرم سووڕ ما، وا تێک چووبووم هەر سەیر. هەتا سەعاتێک لەمەو بەر خۆم لە یەک هەنگاویی دەرچوون لە جەهەنەمی دادگا دەدی ئێستا بۆ جارێکی دیکە توورِ هەڵدرامەوە بۆ بنەبانی جەهەنەم. وای خوایە ئەمە ئیتر چ بەڵایەکە.»

لەم بەشەدا کە باس کرا، دوو نیگەرانی دەردەکەوێ. یەکەمیان نیگەرانیی دارابییە، ترسی دارابی لە درێژبوونەوەی ماوەی دادگاکە نەبوو بەڵکوو ترسی ئەوەی ڕێنیشتبوو کە شایەدیی ئەو دوو کەسە لەبەر ئەوەی کە ناویشیان لە خانووەکەی دارابیدا هاتبوو بتوانێ کاریگەر بێ لەسەر بڕیاری دادگا. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ڕێگری لە چوونەوەی ئەم دوو کەسە بۆ ئاڵمان کرد، چونکە ئەگەری ئەوە هەبوو لە شایەدەوە ببنە تاوانبار. بەڵام لە قسەکانی دارابی و یوسف ئەمین دیار بوو ئەو دوو کەسە ئاگایان لە تیرۆرەکە بووبێ. تەنانەت کاتێک مەسەلەی شایەدیی ئەو دوو کەسە لە دادگادا باس دەکرێ، دادئەستێن پێی وایە ئەوە چیرۆکێکی دەستکردە و لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەڵبەستراوە و، هیچ یارمەتییەک بە ڕاستیی ڕووداوەکە ناکا. سەرەڕای ئەوەش لەسەر ئەو بڕوایە بوو شایەدییەکەیان بە ڕادەیەک ئاڵۆزە کە پێویستە لێرە بن و، دادوەری لێکۆڵینەوە بتوانێ لەسەر درۆ و ڕاستیی قسەکانیان بڕیار بدا. دووەم ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هەموو حەولی ئەوە بوو ناوی وەک لایەنی بەشدار لەم کردەوە تیرۆریستییەدا نەیە، بۆیەش بە هێنانی ئەم جۆرە شایەدانە بەدوای کوشتنی کاتەوە بوو و، دەیهەویست لەم نێوانەدا بە شێوەیەک دوڵەتی ئاڵمان ڕازی بکا حوکمەکەی بە جۆرێک بێ کە

لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدا بێ. لەگەڵ ئەوەشدا دادگا ئیزن دەدا چوار پارێزەری تاوانباران دارابی، ئەمین، عەیاد و عەتریس وەک یەک تیم بچن بۆ گوێڕاگرتن لە قسەکانی ئەو دوو کەسە. دارابی کە لە هەموو ئەو کتێبەدا باس لەوە دەکا کە دادگا لایەنگری لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کردوە، بەڵام لێرەدا دەبینین هەر بە قسەی دارابی، دادگای ئاڵمان ڕاگەیاندنی حوکمەکەی ڕادەگرێ بۆ دوای بیستنی شەهادەتی ئەو کەسانە. دەڵێ: «تیمێکی پارێزەر ڕەوانەی ئێران کران و دادگا هەتا هاتنەوەی ئەوان چاوەڕوان مایەوە.» هەر ئەوە نیشانەیەکە لە دادپەروەریی دادگای میکۆنووس.

# کۆماری ئیسلامی و هەوڵی ساتوسەودا

بەڵام بێجگە لەو بابەتەی سەرەوە دارابی باس لە گلەییەک دەکا کە لە ڕۆژنامە نێوخۆییەکانی کردوە لەسەر بارودۆخی خۆی، ئەویش باس لە کەسێکی ئاڵمانییە بە ناوی «هلموت شیمکوس» کە بە تاوانی جاسووسی ماوەی نزیک بە پێنج ساڵ بوو لە ئێران دەستبەسەر کرابوو. دارابی ئەوە ئاشکرا دەکا کە لە نێوان ئاڵمان و ئێران پێکهاتن کراوە بەو مەرجە ئێران ئەو کەسە ئازاد بکا ئاڵمانیش دارابی ئازاد دەکا و بە قسەی دارابی ئێران بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا، بەڵام ئاڵمانییەکان بەڵێنەکەیان شکاندوە و لەو بارەوە ڕاست نەبوون و ئەویان ئازاد نەکردوە. دارابی لەوە تووڕەیە و ئازادکردنی ئەو کەسە لە لایەن ئێرانەوە بە کارێکی دروست نازانێ، چونکە ئەو کەسە دەستی بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور بووە. لە لاپەڕەی ١٧٦ی کتێبەکەدا، دارابی ئاوا باسی ئەو بابەتە دەکا: «کاتێک من دەستبەسەر کرام، بابەتی ئەو هێشتا لە چاپەمەنی و فەزای سیاسیی ئاڵماندا بەرباس بوو. گوایە ئاڵمان ئەو بارمتە گرتنەی پێخۆش بوو، لە یەکێک لە دیدارە دیپلۆماتیکەکان

لە نێوان ئاڵمان و ئێراندا (اشمیت باوئر) ئازادکردنی منی پابەندی ئازادیی (شیکموس) کرد بوو. ئێران بۆ پشتیوانی لە هاووڵاتیی خۆی ئامادە دەبێ ئەو مامەڵەیە بکا و بەڵێنی خۆی بەجێ دێنێ، بەڵام ئاڵمان لەژێر بەڵێنی خۆی دەدا» لێرەدا دەردەکەوێ ئێران چەندە بە دوای ئازاد کردنی دارابییەوە بووە و، هەتا بڕیاری کۆتایی دادگا هەرچی لە دەستی هاتوە کردوویەتی بۆ ئەوەی ڕەوتی دادگا ڕەواڵی ئاسایی خۆی نەبڕێ. دارابی لەوە پێشتر و لە دواییشدا هەر هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە خۆی بێتاوانە و کۆماری ئیسلامیش بە هیچ جۆرێک ئاگای لە تێرۆری میکۆنووس نییە. ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستە، بۆ ئێران ئامادەیە ئەو مامەڵە بکا و بە قسەی دارابی، کەسێک ئازاد بکا کە دەستی بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور بووە؟ ئازادکردنی کەسی ئاوا دەبێ لە بەرامبەر چیدا بێ، واتا ئاڵمان دەبێ چ کارێکی گرینگ بۆ ئێران بکا کە قەرەبووەکەی ئازادکردنی ئەو کابرایە بێ؟ ئێران ئەگەر خۆی داڕێژەر و بەڕێوەبەری تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی نەبووە، بۆ ئەوەندە نیگەرانە لە ڕەوتی دادگا کە ئامادەیە زیندانییەکی ئاوا گرینگ لە بواری ئەمنیی وڵاتەوە لەگەڵ دارابی بگۆڕنەوە؟

دارابی هەر وەکی گوترا لە تەواوی ئەو کتێبەدا بەبێ بەڵگە دەیهەوێ بێتاوانیی خۆی بسەلمێنێ و، لە هەندێک جێگادا پەنا دەبا بۆ ئەوە کە بۆیە تۆمەتی ئەندامەتیی وەزارەتی ئیتلاعات و حیزبوڵڵای لوبنای لێ دەدرێ، بۆ ئەوەیە بتوانن کۆماری ئیسلامیی پێ مەحکووم بکەن. لەو بارەوە لە لاپەڕەی ٣٠٨دا دەڵێ: «[...] ئەوانە لەسەر من هەندێک گومانیان هەیە لە حاڵێکدا من ناناسن و ئیمکانی نییە سەبارەت بە کردارم زانیارییان هەبێ، بەڵام

کاتێک من تاوانبار دەکەن، حکوومەتی ئێرانیش تاوانبار دەکەن.» ئەوە جۆرەێک دانپێدانانە بە ئەندامەتی لە وەزارەتی ئیتلاعات، پرسیار ئەوەیە بۆ زیاد لەو هەمووە ئێرانییەی کە لە ئاڵمان و ئورووپا نیشتەجێن، دادگایەک کە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی تێرۆری میکۆنووس پێکهاتوە؛ ڕێک بە دارابییەوە دەنووسێ؟ کەسایەتیی دارابی لە چ ئاستێکدا بووە کە بتوانرێ کۆماری ئیسلامی پێ تاوانبار بکرێ و، لە لایەکی دیکەوە بۆ پێش تێرۆری میکۆنووس دەزگای قەزایی ئاڵمان لە هەوڵی ئەوەدا نەبووە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکا یا دارابی دەستبەسەر بکا؟ وڵامەکەی ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە تێرۆرێک لەسەر خاکی ئاڵمان ڕووی داوە و، ئەوانەی تێرۆر کراون جگە لە کۆماری ئیسلامی لایەنی دیکە دوژمنیایەتی نەکردوون و ڕابردووی کۆماری ئیسلامیش، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە و لە لایەکی دیکەوە بەڵگەکانی بەردەستی دادگا و دانپێدانانی یوسف ئەمین و ڕابردووی دارابی؛ تەواوکەری ئەو حەقیقەتە بوون کە تێرۆرەکە کاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە و دارابی یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو تیمە تێرۆرە بووە.

# ئاڵۆزیی پەروەندەی میکۆنووس

پەروەنـدەی تیـرۆری ڕێسـتووورانی میکۆنـووس چەندیـن لایەنـی سیاسـی و ئەمنـی و ئابـووری لەخـۆ گرتبـوو. پێوەندییـە سیاسـی و ئابوورییەکانـی لەگـەڵ ئێران لە لایەک و سـەربەخۆیی دەزگای دادی ئاڵمان، لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئـەم وڵاتـەی خسـتبوە نێـوان ململانێیەکـی زۆرەوە. جێبەجێبوونـی کردارێکـی تێرۆریسـتی لەسـەر خاکـی ئاڵمـان و دەنگـدانـەوەی بەربـڵاوی ئـەم ڕووداوە لـە بیـروڕای گشـتیدا، فشـارێک بـوو لەسـەر دەوڵەتـی ئاڵمـان کـە سـەربەخۆیی دەزگای قەزایـی نەخاتـە ژێـر فشـارێکی ئەوتـۆ کە ببێتـە هۆکار بـۆ بەلاڕێدا بردنی ئاکامـی دادوەری لـە دادگای بێرلیـن. لـە لایەکـی دیکەشـەوە ئێرانـی بوونی تێرۆر کـراوەکان و لوبنانـی و ئێرانـی بوونـی تیمی تێرۆر و، ئـەوەی بکوژ و کوژراوەکان قـەت یەکتریـان نەناسـیوە و هیـچ کێشـەیەکی تایبەتییـان لەگـەڵ یـەک نەبـووە. لەگـەڵ ئـەوەدا کەمتـر خەمیـی پۆلیسـی ئاڵمـان لـە پاراسـتنی هەیئەتـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان کـە میوانـی کۆنگرەی جیهانیی سۆسـیال ئینتێرناسـیۆنال لـە بێرلیـن بـوون، هەروەهـا هاتوچۆیەکانـی وەزیـری ئیتلاعاتـی کۆمـاری

ئیسلامی بۆ ئاڵمان و داواکاریی ناوبراو بۆ ڕاگرتنی ڕەوتی دادگا و بوونی زۆری لایەن و بەڵگەی دیکە هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕەوتی دادگای میکۆنووسی تووشی ئاڵۆزی کردبوو.

ئاڵۆزیی پەروەندەی میکۆنووس لە بواری سیاسی و ئەمنییەوە وای کرد کە پێی هێندێک لە کاربەدەستانی بەرزی دەوڵەتی ئاڵمان بۆ دادگا بکرێتەوە. یەکێک لەو کەسانە ئیشمیت باوێر بوو. هەروەکی پێش‌تریش باسمان لە ڕۆڵی ناوبراو چ لە دەوڵەتی ئاڵمان و چ لە ڕەوتی دادگای میکۆنووس‌دا کردوە، لێرەدا بە کورتیش بووبێ باسێکی تری لەسەر دەکەین هەتا زیاتر ڕوون بێتەوە کە کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکیی ئەم تێرۆرە بووە. دوای تێرۆری میکۆنووس و دەست‌بەسەرکردنی دارابی و تاوانبارانی دیکە، عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی سەردانی ئاڵمان دەکا و ئیشمیت باوێر وەزیری ڕاوێژکار لە دەوڵەتی ئاڵمان دەبینێ و داوای لێ دەکا کە هیچ دادگایەک لەسەر تێرۆری میکۆنووس پێک نەیە. کاتێک ئیشمیت باوێر لەبەردەمی دادگادا دەڵێ: «چەند مانگ پێش لە ڕوودانی تێرۆری میکۆنووس ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕێککەوتووین کە لەسەر خاکی ئاڵمان کرداری تێرۆریستی بەڕێوە نەبا.» ئەو قسە کردنە لە دادگادا دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی پارێزەری بنەماڵەی شەرەفکەندی کە کەسێک بەناوی «ئەتوشیلی» بوو و، لە وڵامدا دەڵێ: «بەو جۆرە قسەکردنە، جەنابت دەتهەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ‌تاوان نیشان بدەی.» بە بڕوای دارابی «ئەتوشیلی» ئەندامی حیزبی ڕەقیبی ئیشمیت باوێر بووە و لە ڕێگەی دادگای میکۆنووسەوە ویستوویەتی ناوبراو بشکێنێ و بە هاوکاری کردن لەگەڵ ئێران‌دا تاوانباری بکا. هەر بۆیە

دارابی لە دادگا خۆی پێ ڕاناگیرێ و هێرش دەکاتە سەر «ئەتوشیلی».

بەڵام لە بارەی سەردانی فەلاحیان بۆ ئاڵمان هەر خودی دارابی لە لاپەڕەی ٣٣٠ی کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا باس لەو سەردانە دەکا و بە هەڵەی دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کاری ئەویان قورس‌تر کردوە: «ئاغای فەلاحیان بۆیە هاتبوە ئاڵمان هەتا بڵێ ئێمە لە هیچ شتێکدا نین. فەلاحیان گوتبووی ئێران بە ناحەق لەو ڕووداوەدا تاوانبار کراوە، ناوبراو ویستوویەتی ڕەوتی دادگا ڕابوەستێ و ڕێگای دروست بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی ڕاستەقینە بپێوێ ئەگەرچی دیدار و داواکاریی ئاغای فەلاحیان کارێکی بە تەواوی دیپلۆماتیک و دروست بوو، بەڵام دەبێ بە ئاسانی ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئەو جۆرە دیدارانە بە قازانج نەبوون چونکە نەبوونە هۆی باشتر بوونی دۆخی من کە هیچ بەڵکوو ئاڵۆزتریشیان کرد بە ڕاستی من لەو دیدارە ناڕەحەت و نیگەران بووم و، ئاخری نەمزانی لە نێوان ئەو دووانەدا چی ڕووی‌دا، ڕۆژنامەکان باسیان لەوە دەکرد کە ئێران بە دوای مامەڵەدا بووە، ویستوویەتی لە بەرامبەر گۆڕینەوە یا ڕاگرتنی دادگا چەند ئاڵمانی دەست‌بەسەر کراو لە ئێران ئازاد بکا. من لەو کاتدا باوەڕم بە گۆڕینەوەی خۆم لەگەڵ چەند تاوانباری ئاڵمانی، نەبوو. چونکە خۆم بە تاوانبار نەدەزانی و پێداگر بووم لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات بە ڕادەیەک هەل‌ومەرجی زیندان ناخۆش و ناخۆشتر دەبوو کە ڕازی بووم لە گەڵ پیرێژنێک بمگۆڕنەوە. من لە لایەکەوە گلەییم هەبوو لەوەی کە دەوڵەتی ئێران لە دیفاع لە من وەک هاووڵاتییەک کەمتەرخەمە بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە لە هەڵس‌وکەوتی فەلاحیان نیگەران و ناڕەحەت بووم.»

وەک دەبینین دارابی ڕەزایەتیی لەو سەفەرەی فەلاحیان نییە، چونکە بە زیانی تەواو بووە و لە هەمان کاتدا دەڵێ من بە گۆڕینەوە لەگەڵ زیندانییانی ئاڵمانی لە ئێران ڕازی نەبووم. دارابی دوای تیرۆری میکۆنووس لە قۆناغی یەکەمدا پێی وانەبوو ئاشکرا و تووشی زیندان دەبێ و، لە قۆناغی دووهەمدا کە کەوتۆتە زیندان پێی وا بووە دادگا ناتوانێ بەڵگەی پێویست لەسەر تاوانبار بوونی کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە پێی وایە بە زوویی ئازاد دەبێ جا ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مامەڵەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمان بکا؟! بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا بۆی ڕوون بۆتەوە دادگا بەڵگەی پێویستی لەبەردەستدایە، بۆیە ئەمجار هەروەک خۆی دەڵێ ئامادەیە لەگەڵ پیریێژنێک بگۆڕدرێتەوە. نیگەرانیی دارابی لەو سەفەرە بەجێیە چونکە ئەو کارە نەک یارمەتیی نەکردوە بەڵکوو بۆتە بەڵگەیەک بە دژی ناوبراو و کۆماری ئیسلامی و لە دادگادا بەکار هاتۆتەوە، دەنا دارابی لە چەندین جێگای ئەو کتێبەدا زمانی ڕەخنە و گازندەی ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کردۆتەوە کە بۆ هێشتوویانە ئەو پەروەندەیە بەو ئاقارەدا بڕوا و ئەو ماوە درێژە لە زینداندا بمێنێتەوە؟!

هەر لەو بارەوە دارابی لە لاپەڕەی ٣٤٥ی نەقاشی قاوەخانەدا، باسی سەردانی کۆنسوولی ئێران لە بێرلین بۆ زیندان دەکا و دەڵێ ئەو سەردانەم بۆیە پێخۆش بوو کە دەوڵەتەکەم لێم دەپرسێتەوە، بەڵام هەر ئەو سەردانە بوو بە بەڵگەیەک لەسەر ئەوە کە گومان بخەنە سەرم پێوەندیم بە دامودەزگای کۆماری ئیسلامییەوە هەبێ: «بە کورتی دیداری کۆنسوول بێسوود بوو و، بۆ من وەک هاووڵاتییەکی ئێرانی نەتەنیا ڕووداوێکی بەرەو پێش نەبوو بەڵکوو بوو بە هۆکارێک کە گومانی زۆر لای دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کرد. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی زیندان کە دەیاندی کۆنسوول سەردانی

کەسێکی وەک من دەکا کۆنترۆڵی ئەمنیەتی و سیاسییان چڕتر دەکرد». لە خودی بەڵگەی دادگاشدا ئاماژە بەو سەردانەی کۆنسوولی ئێران بۆ زیندان کراوە و بەو جۆرە لە ڕاپۆرتێکدا لە بەڵگەی ۱۷/ ۱۹۹۳/۵ ، D٥٣١ باسی دەکا: «دوای پێوەندیی تەلەفوونی و هاوئاهەنگیی کۆنسوولگەریی ئێران لە بێرلین، ڕۆژی هەینی ۱۹۹۳/۵/۱٤ ئاغای میرخانی سەرکۆنسوولی ئێران توانی سەردانی دارابی لە زیندانی «موابیت» بکا و لەگەڵ ناوبراو بدوێ. دارابی لەو دیدارەدا باسی لە وەزعییەتی زیندان و ئەو بەند و کۆتانەی لەلایەن دادئەستێنی فیدراڵ بۆی دیاری کراوە و هەروەها باسی لە فشاری ڕەوانیی خۆی کرد و، پێداگری لەسەر بێتاوانی خۆی لە تێرۆری میکۆنووسدا کردەوە. سەرکۆنسوول لە باردۆخی پارێزەری دارابی و بوونی تەلەفزیۆن و گۆڤار و کتێب و چاوپێکەوتنی هاوسەرەکەی پرسیاری لە دارابی کرد، ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا ئاماژەی بە بێتاوانی دارابی کرد لە هەمان کاتدا ئەوی هاندا هێمنایەتیی خۆی بپارێزێ و جەختیشی کردەوە کە دەبێ گیروگرفتی تایبەت بە زیندان لە ڕێگای پارێزەرەکانیەوە چارەسەر بکرێ.»

لە ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو دەرگایەکی داوە بۆ ئەوە بتوانێ دەزگای قەزایی ئاڵمان پاشگەز بکاتەوە لە بەردەوامیی دادگا و، ناساندنی کۆماری ئیسلامی بە بکەری ئەسڵیی تێرۆری میکۆنووس. بەڵام لەگەڵ هەر هەوڵێکیاندا تووشی سەرشۆڕی بوونەتەوە و، گشت لە دەرگا کوتانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دادگادا بەدژیان شکاوەتەوە و دارابی لە قسەکانیدا ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە.

# بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ

کازم دارابی دوای ئەو هەموو هاتوهووتەی بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆی لە کتێبی نەقاشیی قاوەخانەدا دەیکا، ئەمجار ڕووکاری بابەتە دەگۆڕێ و باس لەوە دەکا کە تەنانەت ئەگەر ئەو تیرۆرە پێوەندیشی بووبێ بە کەسانێک کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسایەتییان هەیە، کاری خودی نیزام و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی نەبووە و لەوانەیە کەسانی خۆسەر کردبێتیان. ئەو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە لە لاپەڕەی ٣٣٩ی کتێبەکەیدا باس لە گێڕانەوەیەکی هاشمیی ڕەفسنجانی دەکا لەسەر ڕوودای تیرۆری میکۆنووس: «ئاغای فەلاحیان ڕۆژی جومعە هات و خەبەرەکەی دامێ. [...] ئاغای پوورمحەممەدیش ڕۆژی شەممە هات و ڕاپۆرتی خۆی دا [...] دیارە کە ئەم تیرۆرە کاری هێزە خۆسەرەکان بووە.»

ڕەفسنجانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کاتێ لەو بارەوە پرسیاری لێدەکەن، دەڵێ: «وای دابنێین لە یەکێک لە وڵاتەکان تیرۆرێک دەکرێ، خەڵکی توندئاژۆ هەبوون و هەن، ئەو

مێکۆنووسەی ئێوەش باسی دەکەن شتێکە لەو مایەدا. ڕووداوی لەو چەشنە هەموو کات ڕووی داوە و لەسەردەمی ئیمامیش‌دا ئەو جۆرە کەسانە هەبوون، ئێستاش کەسانی خۆسەر هەن». دارابی لە هێنانەوەی ئەم باسە دەیەوێ بڵێ تیرۆری ڕێبەرانی کورد لای ئەوان گرینگیی نەبووە و تەنانەت سەرکۆمار هەواڵی تیرۆرەکەی بە ئاسایی وەرگرتوە و، وەک ڕووداوێکی سادە بینیویەتی. بەڵام هەر ئەم قسانەی ڕەفسنجانی لە وتووێژەکەدا دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بە سەر تیرۆری میکۆنووس، دان‌نانێکی ڕاشکاوانەیە بەوەی کە تیرۆری میکۆنووس خۆیان کردوویانە و بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان بەسەر کەسانی (خۆسەر)ی‌دا دێنن. ئیدی نالێن باشە هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئێران دەستیان لە تیرۆری دژبەرانی ڕێژیم‌دا بووە و گیراون، چۆنە دوای ئازادبوونیان و گەڕانەوەیان بۆ ئێران وەک (قارەمانی میللی) پێشوازییان لێ دەکەن و دوایە لە بەرزترین پۆستەکانی دەسەڵات‌دا جێگایان بۆ دەکەنەوە؟! یانی ئەوەیە وڵامی کەسانی خۆسەر کە لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا ڕوخساری ڕێژیمیان ناشیرین کردوە و وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست ناساندوویانە؟!

یەکێکی دی لە بەڵگەکان کە دادگا بۆ دەست‌تێ‌دابوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری مێکۆنووس پشتی پێ‌بەست لێدوانەکانی خودی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوو. دادگای میکۆنووس ڕۆژی ١٤ی مارسی ١٩٩٦ بڕیاری دەستبەسەرکردنی عەلی فەلاحیانی بەو شێوەیە دەرکرد: «[...] وەزیری ڕێکخراوەکانی ئیتلاعات و کاروباری ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی فلاحیان، لەدایکبووی نەجەف‌ئاوا/ئێران، شوێنی خزمەت و دانیشتن ڕەنگە تاران/ئێران، وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم تاوانبارە

لەبەردەستدا نییە، دەبێ بەشێوەی کاتی دەستبەسەر بکرێ. ناوبراو گومانی بەهێزی لەسەرە کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٧ بە هاودەستیی کەسانی دیکە لەسەر بنەمای شەڕئەنگێزانە و فریودەرانە بە کەلکوەرگرتن لە کەرەستەی مەترسیدار چوار ئینسانیان کوشتوە و هەوڵیان داوە بۆ کوشتنی کەسێکی دی [...] تاوانبار عەلی فلاحیان بەو شێوەیەی خوارەوە لە تیرۆری ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا بەشدار بووە. ناوبراو لە کاتی پلاندانان و بەڕێوەبردنی تیرۆرەکە سەرۆکی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و هەیە. ئەم وەزارەتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندێکی دیکەی ئەمنیەتی بە ناوی سپای بە ڕواڵەت پارێزەرانی شۆڕش (پاسداران) بەتایبەتی لەگەڵ هێزی (قودس) کە هێزێکە بۆ چالاکی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران زۆر پێکەوە تێکەڵ و هاڵۆزن. ئەو وەزارتخانەیە بە توندی بەرەو ڕووی گرووپە جیابیرەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە، بەچەشنێک نەک هەر چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراو و گرووپانە قەدەغە دەکا، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پێوشوێنی نوێنەرەکانیان هەڵدەگرێ [...] تاوانبار فەلاحیان لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئووتی ١٩٩٢ و لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کاناڵێکی ئێراندا و لە نێوان قسەکانیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گروپێک ناو دێنێ کە وەزارەتەکەی بەدوایانەوەیە [...] دەقی قسەکانی عەلی فەلاحیان لەو چاوپێکەوتنەدا بەمجۆرەیە: ئێمە بەشی ئەمنیەتیمان هەیە کە چالاکییەکانی گرۆپەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی خستۆتە ژێر چاودێری، ئێمە توانیومانە دزە بکەینە نێو ڕێکخراوەکانیان و [...] ئەگەر لەسەر یەک چاو لێ بکەین، لە ئێستادا تاقم و گرووپی چالاک لە دژی ئێمە نەماون، ئەوان ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن، ئێمە لە کارکردنمان لەسەریان

بەردەوام دەبین [...] ئێستا بە دوای ئەوانەوەین و لە دەرەوی وڵاتیش هەر لەژێر چاودێریدان [...] ئێمە لە دژی ئەوان سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە و توانیومانە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش زەبری کاریگەریان لێ بدەین [...] یەکێک لەو گرووپانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە [...] لە ساڵی ڕابردوودا توانیمان زەبری قورس لە ئەندامانی ئەو حیزبە بدەین [...].»

ئەو قسانەی فەلاحیان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بوون کە لە دادگا لە دژی بەکارهاتن. بە دوای دەرچوونی حوکمی دەستبەسەرکردنی عەلی فەلاحیان لە لایەن دادگاوە، کاربەدەستانی ئێران لە سەرۆککۆمارەوە بگرە هەتا وەزیری ئیتلاعات هەرکام بە نۆرەی خۆیان قەوانە کۆنەکەیان لێ دایەوە و گوتیان ئەو حوکمەی دادگا لەژێر کاریگەریی (ڕێژیمی سەهیۆنیستیی ئیسرائیل) و هاتوهوریای دژەشۆرش دراوە و بڕیارەکەی بەڕەسمی ناناسین.

بابەتێکی دیکە لەو کتێبەدا کە جێگای سەرنجە ئەوەیە دارابی خۆی باس لەوە دەکا کە ماوەی دە ساڵان لە ئاڵمان لەژێر چاودێری پۆلیسی ئەو وڵاتەدا بووە. «[...] بۆخۆشم پێم سەیر بوو کە ئەوان دە ساڵ منیان وەک کەسێکی مەترسیدار خستۆتە ژێر چاودێری [...] ڕاستە من لە ڕووداوی هێرش بۆ سەر (خەوتنگە)ی زانکۆی شاری ماینتس لە ساڵی ١٩٨٢ بە پێچەوانەی قانوونی ئاڵمان جووڵامەوە، بەڵام سزای خۆم وەرگرتبوو.»

بەپێی بەڵگەکانی دادگای میکۆنووس دارابی لەو دەستە کەسانە بووە کە دایمە پۆلیس بە نهێنی چاوەدێریی کردوە و تەنانەت بڕیاری بیستن و تۆمارکردنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانیشی لە لایەن دەزگای قەزاییەوە دراوە، بەڵام لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر تێرۆری میکۆنووس بۆ دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە

دەرکەوت کە دامودەزگای پێوەندیدار کەمتەرخەمییان کردوە و تەلەفوونەکانی دارابی شنوود نەکراون. ڕەنگبێ ئەگەر تەلەفوونەکانی دارابی شنوود کرابا، کارەساتی تێرۆری میکۆنووس ڕووی نەدابا.

ساڵی ١٩٩٣ و ساڵێک دوای ڕوودانی کارەساتی میکۆنووس کۆمێسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە پێکهات و ئەم پرسیارە ورووژا کە چۆنە دامودەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان نەیانتوانیوە پێش بەو ڕووداوە بگرن. کاتێک ئەو کۆمیسیۆنە دەستبەکار دەبێ لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٦ «Munter» ئاوا دەنووسێ: «کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی میکۆنووس ئەمڕۆ دەستی بەکار کرد، پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە شاهیدەکان، دەمەچەقەیەکی توند لە نێوان ئەندامانی کۆمیسیۆندا دروست بوو. ئیدارەی ئەیالەتی پارێزگاری لە قانوونی ئەساسی و بەشی ئیداری نێوخۆی سەنا یەکتریان تاوانبار دەکرد بە کەمتەرخەمی پێش لە کوشتاری چوار سیاسەتمەداری کوردی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە مانگی سێپتامبری ١٩٩٢ لە شاری بێرلین.»

بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی دراوە، کازم دارابی سەرۆکی ئیحتمالیی ئەو هێرشە توانیویەتی ماوەی حەوت مانگ ئازادانە و بێئەوەی لەژێر چاودێریدا بێ، لە دەورووبەری ڕووباری «ئیشپری» لە بێرلین هاتوچۆ بکا. لەگەڵ ئەوەدا کە دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاوا ناوبراویان وەک سەرکردەیەکی مەترسیداری ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسیوە و ویستوویانە لەژێر چاوەدێری بگیرێ، بەو حاڵە ئەو کارە بێئاکام مایەوە؛ چونکە ئیدارەی پاریزگاری لە قانوونی ئەساسی کە بەرپرسایەتیی ئەو کارەی لە ئەستۆ بووە لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە

هێزی پێویستی لە ئیختیاردا نەبووە.

لەو ڕاپۆرتە کورتەدا دوو شت بە ڕوونی دیارە. یەکەم، لەسەر ئەوە کە کازم دارابی پێش تیرۆری میکۆنووس بۆ پۆلیس و دەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان و تەنانەت بۆ دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاواش ناسیاو بووە و گوتراوە کە ناوبراو کەسێکی کارایە لە گرووپە توندڕەوەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی. دووهەم، بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئاڵمان لە ماوەی پێش تیرۆری میکۆنووس زۆر چالاک نەبوون، چونکە ئەگەر چالاک بووایەن ڕەنگە کارەساتی میکۆنووس ڕووی نەدابا.

بە پێی زانیاریی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئاڵمان و بەپێی لێدوانەکانی «ڕاینهاد پاوک»، بەرپرسی کاروباری ئەمنیەتی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست، ئیمکانی هەیە پۆلیس ئاگادار کرابێتەوە لە سەردانی شەڕەفکەندی ڕێبەری کوردەکان. پاوک بە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی میکۆنووسی گوت کە سیاستمەداری دوورخراوە (د. شەڕەفکەندی) کە بۆ کۆنفڕانسی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هاتبوو، لە لیستی بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسەدا بوو کە دەبوا ئەمنیەتی پارێزراو با. پاوک دەڵێ ئەو هەشت ڕۆژ پێش لە هێرشەکە ئەو لیستەی داوە بە پۆلیسێکی خاوەن سەڵاحییەت، بەڵام ئەو پۆلیسە لیستەکەی تەحویل وەرنەگرتوە. بەمجۆرە پاوک قسەکانی پۆلیس و هێکل مان، سێناتۆری کاروباری نێوخۆیی لە حیزبی CDU کە لە بەڕێوەبەرانی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بوو ڕەتدەکاتەوە سەبارەت بەوەی گوترابوو پۆلیس لە بابەتی پاراستنی ئەوان ئاگادار نەکراوەتەوە و قوربانییەکانی تیرۆری میکۆنووس ناویان لە لیستی بەشدارانی

کۆنفرانسەکەدا نەبووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەمتەرخەمیانەی دەزگای ئەمنیەتی و پۆلیسی ئاڵمان کە لە سەرەوە باس کران، دیسان جێگای دەستخۆشی گوتنە بە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان کە توانیان لە ماوەیەکی کەمدا تێرۆریستەکان دەستبەسەر و دادگاییان بکەن. دوای ئەمەش بڕیاری دەزگای قەزایی ڕوون و بوێرانە بوو. ئەم دادگایە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیم و کاربەدەستانی بڕیاردەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمەی ئاشکرا کرد و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا بە تاوانبار ناساند. هەروەها تەواوی هەوڵ و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دادگای کردە بەڵگەی بەهێز بۆ دەست تێدابوون و بڕیاردان لەسەر تێرۆری میکۆنووس و بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم لە درێژەدان بە تێرۆری دژبەرانی لە وڵاتانی ئورووپا دەست بپارێزێ. هەر چەند کازم دارابی لەو کتێبی نەقاشی قاوەخانەدا هەموو هەوڵی ئەوەیە کە بە خوێنەر بسەلمێنێ لە تێرۆری مێکۆنووس‌دا بێتاوانە، بەڵام خۆی هەر لە کتێبەکەی‌دا و لە زاری خۆیەوە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لە تاوانباربوونی خۆی بەدەستەوەدەدا.

لە کۆتای‌دا دەتوانین بڵێین ئەگەر تێرۆری میکۆنووس بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادی‌خوازی کوردستان و سەرانسەری ئێران خەسارێکی گەورە بوو بەڵام بەڕێوەچوونی دادگای بێرلین (میکۆنووس) و حوکمی ئەو دادگایە توانی هەتا ڕادەیەک قەرەبووی ئەو بێعەداڵەتی و نادادپەروەرییە بکاتەوە کە لە تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن دەرحەق بەو شەهیدانە و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد کرا.

# بەشی سێیەم

# تیرۆری د. قاسملوو

# د. قاسملوو
# لە ڕوانگەی چەند نووسەر
# و کەسایەتیی سیاسییەوە

پێش ئەوە بابەتی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێکانی بێنینە بەرباس بە پێویستم زانی کەسایەتی د. قاسملوو لە ڕوانگەی چەند نووسەر و کەسایەتی سیاسیی پێناسە بکەین، هەرچەند دەزانین کە ئەو چەند دێرە ناتوانی بارتەقای کەسایەتی ئەو ڕێبەر و سەرکردە مەزنە بێت. کەسایەتی د. قاسملوو پێویستە لە بواری جۆراوجۆری سیاسیی، دیپلۆماسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، خەباتگێری و ڕێبەری و پێشمەرگانە و زۆر بواری دیکەشەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێ.

ماموستا عبدڵڵا حەسەنزادە لە ڕستەیەکی کورتدا ئاوا پێناسە بۆ د. قاسملوو دەکا: ((میللەتی کورد وەجاغی کوێر نییە، بەڵام هەتا ئێستاشی لە گەڵدا بێ کورد کوڕێکی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.))

ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی پیاو کوژانی کۆشکی فیرووزە سەبارەت بە کەسایەتی د. قاسملوو دەڵێ: «ئەمن لەو لێکۆڵینەوەی کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە لە نێو هەموو ئەوانەی کوژراون، کەسێک کە بێگومان

دەیتوانـی ڕێبەرێکـی نیشـتمانی بـۆ هەمـوو ئێـران بـێ، مسـۆگەر عەبدولڕەحمان قاسـملوو بـوو، لەبـەر سـەرنج ڕاکێشـیی کەسـایەتییەکەی، لـە بـەر ئـاگاداری بەرینـی لـە مەسـەلە سیاسـی و مێژوویی‌یـەکان، هـەم لـە دەرەوی وڵات جێگای ڕێـز بـوو، هـەم لـە نێوخـۆی وڵات لای هەمـووان خۆشەویسـت بـوو، پێـم وایـە بـە لـە دەسـت‌دانی ئـەو کەسـە تایبەتی‌یـە، ئێمـە وەک میللەتێـک دەرفەتێکی زۆر دەگمەنمـان لـە کیـس چـووە.»

دانیـەل میتـران سـەرۆکی بنیاتـی فرانـس لیبرتـە لەبەشـێک لەقسـەکانی لەرێوورەسـمی ١٠ سـاڵەی تیرۆری د. قاسـملوودا بەو جۆرە وەسـفی کەسـایەتی د. قاسـملوو دەکا: «[...] بەداخـەوە دەوڵەتـان دەنگـی گـەلان نابیسـتن و تەنیـا سیاسـەت دەکـەن. جـا تـازە ئەگەر بشـتوانین پێی بڵێین سیاسـەت. لە ڕاسـتی‌دا دەبێ بڵێیـن ئـەوان دەسـەڵاتێکیان نییـە. هـەر بۆیـە ئەمـن بـە بیرکردنـەوە لـە عەبدوالڕەحمـان قاسـملوو کـە بـۆ ئێمـە قوتبێـک بـوو، هاتوومە سـەر ئـەو باوەڕە کـە کەسـێکی ئەوتـۆ پێویسـتە تـا ئێمـە ناچـار بـە بیرکردنـەوە بـکا.»

بێرنـارد کۆشـنیر وەزیـری لەشسـاغی و کاروبـاری کۆمەڵایەتی لەو سـەردەم‌دا لـە ڕێورەسـمی ١٠ سـاڵەی تیرۆرکردنـی د.قاسـملوو دا دەڵـێ: «[...] لـەوە کـە دۆسـتت بوویـن، هەسـت بـە شـانازی دەکـەم. دەبێ هـەوڵ بدەین لێ‌وەشـاوەیی و تێکۆشـان لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی بیروبۆچـوون و ئامانجەکانـی تۆمـان هەبێ. بەڵـی خەباتـی تـۆ خەباتـی ئێمـەش بـوو، هـەر خەباتـی ئێمـەش دەبـێ، گەلەکەت سـەرئەنجام بـە ئـازادی دەگا.»

هەمـوو لایەکمـان ئـەو ڕاسـتییە دەزانیـن کـە کەسـایەتی و لەخۆبـردووی و زانایـی د. قاسـملوو پێگەیەکـی قورسـی‌دا بـوو بـە حیزبی دێموکـرات لە نێوخۆی

کوردستان و ئێران و دونیای دەرەوە و کۆماری ئیسلامی بە هەستکردن بەو پێگەیە هەوڵیدا بۆ تیرۆر کردنی و بەداخەوە لە هەوڵەکەشیدا سەرکەوتوو بوو. ٣١ ساڵ لەمەو بەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لە شاری ڤییەن بە دەستی تیرۆریستانی بە ناو دیپلۆماتیک لەسەر میزی دانووستان کە بۆ چارەسەری ئاشتیانی مەسەلەی کورد لە ئێران چووبوو، تیرۆر کرا. بەداخەوە بەهۆی سات‌وسەودای دەوڵەتی ئوتریش (نەمسا) لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی تەواو بە دەستی پۆلیسەوە بوو تیرۆریستەکان لەژێر چاوەدێری مەئمورینی ئەمنیەتی دەوڵەتی ئوتریش ڕەوانەی ئێران کرانەوە و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی

د. قاسملوو و عبدالله قادری ئازەر کەوتە خانەی فەرامۆشی و دام‌ودەزگای پۆلیس و ئەمنیەتی دەوڵەتی ئوتریش هەموو هەوڵی خۆیان خستەگەر کە ئەو پەروەندەیە ببەسترێ. هەتا ئێستا گەلی کورد و گەلانی ئێران و ئازادی‌خوازانەی جیهان چاوەڕوانی ئاکامی ڕەسمیی لێکۆڵینەوەی دەزگای قەزایی ئوتریش لە بارەی ئەو تیرۆرەوە ڕابگەیەنێ. بەداخەوە هەتا ئێستای لەگەڵ بێ‌ئەوان لە بێ‌دەنگی کردن لەو تیرۆرەدا سەرکەوتوون و باسێک لە زیندوو کردنەوەی ئەو پەروەندەیە نییە.

# بۆچی د.قاسملوو بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ چوو؟

د. قاسملوو دەڵێ: «ئەگەر پیاوێک لە ماوەی ژیانیدا شۆڕشگێڕ بێ، مەرگیشی دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕانە.»[1]

بە پێی هەموو ئەو نووسینانەی لە بەردەستدان د. قاسملوو کەسێکی کەمتەرخەم نەبوو و بە ئاسانی بکەوێتە داوی دوژمن بە تایبەتی بە باشی ئەوەی دەزانی کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی داوە[2]. بەڵام

١ کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، نووسینی کارۆل پڕوونهووبێر.

٢ "ابوالقاسم مصباحی" ناسراو بەشاهیدی (C) لە دادگای میکۆنووس لە بەردەم دادئەستێنی پەروەندەکە و هەروەها دادگادا دانی بەوەدا هێنا کە خۆی شاهیدی ڕاستەوخۆیە کە خومەینی فتوای قەتڵی د. قاسملووی داوە "[...] بڕیاری کۆتایی بۆ قەتڵەکان ڕێبەر بە تەنیایی خۆی ساغ دەبووە [...] سەبارەت بە قەتڵی عەبدوالڕەحمان قاسملوو من خۆم زانیاری تەواوم هەیە کە خۆمەینی خۆی فەرمانی قەتلی قاسملووی داوە و خامنەیی بە پشت بەستن بەو بڕیارە، دەستووری قەتڵی شەرەفکەندی جێگرەوەی قاسملووی داوە."

لەو بارەوە وتەکانی خومەینی لە کردنەوەی یەکەم مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی ئەساسی سەبارەت بە د. قاسملوو و دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد بە ڕوونی دەردەکەوێ: "گوناحباری سەرەکی قاسملووە و حیزبی دیموکرات هێلانەی خراپکاری و ئاژاوەنانەوەیە، ئێمە ناتوانین ڕێگایان پێ بدەین ئازادانە درێژە بە کاری خۆیان بدەن چونکە تەنیا مەبەستیان شەر لە دژی شۆڕشە. کوا؟ دیار نییە، بریا هاتبایە، ئەمن نیازم بوو هەر لێرە ڕایگرم، "مفسدفی الارض!" خەراپەکار و گەندەڵ کاری سەر زەوی."

ئەگەر هەلومەرجەکەی ئەو کاتی ناوچەکە لە نەزەر بگرێن و لە چەند خاڵدا دەست نیشانیان بکەین ڕەنگە هەتا ڕادەیەک بۆمان دەرکەوێ کە بۆ د. قاسملوو بەرەو ئەو وتووێژە مەرگ خولقێنە ڕۆیشتوە.

١. شەڕی ئێران – عێراق بە کردار تەواو ببوو و هەر دوو لایەنی شەڕ بە نێوانبژی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لە وتووێژ دابوون بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

٢. حکومەتەکانی ئێران و عێراق دوای شەڕ بە کردار دەیانهەویست ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر (١٩٧٥) جێبەجێ بکەن کە ئەو ڕێکەوتنە باس لەوە دەکا لەسەر سنووری نێودەوڵەتی هەر دوو لا بە قوڵای ٢٠ کیلۆمیتر دەبێ بەتاڵ و چۆڵ بکرێ و مرۆڤ و ئاسەواری ژیانی مرۆڤەکانی لێ نەمێنێ و ببێتە ناوچەیەکی قەدەخەکراو و هیچ کەس مافی ئەوەی نەبێ تێیدا بژی کە سەدام حوسین و دەوڵەتی عێراق بە کردار لە ساڵی ١٩٨٨ (١٣٦٧–١٣٦٨ هەتاوی) ئەو بەشەیان لە ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایر لە باشوری کوردستان پیادەکرد و د. قاسملوو لە نیزیکەوە شاهیدی ئەو کردارەی دەوڵەتی عێراق بوو و لەوە دەترسا کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە دوای شەڕ هەناسەیەکی بێتەوەبەر و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان سیاسەتی دەوڵەتی عێراق پیادە بکا.

٣. د. قاسملوو دەیهەویست پێش ئەوەی بەغدا و تاران بگەنە ڕێکەوتنێک و لێک نزیک ببنەوە لەگەڵ تاران ڕێکەوتنێک بکا. چونکە پێ وابوو لە دوایی‌دا کورد هیچی دەست ناکەوێ.

٤. ئێران لە شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق ماندوو ببوو و ئاڵۆزیەکانی نێوخۆی بڕستیان لێ بڕیبوو لێکدانەوە ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری

ئیسلامی لە هەوڵی ئەوە دابن هەلومەرجێک بۆ پشوو و ئارامی بخولقێنن هەر بۆیە کاتێک ڕەفسنجانی بوو بە سەرۆک کۆمار وای نیشاندا کە دەیهەوی لەگەڵ نەیارانی خۆی ڕێکبکەوێ و خوالێخۆش بوو جەلال تالەبانی ئەو هەلەی قۆستەوە و پێشنیاری کرد بە ڕەفسنجانی کە لە گەڵ د. قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکبکەوێ.

٥. لەو سەردەمدا خومەینی نەخۆشە، ململانی نێوباڵەکانی ڕێژیم لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات بەرەو ئاقاری توندوتیژی و لابردنی یەکتر لەسەر ڕێگا دەرۆیشت.

٦. هەر لەو ماوەیەدا ئایەتوڵڵا تەباتەبایی کە یەکێک لە مەراجعی تەقلیدی شیعەکان بوو لە ڕاگەیندەراوێکدا کۆماری ئیسلامی بە حکومەتی غیرە ئیسلامی ناساندبوو و درێژەدانی شەڕ لە دژی عێراقی مەحکووم کرد بوو و ڕێژیمی بە کوشتنی خەڵکی بێتاوان و رەفتاری غیرە ئینسانی دەگەڵ زیندانیان ناساندبوو.

٧. چەند مانگ بوو کۆماری ئیسلامی مەهدی هاشمی کە یەکێک لە دامەزرێنەران و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و برای زاوای ئایەتووڵڵا مونتەزیری بوو بە تاوانی وەرێخستنی شەڕ دژی ئیسلام ئیعدام کردبوو.

٨. ئەو ڕووداوانەی نێو دەزگای حاکمەی ئێران ئەو هەستەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست کردبوو کە لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا دوو دەستە هەن دەستەیەکی لیبراڵ و دەستەیەکی توندئاژۆ. هەر بۆیە هەوڵیان دەدا پشتی ڕەفسنجانی بگرن کە وای خۆ نیشان دەدا دیهەوێ لەگەڵ دنیای ڕۆژئاوا ئاشت ببێتەوە.

٩. هەر وەکی لە پێشتردا باسمان کرد شەڕی ئێران عێراق تەواو ببوو و ئێران بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە شەڕ لێ دراوەکان پێویستی بە میلیاردها دۆلار هەبوو، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕەفسنجانی هەوڵی دەدا وا خۆ نیشان بدەن دەیانهەوێ لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵاتیش ئاشتەوایی لە نێوان خۆیان و دژبەرانیان پێک بێنن.

١٠. لە مارسی ١٩٨٨ کە بە بڕیاری سەدام حوسێن هەڵەبجە بۆمبارانی شیمیایی کرا، د. قاسملوو ئەو بۆمبارانەی مەحکوم کرد پێوەندیەکانی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەیەک بەرەو ساردی ڕۆیشت و حیزبی دێموکرات لەوە نیگران بوو بکەوێتە نێو بەرداشی ئەو دوو دەوڵەتە.[٣]

١١. بە هۆی هێرشی بەربڵاو و پەیتاپەیتای هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشەی ناچاری هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بەرەو سنورەکان و نێشتەجێ بوون لە بنکەی سابت د. قاسملوو لەو هەلومەرجە نەخوازراوە دەترسا چونکە تەجروبە وای پێی دەگوت کە ژیانی کەمپنشینی وەزە لە شۆڕشگێران دەستێنێ.

١٢. لە دەووری دووهەمی وتوویژ لە ساڵی ١٩٨٩ (٤ی جۆزردانی ١٣٦٨) خومەینی دەمرێ و بە پێی هەموو پێوانەیەکی منتقی و ئەقڵی وا دەهاتە بەرچاو

٣ جاناتان ڕنداڵ لەپێشەکی کتیبی قاسملووی کورد دا نووسینی کارۆڵ پڕوونهووبێرئاوا ئیشارە بەکارەساتی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەدەکا ودەزانی کەد.قاسملوو بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە دەرحەق بە گەلەکەی بەکارەسات وژینووسایدی نەتەوەیی دادەناو پێی خەفتباربوو:"...نەم دەزانی داخوا ئەو ویزایە یەکیک لە ئاکامەکانی کوتایی هاتنی شەری سارده یا پاداشتێکە لەبەرامبەر یارمەتیدانی باڵوێزی وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکا لەبەغدا بۆ وەی بتوانی بەروونی لەبەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن سەدام حوسێنەوە لەدژی کوردەکان ئاگادار بێ کەساڵێک پێشتر ئەنجامی دابوو. ئەمنیش پێشنیارم پێی کردبوولەو دۆستایەتییەی کەلکی باش وەربگری."

کە ڕەفسەنجانی لە پۆستی سەرکۆماری‌دا کە ناوی سەرداری سازندەگیان لێ نابوو ئامادەگی پتری پەیدا کردووە بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆیەکان بە تایبەتی مەسەلەی کوردستان.

ئەوانە و ڕەنگە دەیان هۆکاری دیکەی ئاشکراو شاراوە هەبن بۆ ئەوەی د. قاسملوو بەرەو ئەو وتووێژەی پاڵپێوەنابێ و لە هەموو ئەوانە گرینگ‌تر باوەڕی د. قاسملوو بە ڕێگا چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانە و دیتمان لەسەر ئەو باوەڕەی خۆی گیانی دانا. چەکی د. قاسملوو لە ڕاستی‌دا وتووێژ و دانووستان لەگەڵ نەیارانی و پابەندبوون بە ئوسووڵەکانی دێموکراسی بوو.

دوکتور بێرنارد گرانژۆن سەرۆکی ئیفتیخاری ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان لە ڕێوڕەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆرکردنی د. قاسملوو سەبارەت بە ئاشتی‌خوازی د. قاسملوو بەو شێوەیە دەدوێ: «وتەیەکی د. قاسملوو کە حەزدەکەم دوو پاتی بکەمەوە و پێم وایە هەتا دوا ساتی ژیانیشم هەر دەیڵێمەوە، ئەویش ئەوەیە، دەزانی لە نێوان قەناعەت پێهێنان و داسەپاندن، قەناعەت پێهێنان سەخترە و کات و خۆماندوو کردنی زیاتری دەوێ. بەڵام سەرئەنجام ئەو کەسە سەردەکەوێ کە لە ڕێگای قەناعەت پێهێنانەوە، گیروگرفتەکان چارەسەر دەکا.» [٤]

هەروەها خانمی دانیەل میتران لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی تیرۆر کردنی د. قاسملوودا لە بەشێک لە قسەکانی‌دا ئاماژە بە ئاشتی‌خوازی و باوەڕی چارەسەریانەی ئاشتییانەی د. قاسملوو بۆ پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی

٤ کتێبی قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە، نووسین و ئامادەکردنی قادر وریا.

ناوەندی دەکا. «عەبدولڕەحمان قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بوو و باوەڕی قووڵی بە ئاشتی هەبوو. لەسەربناغەی ئەو باوەڕەش بوو کە پێی وابوو توندوتیژی و چەک، لەگەڵ پێکەوە ژیانی بە ئاشتی ئینسانەکان و لێکتێگەیشتنی ئەوان، گونجاو و ناتەبان. هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بەکارهێنا تا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکا و قەناعەت بەو دەوڵەتە بێنێ کە ئێرانییەکان و کوردەکان دەتوانن پێکەوە بژین.»[5]

شتێکی یەکجار ڕوون لە گۆڕێ دایە: قاسملوو لە سەرانسەری ژیانیدا هەرگیز لە چوارچێوەی ڕێبەری حیزبێکی ئێرانیدا قەتیس نەمابوو. ئەو وەک ڕێبەرێکی دوربین ژیانی بەسەر دەبرد و گرنگتر لەوەش کوردێک بوو کە ئاواتی ئازادی بۆ کوردستانی لەدڵدا بوو و خۆشەویستیی بۆ گەلەکەی دڵ و گیانی داگرتبوو. سەر ئەنجامیش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە، گیانی خۆی لەدەست دا.[6]

٥ کتێبی قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە، نووسین و ئامادەکردنی قادر وریا.
٦ خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، نووسینی کارۆڵ پڕوونهووبێر وەرگێڕانی فەتاح کاویان.

# پیلانی کۆماری ئیسلامی
# بۆ لە داو خستنی د. قاسملوو

کۆماری ئیسلامی کە ماوەی ١٠ ساڵ بوو بە دەست پێگە و هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەی‌ناڵاند و بە سەدان زەربەی نیزامی و ئابووری وە جەستەی کەوتبوو دەبوایە دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران–عێراق بە قسەی خۆی گرفتی دژە شۆڕش یەک لا بکاتەوە. لە مەیدانی شەڕی نیزامی‌دا بۆیان دەرکەوتبوو کە بەو زووانە ناتوانن هێزی پێشمەرگە کە خۆی لەگەڵ هەل‌ومەرجەکە گونجاندووە و حاڵەتی تەواو پارتیزانی بە خۆیەوە گرتووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدەرنێن، هەر بۆیە دەبوایە بە دوای چارەسەری دیکە دابن کە ئەویش دانیشتن و وتوویژە لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەخسی د. قاسملوو.

ڕەفسەنجانی لە پلەی سەرکۆماری‌دا داڕێژەری ئەو بیرۆکەیە بوو بە تایبەتی کە فتوای خومەینی بۆ کوشتنی د. قاسملووی بە دەستەوە بوو. ڕەفسەنجانی لەو کارەدا بە دوای دوو ئامانجەوە بوو کە هەر دووکیان لە ڕاستای لاوازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بوون. یەکەم د. قاسملوو کە قەت وتویژی

ڕەد نەکردبووە و بە شێوەیەک لە خەباتی دادەنا، بکێشێتە سەر میزی وتووێژ و پێشنیاری ئەوەی پێی بکەن کە دەوڵەت ئامادەیە ئیزن بدا بە حیزبی دێموکرات کە بە شێوەی قانوونی لە نێوخۆی ئێراندا کار بکا واتا وەک حیزبێکی قانوونی لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی ئێراندا چالاکی سیاسی هەبێ و لە بەرامبەردا هێزی پێشمەرگە چەک دابنێ. لە قۆناغی دووهەم دا ئەگەر د. قاسملوو قەبوولی ئەو پێشنیارەی نەکرد لە هەلی مومکیندا بیکوژن و لە نێوی بەرن. لە ڕاستیدا وەک بەڵگەکان دەڵێن کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی بێ دەنگ کردن و لابردنی حیزبی دێموکرات دابوون.

بۆ پیادەکردنی ئەو پیلانە لە پێشدا دەبوایە متمانەی د. قاسملوو وەدەست بێنن و هەتا ئەو جێگایە بچنە پێش کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشنیاریان بە د. قاسملوو کرد کە پێویستە هەر بە تەنیا تۆ ببینین د. قاسملوو باوەڕیان پێی بکا و قەبوولی دیدارەکە بکا کە بە داخەوە لە پیلانەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.

## قۆناغی یەکەم

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نییەتی ئاشتیخوازانەی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی کەلکیان وەرگرت بۆ لە داو خستنی د. قاسملوو و لەوەدا دوو ئامانجیان هەبوو یەکەم کوشتنی

د. قاسملوو و دووهەم چاندنی تۆوی دوو بەرەکی لە نێوان کوردی کوردستانی ڕۆژهەلات و باشوور. بەڵام لە هەمان کاتدا بەشداری مام جەلال تاڵەبانی لە وتووێژەکاندا بۆ د. قاسملوو سوپاپی دڵنیایی بوو، چونکە

حیزبی دێموکرات لە مێژ بوو ڕایگەیاندبوو کە بێ بەشداری لایەنی سێهەم لە هیچ وتووێژیەکدا لەگەڵ کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەشداری ناکا و لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە وا نیشان بدەن کە ڕەچاوی مەرجی حیزبی دێموکراتیان کردووە، مام جەلال تاڵەبانی وەک لایەنی سێهەم بەشداری دانشتنەکان دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە جێگای متمانەی د. قاسملوو. دەووری یەکەمی وتووێژ لە ٣٠ی دێسامبری ١٩٨٨ لە ماڵی کەسێک بە ناوی مەعروف خەبات کە ئەندامی یەکییەتی نیشتمانییە، لە شاری ڤییەن بە بەشداری د. قاسملوو و عبدالله قادری ئازەر لە حیزبی دێموکرات و جەلال تاڵەبانی لە یەکییەتی نیشتمانی کە ڕۆلی نێوانبژی دەبینێ و لە لایەنی کۆماری ئیسلامی، جەعفەری سەحرارودی و مستەفا مستەفەوی (اجودی) بەشداران. هەرچەند لایەنی حیزبی دێموکرات ڕادەگەێنن کە شوێن و رێکەوتی وتووێژ ئەوان دیاری دەکەن بەڵام لەگەڵ دەژایەتی تیمی ئێرانی بەرەو ڕوو دەبن. لەو دەورە لە وتووێژ ئەمنییەتی شوێنەکە لە ئەستۆی یەکییەتی نیشتمانی دەبێ و بە پێی سەرچاوەکان کەسێک لە ژووری خانووەکە و دوو کەسی دیکە لە دەرەوە ئەمنییەتی ئەو شوێنە دەپارێزن.

لایەنەکانی وتووێژکار لە ٣١ی دێسامبر هەر لەو شوێنە واتا ماڵی مەعروف خەبات لە شاری ڤییەن کۆ دەبنەوە و جەلەسەکە ٨ سەعات درێژەی دەبێ، لەو جەلەسەدا د. قاسملوو بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆخودمختاری بە درێژە باس دەکا (خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان، بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستان لە تەنیشت زمانی ڕەسمی ئێران، دیاری ودەست نیشان کردنی سنوری کوردستان، بە ڕەسمی ناسینی پێشمەرگەی کوردستان

وەک هێزی ئەمنییەت پارێزی نێوخۆی کوردستان و لەهەمان کاتدا لەو جەلەسەدا د. قاسملوو ڕوو لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دەکا و دەڵێ: «ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خامنەیی و ڕەفسنجانی کە پێش‌نوێژی جومعەی تارانن، باسی خودموختاریی کوردستان لەنوێژی جومعەدا بکەن.»[٧] لەسەر وشەی خودموختاری کە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان ئەوەیە بیسەلمێنن کە خودموختاری بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەرێکی ئیسلامی نییە و پێویستە لە چوارچێوەی ڕێوشوێنی ئیسلامدا ئەو پرسە چارەسەر بکرێ، د. قاسملوو هەر لەو جەلەسەدا بەو شێوە باسی وشەی خودموختاری دەکا: «[...] گۆڕینی وشەی خودمختاری گونجاو نییە لەبەر ئەوە، ئەو وشەیە لایەنی هەست و لایەنی مێژوویی بۆ گەلی کورد هەیە، ئەو وشەیە وێناو سیمبولێکە [...] وشەی خودموختاریش بۆ ئێمە وەکوو (بسم الله الرحمن الرحیم)ەکەی ئێوە وایە. ئێوە نێوەرۆکی خودمختاری پەسەند دەکەن بەڵام (بسم الله الرحمن الرحیم)ەکەی نا.»[٨] کە لەو جەلەسەیەدا وتوویژ بێ ئاکام دەمێنێتەوە و کۆتایی بە جەلەسەکە دێ.

## قوناغی دووهەم

لەرێکەوتی ١٩ی ژانویە ١٩٨٩ هەر لە شوێنی پێشوو واتا ماڵی مەعروف خەبات دەورێکی دیکە لە دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دەست پێ دەکاتەوە، لەو دانیشتنەدا د. قاسملوو بە تەنیایە بەڵام مام جەلال تاڵەبانی

٧ کتیبی نرخی نەوت و خوین لەڤییەن وەرگیرانی ت.حیکمەت بڵاوکراوی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٨ هەمان سەرچاوە.

و نەوشیروان مستەفا لەو جەلاسەیەدا بەشدارن. تیمی کۆماری ئیسلامی بێجگە لە دوو کەسەکە ناویان لە پێشدا بردرا، کەسێکی دیکە بە عینوانی مەئموری پارێزگاری بە ناوی ئەمیر مەنسوور بوزرگیان (غفوری درجزی)[٩] کە لە فەرماندەکانی هێزی قودسی سەر بە سپای پاسداران لەگەڵ بەشدارە. لەو جەلەسەشدا وتووێژ هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە و بێ ئاکام بڵاوەی لێ دەکەن.[١٠]

لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٩ سەحرارودی و مستەفەوی بۆ جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە بۆ ڤییەن هەتا دەوری سێهەمی وتووێژ دەست پێ بکەنەوە. حیزبی دێموکرات لە ئیدامەی وتووێژەکان دڵسارده هەر بۆیە بڕیار دەدرێ د. سادق شەڕەفکەندی بە جێگای د. قاسملوو درێژە بە وتووێژەکان بدا و د. قاسملوو موافقه.

د. شەڕەفکەندی هەر بەو مەبەستە سەفەر دەکا بۆ پاریس بەڵام تیمی وتووێژکاری کۆماری ئیسلامی دانیشتن لەگەڵ د. شەڕفکندی ڕەد دەکەنەوە و ڕادەگەینن ئەوان تەنیا لەگەڵ د. قاسملوو دادەنیش و وتووێژ دەکەن و بەو

٩ "غفور درجزی" کە بە پێی هەموو نیشان و بەڵگەکان دەبێ تەقەکەری ئەسڵی بێت چونکە هەتا ئێستا سێ جار ناوی خۆی گۆریوە بۆ ئەوە لەبەرچاوان وەک مستەفا مستەفەوی ون بێت، مستەفا درجزی لە کاتی تێرۆرەکەدا هەڵگری ناوی ئەمیر مەنسور بوزگیان بووە و لەو ئاخرانەدا بەهۆی عەلی دایی فوتبالیستی تیمی میللی ئێران ئاشکرا بوو کە مستەفا درجزی لەژێر ناوی مستەفا مودەبێر لە ئێران درێژەی بە ژیان داوە و بەرپرسایەتی جۆراوجۆری حوکمەتی وەرگرتووە. واتا غفور درجزی، ئەمیر مەنسور بوزورگیان و مستەفا مودەبێر هەمان تێرۆریستەکەی ڤیەنە و لەژێر چەندین ناودا.

١٠ لێرەدا دەبێنین بە داخەوە د. قاسملوو بە هەر دەلیلیک بووە کەمتەرخەمی دەکا، لەو جەلەسەیەدا بە تەنیایە لە حاڵێکدا تیمی کۆماری ئیسلامی کەسێکی دیکەیان لەژێر ناوی پارێزگاری پێوە زیاد بووە کە وادیارە د. قاسملوو نە دژایەتی ئەو زیاد بوونی ئەو کەسەی کردووە و نە خۆشی لە کۆبوونەوەکانی دیکەدا لەو ئەسڵە کەلکی وەرگرتووە.

جۆره هەموو هەوڵیان ئەوەیە ئیزن نەدەن هەلی تیرۆرکردنی د. قاسملوویان لە دەست بچێ.

لەو سەرو بەندەدا خومەینی دەمرێ واتا ٤ی ژانویەی ١٩٨٩ و ئەوە دەبێتە باسێکی گەرم و گوڕ لە نێو ئەحزابی سیاسیی کورد بە تایبەتی لە نێو ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات کە ئێستا کە خۆمەینی نەماوە ئایا شانسی وتوویێژ لەسەر خودموختاری لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی زیاتر نەبووە و یا هەر وەک خۆی ماوەتەوە؟ ئایا دوای نەمانی خومەینی ئیمکانی کردنەوەی فەزای سیاسیی هەیە یا نا؟ کە زۆربەی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە لەو فورسەتە کەلک وەرگرن. د. سادق شەڕفکندی لە وتوویێژێک لەگەڵ ڕادیو دەنگی کوردستان سەبارەت بەو هەلومەرجە کە د. قاسملوو تێدا شەهید بوو دەڵێ: «[...] لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا لە لایەن ڕێژیمەوە پێشنیارێک بۆ وتوویێژ لەسەر مەسەلەی کوردستان بە حیزب کرا. ئەو پێشنیارە لەو هەلومەرجەدا دوو زەمینەی قەبووڵکردنی لە لایەن حیزبەوە هەبوو. یەکەمیان، خەتێکی گشتی لە سیاسەتی حیزبدا کە بریتی‌یە لەوەی مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای نیزامی‌یەوە چارەسەر ناکرێ و ئەو مەسەلەیە سەرئەنجام دەبێ لە ڕێگای ئاشتی و وتوویێژەوە حەل بکرێ. دووهەمیان، هەلومەرجی تایبەتی کاتی پێشنیارەکەیە. چونکە ڕێژیم کە ئەو پێشنیارەی دەکرد بە پێی قاعیدە دەبوا لە حاڵی پێداچوونەوە بە ڕابردووی خۆی و هەڵسنگاندنی وەزعی گشتی ئێستای دابێ و تێبکۆشی ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی ببینێتەوە. پاش شەڕی ئێران و عێراق دیارە شەڕی کوردستان لەسەرەوەی هەموو گیروگرفتەکانی ڕێژیم دابوو و ئاسایی بەنەزەر دەگەیشت ئەگەر ڕێژیم

بیر لە چارەسەرکردنی بکاتەوە. بە هۆی ئەو دوو زەمینەیە پێشنیارەکەی ڕێژیم لە لایەن ئێمەوە قەبووڵ کرا.»[11]

لە کۆتایەکانی مانگی ژوئن ١٩٨٩ ئەمیر مەنسور بوزرگیان (غفور درجزی) دەگەڕێتەوە بۆ ئوتریش و لە ٢٦ی ژوئن لەگەڵ د. فازیل ڕەسوڵ دیدار دەکا و دەڵێ هاشمی ڕەفسنجانی سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ هەرچی زووتر لەگەڵ کوردەکان ڕێکبکەوێ هەتا بە هەموان نیشان بدەم کە توانیوومە یەکێک لە بنەڕەترین گرفتی کۆمەڵگای ئێران چارەسەر بکەم. بوزورگیان دەڵێ ئێمە پێمان باشە ئەتۆ واتا د. فازیل ڕەسوڵ بە جێگای مام جەلال تاڵەبانی لە جەلەسەکانی وتووێژدا بەشدار بێ. چونکە مەسەلەی وتووێژە جارێ نهێنییە و ڕەنگە مام جەلال باسەکانی وتووێژەکە بدرکێنێ. ئێمە دەمانهەوی ناوەرۆکی وتووێژەکە بە نهێنی هەروا بمێنێتەوە. بە پێی سەرچاوەکان فازیل ڕەسوڵ ئەرکەکەی بۆ خۆی پێی قورس دەبێ و دەشزانێ کە ئێرانیەکان ئیزن نادەن جارێکی دیکە مام جەلال بەشداری کۆبوونەوەکان بکا هەر بۆیە پێشنیاری ئەحمەد بن بیلا دەکا کە هەم دۆستی د. قاسملوویە و هەم پێش ئەوەی کودتای لێ بکرێ سەرکۆماری ئەلجەزایربوو و وەک کەسایەتیکی سیاسی نێودەوڵەتی جێگاو پێگەیەکی هەیە و هەم دۆستایەتیکی زۆر نزیکی لەگەڵ خۆی هەیە و پێکەوە گۆڤاری «الحریە» دەردەکەن . بەڵام ئێرانیەکان ئەو پێشنیارە ڕەد دەکەنەوە و فازیل ڕەسوڵ قەبوولی ئەوە دەکا پێوەندی بە د. قاسملوو بگرێت و پەیامی ئێرانییەکان بگەیەنێ.

ئامانجی تیمی وتووێژکاری کۆماری ئیسلامی لە لابردنی مام جەلال

---

١١ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١٥٧ بەفرانباری ١٣٦٨- ژانویەی ١٩٩٠.

تاڵەبانی دەتوانی دوو ئامانجی لە پشت بێ، یەکەم بە بوونی مام جەلال و تیمی پارێزگاری ئەو نەدەتوانرا کاری ئەسڵی خۆیان کە کوشتنی د. قاسملوو بوو جێبەجی بکەن و نەشیان دەویست ئەو ڕیسکە بکەن و جەلال تاڵەبانی بکوژن. دووهەم دەیانزانی د. قاسملوو بێ ئیسکۆرت و پارێزەره[12] هەر بۆیە بە لابردنی مام جەلال بە تەواوی دەستیان ئاوەڵە دەبوو بۆ کوشتنی د. قاسملوو.

فازیل ڕەسوول بە تەلفوون د. قاسملوو کە لە پاریسە لە بابەتەکەی ئاگادار دەکاتەوە و ڕۆژی ٣٠ی ژوئن دەچێتە پاریس هەتا لە نزیکەوە د. قاسملوو ببینێ و قەناعەتی پێ بکا کە وتووێژ ئیدامە بدا.[13] د.قاسملوو قەبووڵ دەکا بە دوو مەرج، یەکەم وتووێژەکان لە پاریس بن و دووهەم وتووێژ هەتا ١٥ی ژوئیە کۆتایی پێ هاتبێ چونکە لە ١٩ی ژوئیە د. قاسملوو سەفەری بۆ

١٢ سەبارەت بە نەبوونی پارێزە و ئیسکۆرت کارۆڵ پرۆونهووبێر لە کتێبی خولیاو و مەرگی قاسملووی کورد دا چەند نموونەیەک باس دەکا کە بە دایم هاورێ و دۆستەکانی دوکتور چ کورد و خاریجی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ هێناوەتە گۆرێ. "ساڵی ١٩٨٨ کاتێک قاسملوو لە وەزارەتی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی پاریس سەری لە هەر دوو هەڤاڵەکەیدا، ئەوان لێیان پرسی داخوا پۆلیس پارێزگاریی لێ دەکا یان ا. چەند جار هاتە لامان. جاری پێنجەم سەبارەت بە قایمکاری شتێکمان لێ نەپرسی و جارێکیان پێمان گوت، دەبێ پارێزگارت هەبێ. دەبێ پاسەوانی چەکدارت دەگەڵ بێ. دەنا ئێمە لە دەوڵەت ئیجازە دەخوازین یەکێک لە پێشمەرگەکانت بە چەکەوە دەگەڵت بێ. هێلین دەی گێرایەوە دەیگوت، هیچکات هەستی بە مەترسی نەدەکرد. لە کوردستان، زۆر جاران خەڵک دەهاتنە لام و داوایان لێ دەکردم پێی بسەلمێنم کە دەبێ ئاگای لە خۆیی بێ."

١٣ لە هێندێک سەرچاوە باس لە نامەیەک کە ڕەفسەنجانی بۆ فازیل ڕەسووڵ ناردووە و لەو نامەیەدا باسی ئەوەی کردووە کە زۆری پێی خۆشە سەر لە نوێ وتووێژەکان لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تاران دەست پێی بکاتەوە. کارۆڵ لە کتێبی خولیا و مەرگی قاسملوودا لە کۆتایی لاپەرەی ٣٨ی چاپی کوردی دا ئاوا باسی ئەو نامەیەدەکا: "وێ دەچێ ڕەسووڵ بە قاسملووی گوتبێ ڕەفسەنجانی نامەیەکی بۆ ناردووە و لەودا باسی وتووێژی هێناوەتە گۆرێ. بەڵام لەبەر ئەوە کە ڕەسووڵ هیچ شتێکی لەبارەی ئەو نامەیەوە نەدرکاند هیچ کەس لە نێوەرۆکی ئەو نامەیە و وتووێژی نێوان ئەو و قاسملوو ئاگادار نەبووە [...] چەند ڕۆژ دوای جینایەتەکە، بنەماڵەی ڕەسووڵ لە ڤییەن دەیانگوت نامەیەکی ئەوتۆی سەرۆک کۆماری ئێران لە ئارا دابووە."

ئەمریکا هەبوو. تیمی وتوویژکاری کۆماری ئیسلامی وتوویژ لە پاریس بە توندی ڕەد دەکەنەوە و زۆرتر پێداگری لەسەر ڤییەن و بێرلین دەکەنەوە بەڵام مەرجی دووهەم کە ڕێکەوتی تەواو بوونی وتوویژەکەیە قەبووڵ دەکەن.

د. قاسملوو لەگەڵ عبدولا قادری ڕۆژی ١٠ی ژوئیە دەکاتە ڤییەن و لە لایەن ئەندامان حیزبەوە لە فڕۆکەخانە وەردەگیرێ و لەو ماوەدا کە لە ڤییەنە چەند دیدارێک لەگەڵ سەرانی حیزب و دەوڵەتی ئوتریش ئەنجام دەدا. د. قازیل ڕەسوڵ تیمی وتوویژکاری ئێرانی لە هاتنی د. قاسملوو ئاگادار دەکاتەوە.

بە پێی هێندێک سەرچاوەی بەردەست گەڵالە تێرۆری د. قاسملوو هەر لەسەرەتاوە دوو تیمی بۆ ئامادە کراوە تێمی، یەکەم ئەوانن کە وەک وتوویژکار خۆیان نیشان داوە و تیمی دووهەم تیمی زەربەتە کە بریتین بوون لە «ناسر تەقی پور» ڕەئیسی واحیدی ئیتلاعاتی سپا، «عەلی ڕەزا عەسکەری» ئەندامی تایبەتی چالاکییەکانی سپا کە هەر دووک ئەوانە بە پاسپۆرتی ساختە و لە ڕێگای دوبەیەوە بەرەو ڤییەن سەفەریان کردووە، و کەسی سێهەم «نژاد ئەحمەدی»[14] کە بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیک هاتۆتە ڤییەن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دوای چەندین ئامانج لەو تێرۆرەوە بوون.

**یەکەم:** لە نێو بردنی د. قاسملوو چونکە لە پێگەی د. قاسملوو لە نێوخۆی ئێران و کوردستان و دنیای دەرەوە دەترسان.

**دووهەم:** دەیهەویست وانیشان بدا کە بە دوای چارەسەری ئاشتیانەی

١٤ بەپێی هێندێک لەسەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەو کەسە داود ئەحمەد نیژاد برای مەحموود ئەحمەد نیژادە و هێندێکی دیکە لایان وایە ئەو کەسە هەر خودی مەحموود ئەحمەد نیژادە.

مەسەلەی کورد و مەسەلەکانی دیکەی ئێرانە بەڵام دەستی ناحەزان و دژبەرانی ئاشتی ئەو تێرۆرەیان ئەنجام داوە.

**سێهەم:** دەیهەویست وا نیشان بدا کە سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی دەیهەوی مەسەلەکە چارەسەر بکا بەڵام دەنگی ناشاز و دژبەریش هەن و تیمی زەربەت بێجگە تێرۆرکردنی د. قاسملوو ئەو ڕۆڵەشی هەبوو.

ڕۆژی ١٢ی مانگ سەعات ١٠ی بەیانی فازیل ڕەسووڵ بە تەلفوون د. قاسملوو ئاگادار دەکاتەوە کە سەعاتی ٤ی دوانیوەڕۆیە لە بەرابەری هوتێل هیلتۆن نزیک ئیستگای ناوەندی ئوتوبووس ئامادە بن هەتا لەوێرا لەگەڵ خۆیان بیانبا بۆ شوێنی کۆبوونەوە نهێنیەکە. لە دوای بردنی هەیئەتی حیزب بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە د. فازیل ڕەسووڵ هەیئەتی کۆماری ئیسلامیش دەگەێنێتە شوێنی دانیشتنەکە. ئەو شوێنە لە لایەن فازیل ڕەسوڵەوە ئامادە کرابوو و تەنیا ئەو ئادرەسی دەقیقی دەزانی. شوێنەکە لە تەبەقەی سێهەمی ئاپارتمانێکدا قەراری گرتبوو و دەرگاکەی تەنیا بە ئایفۆن دەکرایەوە و دەرگای چوونە ژووری ئاپارتمانەکە بە سێ قەفڵ ئەمنیەتی پارێزگاری لێ دەکرا.

بە پێی بەڵگەکان ئەو ڕۆژە هەیئەتی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان داوە کات بکوژن چونکە هیچ ئاشنایەتیان بە شوێنەکە نەبووە و دوای دانیشتن بە بەهانەی ئەوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرن دانیشتنەکە وەدوا دەخەن بۆ ڕۆژی دواتر و هەر کام لە هەیئەتەکان بەرەو شوێن و کاری خۆیان دەگەرێنەوە. هەر ئێوارە ئەو ڕۆژە هەیئەتی ئێرانی هەر سێکیان لەو هوتێلە کۆدەبنەوە کە سەحراروودی هەتا ڕۆژی ١٤ی مانگ بە کرێ گرتووە و شێوەی بەڕێوەبردنی پیلانی تێرۆرەکە دادەرێژن.

ڕۆژی ۱۳ ی مانگ لەسەری سەعاتی دیاری کراو د. قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە بێ ئیسکۆرت و پارێزەر وەڕێ دەکەون. سەعاتی ٥ و ٥ دەقەی دوانیوەڕۆیە دیاری کراوە بۆ دەستپێکی وتووێژ. ئامادەبوان تیمی ئێرانی پێکهاتبوو لە جەعفەری سەحرارودی، مستەفا مستەفەوی (اجودی) و ئەمیر مەنسوور بوزرگیان (غفوری درجزی). و تیمی حیزبی دێموکرات، د. قاسملوو و عبدولا قادری ئازەر بە ئامادەبوونی د. فازیل ڕەسوڵ وەک لایەنی سێهەم و نێوبژیکار. لە زاهیردا سەحرارودی و مستەفەوی لایەنی وتووێژکارن و بوزورگیان بەرپرسی پاراستنی ئەوانە. لەو کاتەدا کە لە ژوورەوە وتووێژ دەست پێ دەکا بە پێی هێندێک سەرچاوە تیمی زەربەتی تێرۆر لە دەرەوە ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی ئاماژەیان پێی بکرێ بۆ دەست بە کار بوون (ناسر تەقی پور، عەلی ڕەزا عەسکەری و نژاد ئەحمەدی). بە پێی قسەکانی ئەو نەوارە زەبەت کراوە کە د. قاسملوو بە نهێنی لە گیرفانیدا لە ڕەوتی وتووێژەکان هەڵگرتووە لە دواین چرکەدا دەنگی د. فازیل ڕەسول دێ کە باس لەوە دەکا با سبەی کۆبوونەوەکە درێژە پێ بدەین کە تەقە دەست پێ دەکا و دەنگی کەوتن و پێک دادانی کورسی و سەندەڵی دەبیستری و لە دوایدا بێ دەنگی تەواو.

بە پێی هەموو نیشانەکان و بەڵگەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوە و پزیشکی دادی ئۆتریش تەنیا کەسێک کە توانیوویەتی لە خۆی دیفاع بکا کاک عبدوڵڵا قادری ئازەر بووە. چونکە لە هەردوو شەهیدەکەی دیکە زیاتر فیشەکی بەر کەوتووە و بە پێی لێکۆڵینەوەی پزشکی قانوونی مووی سەری سەحرارودی لە ژێر نینۆکەکانی داماوەتەوە و تەنانەت خوێنی سەحرارودی لەسەر جەستەی

شەهید عبدوڵا لە لایەن پزشکی قانوونی‌یەوە تەئید کراوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و کارناسانی تەقەکردن لەو کۆشتارەدا لە دوو چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ بڕ کەلک وەرگیراوە و لە لایەن دوو کەسی ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکە بە ڕووی د. قاسملوو و هاورێیانی دا تەقە کراوە. فیشەکەکان لە دوو شوێنی جیاواز لە مەودایەکی کەمەوە دەرچوون. د. قاسملوو لە دوو چەکەوە سێ فیشەکی بەرکەوتووە، د. فازیل ڕەسوڵ پێنج فیشەکی بەرکەوتووە و عبدوڵا قادرئازەر یازدە فیشەکی بەرکەوتووە و هەر ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە شەهید عبدوڵڵا لە جێگای خۆی ڕاپەریوە و هێرشی بۆ یەکێک لە تەقەکەران بردووە کە بۆتە هۆکاری ئەوە لە دوو لاوە تەقەی لێ بکرێ و لەو تەقەکردنەدا یەکێک لە فیشەکەکان بەر شەهید عبدوڵڵا نەکەوتووە و بەر شانی سەحراروودی کەوتووە و لە لەشی‌دا کەمانەی کردووە لە لاملی ڕا بەرەو زاری گەڕاوەتەوە و بۆتە هۆی بریندار بوونی ناوبراو. لە حالێک‌دا د. قاسملوو و د. فازیل ڕەسول هەر لەسەر جێگای خۆیان شەهید بوون.

هیندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن بوزرگیان دەرگای لە تیمی تێرۆر کردۆتەوە ولە لای کەسێک کە لە بەڵگەکان‌دا بە شاهیدی (د) ناوی دەبردرێ تەقی پور گوتوویەتی بوزرگیان دەرگای لێ کردینەوە و کاتێک چوونە ژوورێ یەکەم جار تەقەمان لە قاسملوو کرد و چونکە ژوورەکە تارێک بوو من بە هەڵە تەقەم لە سەحراروودی کردوە و دوای ئەنجام‌دانی مەئموریەتەکە بە پەلە شوێنەکەمان بە جێ هێشتووە. بەڵام ئەو قسەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی کار ناسانی پۆلیس یەک ناگرێتەوە و پۆلیس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تەقەکە تیمی

وتووێژکار کردویانە. بە پێی قسەی پۆلیس دەرگای ماڵەکە بە زۆر نەشکاوە و بۆیان ڕوونە کە تەقەکەرەکان هەر ئەو سێ کەسە بوون کە بە ناوی تیمی دانووستان لەو ژوورە ئامادە بوون. بەڵام پۆلیس پێی وایە قاتڵەکان ڕۆژی پێشتر لەتکە پلاستیکێکی بچووکیان لە نێو دەرگای دەرەوەی ماڵەکە هاویشتووە کە بتوانن بێ کلیل و ژمارەی تایبەت هاتوچۆیی ئەو ماڵە بکەن. یەکێک لە هەڵەکان کەمتەرخەمی د. فازیل ڕەسوڵ ئەوە بووە کە ماڵەکەی نەگۆڕیوە و ڕۆژی دواتریش هەر لەو شوێنە کۆبوونەوەکە بەڕێوەچووە، وا دەردەکەوێ تەنانەت هەیئەتی حیزبی دێموکراتیش لە هەوڵی جێگۆڕکیدا نەبوون.

سەحراروودی و بوزرگیان و مستەفەوی تەواوی بارگەوبنەی خۆیان بۆ هەڵاتن لە هوتێل ئامادەکردبوو و بلیتی تەیارەشیان لە پێشدا بۆ تاران کڕیبوو بەڵام هیندێک ڕووداو دێنە پێشی کە ئەوان پێشبینیان نەکردبوو.

**یەکەم:** بریندار بوونی سەحراروودی کە فیشەکێک وە بن هەنگەڵی چەپی دەکەوێ و لە نزیک شانی دێتەوە دەر و وەرومەتی دەکەوێ و دەچێتە دە زاری. هەوڵ دەدا ڕابکا بەڵام هەر ئەوەندە دەتوانێ بێتە سەر شەقام کەسێک لێ نزیک دەبێتەوە دەست لە گیرفانی سەحراروودی ڕۆدەکا و بەستەیەکی ١٠,٠٠٠ دۆلاری و پاکەتێکی پۆستی دەردێنی و ئەوەندە بە پەلە ڕادەکا کە خەریکە لەگەڵ ماشێنێک تەسادوف بکا. لەو سەر و بەندەدا پۆلیس دەگاتێ، سەحراروودی خوێناوی لەسەر شەقام کەوتووە لە پڕدا بوزرگیان پەیدا دەبێتەوە و قۆلی پۆلێسێک دەگری و رایدەتڵەکێنی وبە ئینگلیسی هاوار دەکا (هاوڕێیەکەم، هاوڕێیەکەم) و لە دواییدا بەرەو شوێنی جنایەتەکە دەچێ. دوو پۆلیس بە دوایدا دەڕۆن و بە سەر جنازەی کوژراوەکاندا دەکەون هەر لەوی بوزرگیان دەپشکنن لە

ئاکامی پشکنین‌دا پاکەتێکی خویناوی پۆستی لەگەڵ ٩٤٠٠ دوڵار دەبینەوە و لە دوای‌دا دەردەکەوی بوزرگیان هەر ئەو کەسە بووە کە بە پەلە دەستی لە گیرفانی سەحراروودی ناوە.

**دووهەم:** هەر چەند مستەفا مستەفەوی دەتوانی ڕابکا و خۆی حەشار بدا بەڵام سەحراروودی برداوەتە نەخۆشخانە و بوزرگیان بردەراوە بۆ ئیدارەی پۆلیس و کاتێک پۆلیس لە هەر دووکیان سەبارەت بە ڕووداوەکە پرسیار دەکا چونکە پێشتر پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو وەڵامەکانیان بە پێچەوانە یەکترە. کاتێک لە بوزرگیان پرسیار دەکرێ کاتی ڕووداوەکە لە کوێ بووە لە وەڵام‌دا دەڵێ برسیم بووە چوومە (مەک دۆنالد) خواردن بکڕم و لە کاتی تەقەکردنە لەوێ نەبووم. هەر ئەو شەوە لە نەخۆشخانە پۆلیس لێکۆلینەوە لە سەحراروودی دەکا و نابراو دەڵێ لە کۆتایی وتووێژەکە دابووین کە لە پڕدا دەرگا کرایەوە دوو یا سێ کەس هاتنە ژوورێ دەستیان کرد بە تەقە کردن و من ئەوانم نە دیت چونکە بریندار بووم لەسەر سەندەلی کەوتمە خوارێ ئیدی خۆم مراند و تەکانم نەخوارد هەتا قاتڵەکان وابزانن من مردووم و کاتێک من بۆ هاواربردن چومەدەرێ توشی بوزرگیان بووم لێم پرسی لە کوێ بووی گوتی لە ئاودەست بووم. لە حاڵێک‌دا سەحراروودی ئەو قسەیە دەکا و دەڵێ خۆم لە مردن داوە بۆ ئەوەی قاتڵەکان هەڵخەڵتێنم کە سێ کوژراوەکەی دیکە فیشەکی کۆتایان لێ دەراوە و ئەگەر ئەو قسەی سەحراروودی ڕاست بوایە دەبوایە ئەویش فیشەکی کۆتایی لێ دەرابایە.

**سێیەم:** بێجگە لەو بەد شانسییە تیمی تێرۆرکە، کە سەحراروودی و بوزرگیان دەست بەسەر کراون دیتنەوەی دمانچەیەک بە دووخەشاب و دەنگ بڕێک و

دوو سویجی موتۆرسکلیت سوزەکی کە لە دواییدا ڕوون بووە کە سەحراروودی کڕیاری ئەو موتوڕسکلیتە بووە و چەکەکەی دیکەش دوای ماوەیەک دۆزرایەوە. دوای لێکۆڵینەوە لە چەکەکان دەرکەوت یەکێک لەو چەکانە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن کارخانەیەکی چەک سازی ئیسپانیاوە تەحویلی ئەرتەشی شای ئێران دەراوە. هەر بۆیە شک نەما کە ئەو چەکانە لە ئێرانەوە هاتوون.

# ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس

دوای ماوەیەکی کورت لە ئاشکرا بوونی ڕووداوەکە ڕەئیس پۆلیسی یەکەی تایبەتی بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم (اسوالد کسلر) مەئموریەتی لێکۆلینەوە لە ڕووداوە وەردەگرێ دوای وردبینی لە شوێنی ڕووداوەکە هەر لەوێ ئەو چەند خاڵە باس دەکا:

– دەرگای چوونە ژوورەوە هیچ نیشانەیەکی لەسەر نییە کە کەسێک بە هێز شکاندبی و کرابێتیەوە.

– هەر سێ کوژراوەکە فیشەکی خەلاسیان لێ دراوە.

– دوو لە کوردەکان بە تەواوی غافلگیر بوون و لە حاڵەتی دانیشتوویی‌دا کوژراون، ئەگەر کەسێکی غیرە لە دەرەوە هاتبێتە ژووری و تەقەی کرد بێ ئیمکانی نەدەبوو ئەوانە هەر وا لەسەر جێگای خۆیان بمێنەوە.

– مستەفەوی هەڵاتووە و خۆیی شاردۆتەوە.

– هەڵکەوتی ئاپارتمانەکە بە جۆرێکە کە ناتوانری لە دەرەوە وەزعییەتی

نێو ژوورەکە بزانری بەو مانایە دەبێ قاتڵەکان ئاشنایی تەواویان لە ژوورەوەی ماڵەکە هەبێ.

– قاتڵەکان دەبێ شناختی تەواویان لەسەر شوێنی دانیشتنی کوژراوەکان هەبێ هەتا کاتی تەقەکردنی خێرا و بە پەلە هەڵە نەکەن.

– ئەو تێرۆرە بە شێوەی کلاسیک و باو بەرێوە نەچووە بەڵکوو وەک شێوە تێرۆری دەزگاکانی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی دەچێ. چونکە لە مودیلی کلاسیکی تێرۆریستی‌دا بکوژ و کوژراو (قاتل و مقتوول) بۆ یەکەم جار نە لە ماڵێکی تایبەت بەڵکوو لە بەردەرگای هوتێلێک یا فرۆکەخانە، چاویان بە یەک دەکەوێ. لە حاڵێک‌دا لەو تێرۆرەدا بکوژ و کوژراو یەکتریان ناسیووە و بکوژەکان توانیوویانە متمانەی کوژراوەکان بە دەست بێنن.

– هەروەها بە هۆکاری ئەوەی کە د. قاسملوو و قادری ئازەر لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ دابوون و ئەوان کوژراون و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی سلامەتن، ئەو تێرۆرە کۆماری ئیسلامی لە پشتە.

هەر لە شوێنی ڕووداوەکە ڕئیس پۆلیس (کسلر) ڕادەگەێنێ بۆ ئێمە وەک پۆلیس مەسەلەکە ڕوونە بەڵام لەوە بە دواوە بڕیار لەو بابەتە بە ئێمە نییە بەڵکوو بە سیاسەتە. تەنانەت هەر لەوێ بڕیار دەدا تەواوی سنووری وێشکایی و هەوایی بە توندی چاوەدێری بکرێن.

لە لێکۆڵینەویەک کە لە سەحراروودی دەکرێ و ڕوون دەبێتەوە کە هیچ کام لە قسەکانی لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکە نایتەوە بۆیە پۆلیس ڕووی تێداکاو دەپرسێ:

– ئەگەر کەسانێک لە دەرەوە هاتبنە ژووریٚ و لەوی ڕا تەقەیان کردبێ دەبێ تەواوی قاپۆرە فیشەکەکان لە بەردەرگای هاتنە ژوور کەوتبان لە حاڵێکدا تەواوی قاپۆرەکان لەژێر شوێنی دانیشتنی ئێوە دابوون.

– ئەگەر هێرشبەران لە دەرەوە ڕا هاتبن و لە بەردەرگای چوونە ژوورەوە تەقەیان کردبێ چۆن دەتوانن هەر لەویٚ ڕا بەرەو هەمان دیوار تەقە بکەن، لە حاڵێکدا لێکۆڵینەوەی کارناسانە و زانستی تایبەت بە دیاری کردنی خەتی حەرەکەتی فیشەکەکان باس لەوە دەکا کە ئەو فیشەکانە لە شوێنی دانیشتنی سەحراروودی‌یەوە بەرەو ئەو دیوار تەقیندەراون.

کۆماری ئیسلامی بۆ تیٚرۆری د. قاسملوو گەڵاڵەیەکی تۆکمە و وردی داڕشتبوو. بێجگە لەوە کە دەبوایە متمانەی د. قاسملوو وەدەست بێنن بیریان لەوەش کردبووە ئەگەر بە هەر هۆکارێک دوای ئەنجامدانی تێرۆرەکە تیمەکانیان لە مەترسی گرتنی هێزی ئەمنی ئوتریش کەوتن بتوانن بە ئاسانی دەربازیان بکەن، هەر بۆیە لە کەسێکی وەک جەعفەری سەحراروودی کەلکیان وەرگرت چونکە ناوبراو کاتی خۆی لایەنی معاملەکار بووە لەگەڵ ئوتریشیەکان بۆ کڕینی تۆپی دوور هاوێژی ١٥٥ ملیمیتری نوریکۆم[١٥]. سەحراروودی لە ساڵی ١٩٨٥ بە ناوی خوازراوی ڕەحیمی لە شاری ئاتێن لە پێشانگای کەرەسەی نیزامی لەگەڵ شیرکەتی (ڤۆست) معاملەی کڕینی تۆپەکانی نوریکۆمی کردووە. هەر وەکی باس کرا فرۆشتنی غیرە قانوونی ئەو جۆرە تۆپە بۆ ماوەیەکی زۆر وەک ڕیسوایەکی سیاسی بەرۆکی سیاستمەدارانی ئەو وڵاتەی بەرنەدەدا، لە

١٥ تۆپی ١٥٥ میلیمتری شیرکەتی نۆریکۆم (Noricum) بە دوور هاوێژی زیاتر لە ٤٠ کیلۆمیتر دەتوانین بڵێین کە لە هەلومەرجی ئەو کاتی شەڕی ئێران – عێراق هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مەیدانی شەڕی بە تایبەتی لە بەرەی شەڕی بەسرە بە قازانجی ئێران گۆڕی.

بەر دوو هۆکار یەکەم فرۆشتنی ئەو چەکانە غەیرە قانوونی بوون و بەدەر لە یاسای فرۆشتنی چەک‌وچۆڵ کرا بوون. دووهەم هەتا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە کە میلیونان شیلینگ (پارەی ئەو کاتی ئوتریش) کە بابەتی کومیسیونی غیرە قانوونی پرداخت کراوە چۆتە گیرفانی چ کەسانێکەوە؟

ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش و دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە هەر وا سوور ببان لەسەر لێکۆڵینەوە لە گیراوەکان بە تایبەتی جەعفەری سەحرارودی و تاوانباران چوبانە بەر دەمی دادوەر ئیحتمالی نزیک بە سەد لە سەد هەبوو کە سەحرارودی هەموو ئەو دەسەڵات‌دار و سیاسەتمدارانەی ئوتریشی ئاشکرا بکا کە لە معاملەی نوریکۆم‌دا بەشدار بوون و چەندیان دەست خۆشانە پێ دراوە و لە ڕاستی‌دا ئەوە دەبوو بە ڕیسوایەکی گەورە و کێشەیەکی نێوخۆی بۆ دەوڵەتی ئوتریش دروست دەکرد کە بە ئاسانی لێ دەرباز نەدەبوون. و لەهەمان کات‌دا دەوڵەتی ئوتریش دەکەوتە بەر لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی کە چەکی بە دوو لایەنی شەڕ فرۆشتووە و بێ لایەنی لەو شەڕەدا نە پاراستووە لێرە دایە بۆمان دەردەکەوی کە کۆماری ئیسلامی مەبەستی وتوویژ نەبووە و تەنیا ئامانجی تیرۆر کردنی د. قاسملوو بووە و زۆریش زیرەکانە بەرنامە ڕێژی بۆ کردووە و لە کەسانێک کەلکی وەرگرتووە کە خاڵی بە هێزی خۆیان لە بەرانبەر ئوتریشیەکان‌دا بووە. بێجگە لەوانە لەو کاتەدا کە بوزورگیان (غفور درجزی) و سەحرارودی لە لایەن پۆلیسەوە دەست بەسەرن کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سەفیری ئوتریش لە تاران دەوڵەتی ئوتریش ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەگەر ئەو دوو کەسە (سەحرارودی و بوزرگیان) بە سەلامەت و ئازادی نەگەڕێندرینەوە تاران، دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ناتوانی گیانی هاووڵاتییانی

ئوتریشی و بەرژەوەندیەکانی ئەو وڵاتە لە ئێران بپارێزێ.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ ئوتریش یەکەم وڵاتی ئورپاییە کە لە ساڵی ١٩٨٤ وەزیری دەرەوەی بە ڕەسمی سەردانی ئێران دەکا و لە ساڵی ١٩٨٧ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران (ولایتی) بە ڕەسمی بانگهێشتی ئوتریش دەکرێ و لە هیچ کام لەو ڕووداوانەی کە ئوروپا هەڵویستی دژ بە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی (هەر چەند کاتیش بێ)، گرتبێ قەت ئوتریش بەو شێوە سەد لە سەد هەمامەنگی لەگەڵ یەکیەتی ئوروپا نەکردووە بۆ نمونە لە جەریانی فتوای خۆمەینی بۆ کوشتنی سەلمان ڕوشدی ئوتریش تەنیا وڵاتێکی ئوروپایی بوو لەچاو وڵاتانی دیکەی ئوروپایی زۆر لاواز عەمەلی کرد و پێوەندیەکانی نەپچڕاند و بە هەمان شێوە لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس بە پێچەوانەی وڵاتانی ئوروپای دیسان ئوتریش پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەپچڕاند.

# هەندێک زانیاریی دیکە

– ڕۆژی دووشەممە ١٧ی پووشپەڕ بۆ جارێکی دیکە پۆلیسی فیدڕالی ڤییەن ژووری تاوانەکە دەپشکنن. لەسەر کورسیێک دوو قاپۆرە فیەشک دەدۆزنەوە و لە شوێنی چۆراوگەی گوڵدان فیەشەکێک دەدۆزنەوە لەگەڵ چەند شتێکی دیکەی وەک کیسە پلاستیکی خوێناوی.

– پۆلیسی لێکۆڵینەوە بەو ئەنجامە دەگا کە ڕەنگە ئێوارەی کوشتارەکە بەشداربوویەکی دیکەش لە وتوویژەکان دابێ.

– نەواری وتوویژەکان لە پێشدا هەر سەرەتایی سەرنجیان خرابوو سەر بەڵام لە دوایی‌دا بۆ جارێکی دیکە بە تەواوی وەرگێڕانیان بۆ کرا و بە وردی سەرنجی دراوەتێ. وەرگێڕانی جاری دووهەمی کاسێتەکان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی ئەو کات ١٢٠,٠٠٠ شیلینگی بەرامبەر بە ١٢,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی تێچووە. دیارە بۆچوونێک لە لایەن پۆلیسی ئوتریش هەیە لەسەر ئەو نەوارانە کە پێی وایە ئەو نەوارانە دەستکاری کراوەن و یەک پرسیار و گومانێک مەترح دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەو کاسێتانە چوونە

نێو جانتاکەی د. قاسملوو؟ و گومانەکە ئەوەیە دەستێک لە نێو دەسەڵاتی دەوڵەتی ئوتریش بە ئانقەست هیندێک شوێنیان دەستکاری کردبن و یا دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە ڕێگای دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە دەستکاری نەوارەکانیان کردبێ بۆ شێواندنی بابەتەکە و سەر لێ شێواندنی کەسانی لێکۆڵەوەر لەسەر بابەتی تێرۆرەکە.

– لەو بەینەدا ئێران بێکار دانانیشێ و گوشاری زیاتر دەخاتە سەر دەوڵەتی ئوتریش و باڵیوێزی ئەو وڵاتە لە تاران بانگ دەکا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران و تووڕەیی دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ئێرانی سەبارەت بە ڕەفتاری پۆلیسی دژە تێرۆری دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ جەعفەری سەحراروودی و بوزرگیان، پێڕادەگەیێنێ.

– باڵوێزی ئێران لە ڤییەن دوا دەکا کە پۆلیس بە بێ بوونی کارمەندی باڵوێزخانە مافی لێپرسینەوەی لە سەحراروودی نییە و دەبێ بەرپرسانی دەوڵەتی ئوتریش باش ئەوە بزانن کە لێپرسینەوە لە بریندار جۆرێک لە ئەشکنجەیە و لە مقابلیش‌دا سەحراروودی دەڵێ من کارمەندێکی ئیداری دەوڵەتی ئێرانم و بێ ئیزن و ئاگاداری باڵیوێز وڵامی هیچ پرسیارێک نادەمەوە. باڵوێزی ئێران لە ڤییەن لە ڕۆژی دوای تێرۆرەکە هەتا ڕەوانە کردنەوەی سەحراروودی ١٦ جاران گوشار دەخاتە سەر دەوڵەتی ئوتریش و لە هەمان کات‌دا باڵێویزی ئوتریش ناچار بووە ٩ جاران لە تاران داکۆکی لە دەوڵەتەکەی خۆی بکا.

– باڵیوێزی ئێران ڕەسمەن داوا دەکا کە لەبەر ئەوە دایک و بنەماڵەی سەحراروودی لە ئێران نیگەرانی وەزعی ناوبراون پێویستە سەحراروودی لە

نەخۆشخانە خەتی تەلەفۆنی هەبێ و بتوانێ پێوەندی بە بنەماڵەکەیەوە بگرێ کە چەند جارێک سەحراروودی توانی لەو ڕێگایەوە لەگەڵ ئێران پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ.

– پێنج شەممە ٢٠ی مانگی پووشپەڕ کاتێک دادرەس دەیهەوێ لێکۆڵینەوە لە سەحراروودی بکا ناوبراو ئامادە نابێ وڵامی پرسیارەکان بداتەوە و دەڵێ پێویستە نوێنەری باڵوێزخانەی ئێران حزوری هەبێ لەو کاتەدا خودی باڵیوێزی ئێران (شیرازی) لە ئوتریش دەگاتە نەخۆشخانە و بە بەهانەی ئەوەی کە هاتووە نانی بەیانی لەگەڵ بریندارەکە بخوا دادرەس ناچار دەکا ژوورەکە بەجێبهێڵێ و لە دەرەوە چاوەڕوان بێ هەتا ئەوان نانەکەیان دەخۆن پاش سێ چارەکە سەعات ئیزن دەدەن دادرەس بێتە ژوورێ و پرسیارەکانی خۆی بکا، دیارە ئەو ماوەیە بەس بووە بۆ ئەوەی سەحراروودی و باڵیوێز پێکەوە لەسەر وەڵامەکان ساغ ببنەوە.

– ڕۆژی هەینی ٢١ی پووشپەڕ مەنوچێهری موتتەکی کارگێری گشتی لە وەزارەتی دەرەوە بۆ هەموو ئوروپا بۆ جارێکی دیکە کارگێری دەرجە سێ ئوتریش لە تاران بانگ دەکا و داوای لێ دەکا ئەو پەیامە ڕوونە بگەیەنێتە دەوڵەتی ئوتریش کە ئەگەر بڕیاری گرتنی ئەو دوو کەسە هەڵبوەشێتەوە باڵوێزی ئێران لە ڤییەن دەتوانی هاوکاری پۆلیسی ئوتریش بکا.

– ڕۆژی چوار شەممە پۆلیسی دژە تێرۆری ئوتریش لە پشکنین لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری ڤییەن بۆیان دەردەکەوێ کە تاقمێکی ١٦ کەسی کە خاوەنی پاسپۆرتی فەرمانبەرین لە ڕێکەوتی ڕۆژی ١٨ هەتا ١٩٨٩/٧/٢١ جێیان گرتووە و ماونەوە و لە هەمان کاتدا بۆیان دەردەکەوی کە گروپێکی

دیکەی ١٤ کەسی لە هوتێلێکی دیکەدا جێیان گرتووە و ستاپۆ پۆلیسی ئۆتریش ئیحتمالی ئەوە دەدا کە ئەوانە بۆ پارێزگاری لە سەحراروودی هاتوونەتە ڤییەن.

– دوای ئەوە سەحراروودی بە برینداری بە ئیسکۆرتەوە ڕەوانەی ئێران دەکرێ مشتومڕ لە نێو دام دەزگای دەوڵەتی ئۆتریش پەیدا دەبێ و کاتێک یەکێک لە وەزیرەکانی دەوڵەت دەپرسێ سەحراروودی بە برینداری چۆن بۆیی ڕەخساوە بەرەو ئێران بڕوا وەڵام وەردەگرێتەوە کە سەحراروودی پاسپۆرتی دیپلۆماتیکی ژمارە ٤ی هەبووە و لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە وەک شاهید لە قەڵەم دراوە و لە هەمان کاتدا چونکە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکی هەبووە پێویستی بە ویزا نەبووە بۆ سەفەرکردن.

– ئێران سایکۆلۆژی خەڵکی ئۆتریشی باش ناسیبوو، سەرۆکی پۆلیسی ئۆتریش دەڵێ: «خەڵکی وڵاتی من بە بیستنی هەواڵی ناخۆش ڕاناچڵەکن و تەنانەت هەرگوێشی نادەنێ، دەپرسن کەس لە ئۆتریشیەکان نەکوژراوە، کەوابوو لێیان گەڕێن و دوورە پەرێز بین و خۆمان نەخەینە نێو ئەو گیروگرفتانەوە.»

– بابەتی فرۆشتنی غیرە قانوونی چەکوچۆڵ بەو وڵاتانەی کە لە حاڵی شەڕدان بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی بە هۆی پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستیەکان لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ئابلۆقەیان لەسەرە وەک لیبی و ئێران، لە نێو خۆی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی ئۆتریش کێشەی لێ دروست دەبێ و تەنانەت کارگەیشتە جێگایەک کە کومیتەی لێکۆلینەوەی لەو بابەتە لە پارلمانی ئۆتریش پێک بێ و ئاغای «هێربێرت ئامری» باڵیوزی ئەو وڵاتە

لـه یونـان کـه واسـتەی سات‌وسـەودای فرۆشـتنی چەک‌وچۆڵ بوو بـە مەرگێکی گومانـاوی مـرد کـە بـە پێـی هێندێـک سـەرچاوەی پۆلیـس دەبـێ دەرمانـدراو کرابێ. چەکی شیرکەتی نۆریکۆم بە برێزیل، بولغارسـتان، ئۆردۆن، لەهێسـتان، تایلەنـد، فرۆشـراوە بـۆ ئەوەی لە ڕێگای ئـەو دەوڵەتانەوە چەک‌وچۆلی پێویسـت بـۆ عێـراق و ئێـران کـە لەگـەڵ یەکتـر لـە حاڵـی شـەڕدا بـوون دابیـن بکەن.

– کەمتەرخەمی دام‌ودەزگای ئەمنیەتی ئوتریش هەر لەسەرەتای ڕووداوەکەوە دیـار بـوو بـۆ نمونـە دوای ٩ سـەعات تێپەڕبـوون لـە ڕووداوەکـە تاقـی‌کاری بـۆ فیشـەکەکان کـراوە. هەروەکی پێشـتر باس کرا شـەڕەچەقەی نێوخـۆی لە دەزگای پۆلیـس‌دا ئـەو مجالـەی بە قاتڵـەکان‌دا خۆیـان کۆبکەنەوە و لە بیری چارەسـەری کێشـەکەدا بـن و خۆیـان ڕزگار بکـەن، چونکـە لـە ڕاسـتی‌دا بریـندار بوونـی سـەحراروودی یـا یەکێـک لەوانـە پێشـبینیان نەکردبوو بەڵکو پێیـان وابوو دوای تێرۆرەکـە بـە ئاسـانی و بـێ ئەوەی کـەس گومانیان لێ بکا وڵاتـی ئوتریش بەرەو ئێـران بەجـێ بهێڵـن. ئـەوان هـەم بلیتـی تەیارەیـان کڕیبـوو و هـەم جانتاکانیـان لـە هۆتیـل ئامادەکردبـوو، هـەم هەتـا ڕۆژێ ١٤ی مانـگ ژووری هۆتیلیـان بـە کـرێ گرتبوو.

– دەسـەڵات و دەزگای پۆلیـس و قەزایـی ئوتریـش بە پێچەوانەی دەسـەڵات و پۆلیـس و دەزگای قەزایـی ئاڵمـان هەمـوو ئـەو بەڵگانـەی سـەلمێنەری تـاوان بـوون لایـان بـردن و بـە ئیسـکۆرتەوە قاتلەکانیـان بـەرەوە تـاران بـەرێ کـردەوە. ئـەوە لـە حاڵیـک‌دا بوو کـە دەزگای ئەمنی و قەزایی ئاڵمـان، ئینگلیس، ئەمریکا و ئیسـرائیل ئامادەبـوون هـاوکاری پۆلیـس و دەزگای قەزایـی ئۆتریـش بکـەن. لـەو کاتـەدا ئـەو پـەری ڕەزالەتـی دەزگای قەزایی ئوتریش دەردەکـەوێ کە وەزیری

دەرەوە بە ئاشکرا دەور دەگێڕێ لە بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکانی ڕووداوکە. لە حاڵێکدا هەر وڵاتێک تووشی کارەساتی لەو چەشنە بێت و بەرژەوەندیەکانی وڵات بخاتە مەترسییەوە لەسەر وەزیری دەرەوەیە کە دوکۆمێنت و بەڵگە بدا بە دەزگای قەزایی نەک ڕاستەوخۆ دەست تێ وەردان بکا و پرسی لێکۆڵینەوەی دادوەری بە لارێدا ببا. بەڵام لە ئوتریش دوای کارەساتی تیرۆر کردنی

د. قاسملوو و هاوڕێکانی هەموو هەوڵ و تەقەلای وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش ئەوە بوو کە بتوانی لەگەڵ ئێران پێوەندیەکانیان ئاسایی بکاتەوە و پێیان وا بوو ئەگەر بتوانن لە ڕێگای دیالۆگی ڕەخنە گرانەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ببنە دۆست لە کردەوەی تیرۆریستی دەوڵەتی ئێران دەپارێزرین و دەتوانرێ بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان پارێزراو بێ. هەر بۆیە بە پێی سەرچاوەکان وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش لە مانگی جۆزردان هەتا مانگی بەفرانبار هەموو دەسەڵاتەکانی قۆرغ کردووە، بەو مانایە قانوون لای وەزارتی دەرەوە بێ بایەخ بووە و وەزیر خۆی قانوونە.

– دوای ماوەیەک دەسەڵاتدارانی ئوتریش بێ دەنگی دەشکێنن و باس لەوە دەکەن کە هەموو نیشانە و بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کە د. قاسملوو و هاوڕێکانی بە دەستی مەئموورانی دەوڵەتی ئێران کوژراون. «فرانس لوێ شتاک» وەزیری نێوخۆی ئوتریش لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی «دیرئیستاندارد» دا ئەو مەسەلەی پشت ڕاست کردەوە کە ئەو کوشتارە دەوڵەتی ئێرانی لە پشتە. هەروەها ڕۆژنامەی «دیر ئیستاندارد» لە وتارێکی ڕۆژی یەکەمی دێسامبری ١٩٨٩دا دەنووسێ: «حوکمی گیرانی قاتڵەکان ڕۆژی سێ شەممە ٢٩ی نوامبر دەرچووە». ڕۆژنامەی ناوبراو پاش هێنانی

ناوی تاوانبارەکان و ئاماژە بەوە کە ئەوان لە کاربەدەستی ڕەسمی دەوڵەتن، گاڵتەی بە هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش کردووە و نووسیبووی: «بوزورگیان لە لایەن پۆلیسەوە کەوتەبەر لێ پرسینەوە، بەڵام ڕێگای پێ درا بچێتەوە سەفارەت، حاجی مستەفەوی ون بووە، بە تایبەتی لەبارەی سەحرارووەدییەوە کاری دەوڵەتی ئوتریش ئابڕوو چوونێکی تەواوە. چونکە بە خاتری بەرژەوەندە گرنگەکانی دەوڵەت ڕێگای درا سواری فڕۆکە بێ و بگەرێتەوە ئێران. لە پێشدا دەگوترا چونکە سەحرارووەدی بۆ خۆشی لەو ڕووداوەدا بریندار بووە، هەر بۆیە دەستی لەو جینایەتەدا نەبووە. بەڵام ئەو تاقیکردنەوانە لەسەر چەکەکان و لە بارەی دەستنیشان کردنی جیهەتی هاویژرانی گوللەکانەوە بەرێوە چوون نیشان دەدەن کە ناوبراویش لەم قەتلەدا بەشدار بووە. ئێستا ئوتریش دەبێ داوای تەحویل دانەوەی قاتڵەکان بکا.» [١٦]

١٦ وەرگیراو لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٧ بەفرانباری ١٣٦٨ی هەتاوی /ژانویەی ١٩٩٠م.

# جیاوازی و وێکچوونی تێرۆری
# د. قاسملوو و د. شەرفکەندی
# لە شێوەی تێرۆر و حوکمی دادگادا

ئەگەر بمانهەوێ زۆر بە کورتی ئەو دوو کردەوە تێرۆریستیە کە لەسەر خاکی ئوروپا لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە جوڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا، پێکەوە بەراوردیان بکەین، دەتوانین بەو شێوەیە خاڵ بەندیان بکەین.

## خاڵە وێک چووەکان

١. فەرمانی هەردوو تێرۆرەکان لە لایەن کومیتەی تایبەت بە ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی کە شەخسی ڕێبەری نیزام سەرپەرستی دەکا، دەرچووە.

٢. هەردووک تێرۆرەکە ئامانجیان ڕێبەری و کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات بووە.

٣. هەردووک تێرۆرەکە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لەسەر خاکی وڵاتانی ئوروپایی بەرێوەچوون کە خۆیان بە وڵاتی سەربەخۆ و لانکەی

دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ دەزانن.

٤. لە هەردووک تیرۆرەکەدا کار بەدەستانی پلە بەرزی باڵیوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی تیرۆرەکان.

٥. لە هەردووک تیرۆرەکان تیرۆریستەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیک یا فەرمانبەری حکومەتی و بە ناوی خوازراو هاتووچۆیی وڵاتانی ئوروپایان کردووە.

٦. ئەو چەکانەی لەو دوو تیرۆرەدا کەلکیان لێ وەرگیراوە لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕوون بۆتەوە دارایی جبەخانەی ئەرتەشی ئێرانی سەردەمی پاشایەتین کە کۆماری ئیسلامی میراتگری نیزامی پاشایەتی ئێرانە.

٧. لە کاتی بە ئەنجام گەیشتنی تیرۆرەکان هەر دوو وڵاتی ئوتریش و ئاڵمان دوو شەریکی توجاری گەورەی ئێران بوو بە تایبەتی لە فرۆشتنی چەکوچۆڵ و پێداویستیەکانی نیزامی.

٨. لە هەر دووک تیرۆرەکەدا پاڵنەری سیاسی هۆکار بووە بۆ تیرۆر نەک پاڵنەری کەسی و شەخسی.

## جیاوازیەکانی ئەو دوو تیرۆرە کە دەرحەق بە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کراوە

١. لە دوو وڵاتی جیاوازی ئورووپایی، بەڵام هاو سنووری یەکتر بەڕێوە چوون.

٢. لە تیرۆری ڤییەندا تیرۆریستەکان، شەهیدەکانیان لە نزیکەوە دەناسن و بە چەندین جار لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتر دانیشتنیان هەبووە و بکوژەکان لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵیان داوە متمانەی قوربانیەکان بە دەست بێنن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە تیرۆری میکۆنووس (بێرلین) تیرۆریستەکان شەهیدەکان ناناسن و هیچ پێوەندێکی پێشتریان پێکەوە نەبووە و ئەو کاتە قوربانیەکانیان لە نزیکەوە دیتووە تەقەیان لێ کردوون.

٣. لە تیرۆری ڕێستورانی میکۆنووس (بێرلین)دا کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامدانی تیرۆرەکە لە کەسانی غەیرە ئێرانی و ئێرانی کەلکی وەرگرتووە. بەڵام لە تیرۆری ڤییەندا هەموو تیرۆریستەکان ئێرانی بوون و سەر بە دامودەزگای سپای پاسدارانی ئێران بوون کە هەر وەکی پێشتر باس کرا بە پاسپۆرتی ساختە و ناوی خوازراو و بە ناوی دیپلۆماتیک لەسەر میزی کوشتارەکە دانیشتوون.

## هەڵویستی دەوڵەتەکانی ئوتریش و ئاڵمان و دەزگای قەزایی ئەو دوو وڵاتە

١. دەزگای قەزایی ئوتریش بۆ پێڕاگەیشتن بەو کردارە تێرۆریستییەی شاری ڤییەن نەیتوانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە ڕاستی‌دا وەزیری دەرەوەی ئەو کات توانی زاڵ بێ بەسەر دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە. بەڵام دەزگای قەزایی ئاڵمان لە جەریانی تێرۆری ڕیستوورانی میکۆنووس‌دا توانی سەربەخۆی بپارێزی و هەتا ئەو جێگایە چووە پێش کە توانی لە حوکمی کۆتایی‌دا سەرانی پلەیەکی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە فەرماندەر و بکەری ئەسڵی ئەو تێرۆرە بە جیهان بناسێنن و ئەوە لە مێژووی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان‌دا شتێکی دەگمەن بوو کە دادگای جنایی وڵاتێک حوکمی گرتنی دەسەڵاتدارانی وڵاتێکی دیکە دەر بکا کە هێشتا لەسەر کورسی دەسەڵاتن.

٢. دەزگایی قەزایی ئوتریش کەوتە ژێر کاریگەری هەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ملی‌دا بە دیزەبەدەرخۆنە کردنی کردەوە تێرۆریستیەکە. بەڵام دەزگایی قەزایی ئاڵمان نەچۆ ژێر باری هیچ هەڕەشەیەک و یا بەرتیل دانێک بەڵکوو ئەو هەڕەشە و بەرتیل دانەی وەک بەڵگە بەکارهێنا بۆ سەلماندنی ئەوە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکین لە کردەوە تێرۆریستیەدا.

٣. لە شوێنی تێرۆرکردنی د. قاسملوو و هاوڕێیانی بە قسەی سەرۆکی دەزگای دژەتێرۆری ئوتریش هەموو بەڵگەکان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە تێرۆرەکە کاری دیپلۆماتە ئێرانیەکانە. چونکە دوای کەمتر لە سەعاتێک پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە و سەحراروودی بە برینداری کەوتۆتە دەستی پۆلیس و بوزورگیان بە پاکەتێکی پۆستی کە خوێناوی‌یە و بەستەیەک دۆلاری

ئەمریکی لە شوێنی ڕووداوەکە لە لایەن پۆلیسەوە دەست بەسەر دەکرێ و لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا پۆلیس بۆی دەردەکەوێ قسەی سەحراروودی و بوزرگیان لە بابەت چۆنیەتی ڕووداوەکە لەگەڵ یەکتر ناتەبان. هەر وەها کەرەسەی تیرۆرەکە لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە وەک دەمانچە کە نیشانەی پەنجەی سەحراروودی لەسەر بوو و دۆزینەوەی دوو سویچی ماتۆرسیکلیت مۆدیل سوزەکی کە لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی کابرای فرۆشیار لەگەڵ سەحراروودی، کابرای فرۆشیار تەردەست سەحراروودی دەناسێتەوە و ئەوانە هەموو بەڵگە بوون لە بەر دەستی دەزگای قەزایی ئوتریش.

لە حاڵێکدا بۆ دەست نیشان کردن و دۆزینەوەی بکەرانی تیرۆری ڕێستورانی میکۆنووس پۆلیسی ئاڵمان دەبوایە کاری زۆر ورد و دەقیق و درێژ ماوە بکا هەتا بتوانی سەرە داوێک لەو جینایەتە وەدەست بێنێ، چونکە لە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا ئاسەواری بە جێ ماو جنازەی شەهیدەکان و چەند بریندارێک بوو، بکەرەکان بۆی دەرچوو بوون و شوێن پێیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتبوو، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لەو پەروەندەیە هەتا حوکمی کۆتایی دادگا زیاتر لە سێ ساڵی خایاند و نزیک بە ٩ میلیون مارکی ئاڵمانی ئەو کاتی تێچوو.

بەڵام بە پێچەوانەوە دەزگایی قەزایی و دەوڵەتی ئوتریش پەلەیان هەبوو هەرچی زووترە ئەو دوو تیرۆریستە واتا سەحراروودی و بوزرگیان ڕەوانەی ئێران بکەنەوە بۆ نمونە ڕۆژی ١٣ی مانگ جینایەتەکە ڕوودەدا و هەر ئەو ڕۆژە ئەو دوو کەسە دەست بەسەر دەکرێن بەڵام ٢٢ی مانگ واتا تەنیا ١٠ ڕۆژ دواتر سەحراروودی لە نەخۆشخانەوە لەژێر چاودێری پۆلیسی دژە تیرۆری

ئوتریش سەعاتی ٧ی ئێواری دەبردرێتە فڕۆکەخانە و بە فڕۆکەی ئێران بەرەو تاران بەرێ دەکرێتەوە.

بە پێی هەموو لێکدانەوەکان ئەگەر ئەو کات دەوڵەت و دەزگای دادوەری ئوتریش بە پێداگری و ڕەچاوکردنی هەموو لایەنەکانی دادوەری و دادپەروەری و بێ گوێدان بە بەرژەوەندیەکانی ئابووری و سیاسیی، ئەو دوو تاوانبارە بردرابانە بەردەم دادگا و حوکمی شیاوی خۆیان وەرگرتبا ڕەنگە تێرۆری میکۆنووس ڕووی نەدابایە، بەڵام بە داخەوە، وانەبوو. سات‌وسەودا و سازانی دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی زەمینە خۆشکەر بوو بۆ ئەنجامدانی تێرۆری ڕێستورانتی میکۆنووس.

مێژووی نزیک بە چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران پڕە لە کوشتار و خوێنی بە ناحەق ڕژاوە کە لە لایەن کەسانیکەوە ئەو نیزامە لە ماوەی ئەو چل ساڵە دا بەرێوە چووە کە وەعدەو دروشمی برایەتی و یەکسانییان دابوو بە خەڵکی ئێران، بە داخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ڕەورەوی ئەو دەسەڵاتە لە گەران دایە بەڵام وەک دەبینین و دەبیستین ئەو ڕەورەوەیە کەوتۆتە شەلەشەل و ملەلەقە و ئومید هەیە زۆری تر نەخاینێ کە لە جووڵان بکەوێ.

# لە کۆتایی‌دا

پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین ڕەنگە ئەگەر ئەو خاڵانە ڕێبەری حیزبی دێموکرات لەبەر چاو گرتبایە ڕەنگە کۆماری ئیسلامی ئاوا بە سووک و ئاسانییەی توانی‌بایە بە ئامانجی نگریسی خۆی بگا.

١. حیزبی دێموکرات و خودی د. قاسملوو لە مێژبوو بڕیاریان دابوو کە بێ بەشداری لایەنی سێهەم ناچنە سەر میزی دانووستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بەڵام کاتێک بە هۆکاریکی بێ بنەماو ساکار لایەنی سێهەم (مام جەلال تاڵەبانی) لە گردوونەی وتووێژ خاریج دەکەن و قەبووڵ ناکەن ئەحمەد بنبلا سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر بەشداری کۆبوونەوەکان بێ و کەسێکی دیکە (د. فازیل ڕەسوول) کە تەنیا کەسایەتێکی زانستی‌یە و نە وەک مام جەلال خاوەنی حیزبێکی بەهێزە و نە وەک ئەحمەد بنبلا لە پۆست سەرکۆماری‌دا کەسایەتێکی نێودەوڵەتی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، بە پێی سەرچاوەکان بە پێشنیاری ئێران دێتە نێو مەیدانی وتووێژەکان و لێرەدایە حیزبی دێموکرات و خودی د. قاسملوو نەدەبوایە وا بە ئاسانی لابردنی

لایەنی سێهەم کە هەرکام بە هۆکارێک ڕەنگە کوشتنیان بۆ کۆماری ئیسلامی دژواربایە قەبووڵ کردبا.

٢. ئەو کاتەی لە دەوری دووهەمی دەست پێکردنەوەی وتووێژەکان کاتێک ڕێبەری حیزب د. شەرەفکندی ڕەوانەی پاریس دەکا بۆ ئەوەی لە جێگای د. قاسملوو بەشداری لە وتووێژەکاندا بکا، نە دەبوایە ڕێبەری حیزب بە تایبەتی خودی د. قاسملوو تەسلیمی ویستی هەیئەتی بە ناو وتووێژکاری کۆماری ئیسلامی بن کە تەنیا لە گەڵ د. قاسملوو دانیشتن دەکەن و ئەوە دەبوایە بۆ ڕێبەری حیزب ببا جێگای پرسیار و لە هەمان کاتدا ئەوە لەگەڵ ڕەواڵی باوی دیپلۆماسی یا وتووێژی دوو لایەنە یەکتر ناگرێتەوە کە لایەنی بەرامبەر بۆت دەست نیشان بکا کە لەگەڵ کێ دادەنیشێ و لەگەڵ کێ دانانیشێ و هەر لەوەڕا دەبوایە ڕێبەری حیزب هەڵویستەیەکی کردبا وا بە هاسانی ملی بۆ ئەو وتووێژە ڕانەکێشابایە.

٣. کاتێک بۆ دەوری دووهەمی وتووێژ ئێرانیەکان دەگەرێنەوە کەسێکیان پێوە زیاد بوو (بوزرگیان) لەژێر ناوی مەسئوولی پاراستنی تیمی ئێرانی بەڵام بەداخەوە هەیئەتی حیزبی دێموکرات وادیارە هیچ بایەخی بەو مەسەلەیە نەداوە کە ئەگەر قەرار بێ لەو دوو هەیئەتە یەکیان گیانی لە مەترسی دابێ هەیئەتی حیزبی دێموکراتە نەک هەیئەتی ئێرانی، لانی کەم دەبوایە هەیئەتی حیزبیش کەسێکیان لەژێر ئەو ناوە بەشداری کۆبوونەوەکانیان کردبایە ئەو کات ڕەنگە وابە ئاسانی تێرۆریستەکان نەیانتوانیبایە پیلانەکەی خۆیان پیادە بکەن.

٤. ڕەواڵی باو لە هەموو وتووێژەکاندا وایە کە لایەنی وتووێژکار لە بواری

ئەمنی‌یەوە یەکتر کۆنترۆڵ دەکەن هەتا چەک یا هەر کەرەسەیەک کە فەزای وتوویێژ بخاتە مەترسی‌یەوە ڕێگری بکەن بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا ڕوون نییە ئەو چەکانە چۆن و بە چ ڕێگایەک‌دا چوونە شوێنی کۆبوونەوە. ئیحتمالی ئەوە لێ دەدری کە لە ڕێگای بوزرگیان دەرگای ماڵەکە کرابێتەوە و یا چەکەکانی وەرگرتبێ یا تیمی زەربەت هاتبێتە ژووریێ و تەقەکەی کردبێ کە پۆلیسی ئۆتریش ئەوە ڕوانگەیە ڕەد دەکاتەوە و بە پێی لێکۆڵینەوەکانیان و شوێنی کەوتنی قاپۆری فیشەکەکان و شوێنی دانیشتنی د. قاسملوو و مەسیری وێکەوتنی فیەشکەکان دەی‌سەلمێنن کە لە شوێنی دانیشتنی سەحراروودییەوە تەقەکان کراوەن و ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە لایەنی ئێرانی یا لەگەڵ خۆیان یا لە دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکەم لە کاتێکی گونجاودا گەڕاونەوە و ئەو چەکانەیان بردۆتە ژووری کۆبوونەوەکە.

٥. لەبەر ئەوەی گیانی هەیئەتی حیزبی دێموکرات هەموو کات مەترسی لەسەر بووە پێویست بوو هەر جارێک کە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کۆدەبنەوە شوێنی کۆبوونەوەکان و تەنانەت شوێنی دانیشتنی نەفەرەکان لەگەڵ ڕۆژی پێشتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

٦. خاڵێکی جێگای سەرنجی دیکە ئەوەیە بە داخەوە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لەو سەردەم‌دا هیچ بایەخیان بە پێوەندی توندوتۆڵی ئۆتریش و ئێران نەداوە، ئەگەر تەنیا سووکە ئاوڕێکیان لەو پێوەندیە تۆکمەی ئابوری و سیاسیی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە دابایەوە ڕەنگە لە دیاری کردنی ڤییەن بۆ دانیشتن و وتوویێژ لایەنی حیزبی دێموکرات هەڵوێستێکی کردبایە و شانسی سەرکەوتنی هەتا ڕادەیەک لە تیمی تیرۆر ئەستاندباوە.

# هێندێک بەڵگەی پێوەندیدار ڕوو بە دەوڵەتی ئوتریش بۆ دادخوازی لە تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی

دوای شەهید بوونی د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە کارەساتی تێرۆری ڤییەن و ڕادەست کردنەوەی بکوژەکان بە ئێران و بێدەنگی دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئوتریش کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرێکەوتی ١٢ی خەرمانانی ١٣٦٨ی هەتاوی نامەیەک بۆ سەدری ئەعزەمی ئوتریش دەنێرێ و لەونامەیەدا حیزبی دێموکرات نارەزایەتی خۆی و خەڵکی کوردستان لە بێدەنگی دەوڵەتی ئوتریش سەبارەت بەو کردەوە تێرۆریستیە دەردەبرێ و داوای هەڵویست لە جەنابی سەدری ئەعزەم دەکا بۆ وەدیهاتنی حەق و دادپەروەری شەخسەن لەو مەسەلەیەدا دەخالەت بکا.

## نامە بۆ «فرانتس فرانیتکسی» سەدەری ئەعزەمی ئۆتریش[17]

### جەنابی سەدری ئەعزەم!

مانگی فێوریەی ١٩٨٩ کاتێک ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی ئیعدامی بۆ سەلمان ڕوشدی نووسەری ئینگلیسی دەرکرد، وڵاتەکەتان زۆر بەجێ هەڵویستی گرت و یەکێک لەو وڵاتانە کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەو بڕیارە سەفیرانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە. کەچی بەسەر سوڕمانەوە دەبینین ئێستا کە یەکێک لە گەورەترین تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی لەگەڵ دوو ئازادیخوازی ناسراوی دیکەی کورد بە کردەوە بە دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە کە فەرمانی کوشتنی سەلمان ڕوشدی داوە تێرۆر کراون و کارەساتەکەش ڕاست لە وڵاتی ئێوە ڕووی داوە، بەرپرسانی قەزایی ئۆتریش بە ئاشکرا تاوانباران ئازاد دەکەن و پەردە بەسەر جینایەتەکەدا دەکێشن. ئەم ڕەفتارەی دەوڵەتەکەتان بەداخەوە ئەو هەستە لە دڵی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دا دەبزوێنێ کە کوردەکان ئەگەر لە وڵاتی خۆیاندا بە هاونیشتیمانی دەرەجە دوو دادەنرێن، لە هێندێک وڵاتی پێشکەوتووی دنیاشدا وەک ئینسانی دەرەجە دوو سەیر دەکرێن.

بەم بۆنەیەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە نوێنەرایەتی زیاتر لە هەشت میلیون کوردی ئێران، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لەو ڕەفتارە غەیرە ئوسوولییە داواتان لێ دەکەین بە مەبەستی ڕێزدانان بۆ هەق و عەدالەت شەخسەن لەو مەسەلەیەدا دەخالەت بکەن و تەرتیبێک بدەن کە مەقاماتی قەزایی وڵاتەکەتان هەرچی زووتر ئاکامی لێکۆڵینەوە لە تێرۆری

---

١٧ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٣ خەرمانانی ١٣٦٨/سپتامبری ١٩٨٩

دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی ڕابگەیەنن، تاوانبارانی ئەو جینایەتە دژی ئینسانییە بە بیروڕای گشتی جیهانی بناسێنن و لەوە زیاتر لایەنگرانی ئاشتی و ئازادی و عەدالەت لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرن.

**ئاغای سەدری ئەعزەم!**

ئەگەر وەبیر خۆمان بێنینەوە کە چەند ساڵ لەمەوبەریش تیکۆشەرێکی دیکەی ئۆپۆزیسیونی ئێران بە ناوی حەمید ڕەزا چیتگەر لە ڤییەن تێرۆر کراو پۆلیسی ئوتریش هەرگیز حازر نەبوو تێرۆریستەکان بە خەڵکی دنیا بناسێنێ، دەتوانین تێ بگەین کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆچی وڵاتی ئێوە بۆ لە داوخستن و تێرۆری موخالیفەکانی هەڵدەبژێرێ.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ لە حاڵەتێکدا دەوڵەتی ئوتریش لەسەر ڕەفتاری تا ئێستای بەردەوام بێ و خوێنی چەند ئینسانی دێموکرات و ئازادیخواز و مافەکانی گەلێکی بن دەست و زۆر لێکراو فیدای هێندی قازانجی دیپلۆماسی و بازرگانی بکا، حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان ئەو مافە بۆخۆیان دەپارێزن کە شکایەتی ئەو هەقکوژییە ئاشکرایە بەرنە لای کۆڕوکۆمەڵە خاوەن سەلاحییەتە جیهانییەکان و لە هیچ ئیقدامێکی ئوسوولی لەو بارەوە دەریغ نەکەن.

چاوەڕوانی وەڵام و ئیقدامی ئێوەین.

بە حورمەتی دووبارەوە:

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢ی خەرمانانی ١٣٦٨ی هەتاوی

# بڕیارنامەی کۆنفرانسی پاریس لەسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو

پاریس – ١٤ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩

سێ مانگ دوای کوژرانی شەخسیەتی کورد دوکتور عەبدوالڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عبدواللە قادری نوێنەری ئەوحیزبە لە ئوروپا ودوکتور فازڵ ڕەسول لە ڕۆژی ١٤ی ژووئیە لە ڤییەن وادیارە لێکۆڵینەوەی کاربەدەستانی ئوتریش تا ئێستا بە هیچ نەتیجەیەک نەگەیشتووە، بە جۆرێک تا ئەمرۆش وا نیشان دەدرێ کە ئەوانەی ئەو جینایەتەیان کردووە نەناسراون.

هێندێک بەڵگەی بنەڕەتی، وەک ڕاپۆرتی «کالبدشکافی» و ڕاپۆرتی کارناسانی دیاری کردنی جیهەتی هاوێژرانی گوللەکان هێشتا هەر نەبێ بە ڕەسمی نەهاتوونە سەر پەروەندەکە. ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە نەکرێ بە دڵنیایییەوە هەوڵ و مەرجی کوژرانی ئەو سێ کەسە لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ سێ نوێنەری ئێرانیدا ڕوون بکرێتەوە.

یەکێک لەو نوێنەرانە لە شەوی جینایەتەکەوە بێ سەر و شوێنە. یەکی دیکەیان توانی بەکەلک وەرگرتن لە «مصنونیت دیپلماسی» بە ئازادی لە ئوتریش بچێتەدەر، لە حاڵێکدا کاربەدەستانی ئوتریش بۆخۆیان دەڵێن کە ئەو «مصنونیتە» ناکرێ لەهەل و مەرجێکی ئاوادا بکرێتە بیانوو. سێهەمین ئەندامی نوێنەرایەتییەکی ئێران کە سووکە تاوانێکی دراوەتە پاڵ، بە ڕەسمی چووە لە سەفارەتی ئێران لە ڤییەن خۆی حەشارداوە.

ئێمە ناتوانین ئەو وەزعە کە تا ئێستا هەیە قبووڵ بکەین. وەزعێک ئەگەر

درێژەی هەبێ، بێ ئەم لاو ئەولا نیشانەی ئەوەیە کە جینایەتی ڤییەن بۆ هەتا هەتایە بێ سزا دەمێنێتەوە. نەک هەر بۆ ڕێز گرتن لە یادی هاوڕێکانمان، بەڵکوو لە باری ڕێز دانان بۆ هەق و عەدالەتەوە ئێمە ناتوانی باوەڕ بکەین کە وڵاتێکی دێموکرات بتوانێ لەژێر ناوی مەسلەحەتی دەوڵەتدا قانوونی تایبەتیی خۆی و ئوسوولێک کە قانوون و ئوسوولی هەموو وڵاتە دێموکراتەکانە بخاتە ژێر پێ.

هەر بۆیە ئێمە بە هەموو توانامانەوە داوا لە کاربەدەستانی ئوتریش دەکەین کە هەموو ئیمکاناتی حکوومەتێکی قانوون وەکاربخا بۆ ئەوەی جینایەتی ڕۆژی ۱۳ی ژووئیە ڕوون بێتەوە و عامیلانی ئەو جینایەتە بناسرێن و سزا بدرێن. داوا دەکەین کە ئاکامی لێکۆڵینەوە بە ئاشکرا ڕابگەیەندرێ و دەزگای قەزایی ئوتریش بتوانی بێ کۆسب و تەگەرە درێژە بە کاری خۆیی بدا و تاوانی پیاوکوژەکان و هاوکارانیان بخاتە بەرچاو.

## دادخوازی دەربارەی تیرۆری دوو شەخسییەتی کورد لە ڤییەن

سێزدەی ژووئیەی ١٩٨٩، دکتور عەبدوالڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دوو شەخسییەتی دیکەی کورد عبدالله قادرئازەر و دکتور فازڵ ڕەسووڵ لە کاتی وتووێژ بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێگا چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێراندا بە دەستی نێردراوانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڤییەن کوژران.

دوای ساڵێک دەوڵەتی ئوتریش نە ڕاستییەکەی ئاشکرا کردووە و نە لە هەموو ئیمکاناتێک کە حکوومەتێکی قانوون لە ئیختیاری دایە کەلکی وەرگرتووە تا عەدالەت بە بێ کۆسپ و تەگەرە ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

ئێمە ئەو نووسراوەیەمان ئیمزا کردووە بە نارەوای دەزانین ئەم جینایەتە بێ سزا بمێنێتەوە و دەمانەوی ئەو مەسەلەیە ڕوون بێتەوە و ئاکامەکانی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە بە ئاگاداری هەمووان بگا و بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە بە بیروڕای نێونەتەوەیی بناسرێن و دادگایی بکرێن. ئێمە تەنیا خوازیاری بەرێوەچوونی عەدالەتین.

((ناوی ئەو کەسانەی ئەو دادخوازیەیان ئیمزا کردووە لە لاپەڕی بەرامبەردا هاتوون))

LORD AVEBORY

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی پارلمانی بریتانیا

PATRICK BAUOIN

سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ

CLAUDEBOURDET

هەواڵنێر

MICHE BLUM

سەرۆکی ئیفتخاری فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ

M. BONNOT

بنیاتنەر وسەرۆکی پێشووی یارمەتی یە پزیشکی یە نێونەتەوەیی یەکان

GERARD CHALIAND

نووسەر

EDMONDE CHARLES ROUX

نووسەر وهەواڵنێر

S. CHARAFKANDI

سکرتیری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

B. GLLEY

نوێنەری مەجلیس

R. GLLISSOT

پروفیسوری زانستگای پاریس

G. GAVRAS

کارگێری سینەما

ATEFE GORGUINE

نووسەر وشاعیری ئێرانی.

DR. BERNARD GRANJON

جیگری سەرۆکی پزیشکانی جیهان

TH. HAMMARBERG

سکرتیری گشتی پێشووی لی بووردنی نیونەتەوەیی سەرۆکی کومیتەی سوئیدی پشتیوانی لەگەلی کورد.

E. HARACDSSON

پروفیسوری زانستگەی ڕیک یاویک (ئیسلەند)

F.E. JACOB

ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ.

DANIEL JACOBY

سەرۆکی فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی مافی مرۆڤ

YVES JOUFFA

سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ

E. KAISER

بنیاتنەری سەرزەویی ئینسانەکان (سویس)

N. KHAKSAR

نووسەری ئێرانی

E. KHOI

شاعیری ئێرانی

A.K. LAHIDJI

سەرۆکی کۆمەڵەی ئێرانی مافی مرۆڤ

JACQUES LEBAS

سەرۆکی پزیشکانی جیهان

CLAUDE LIAUZU

پرۆفیسوری زانستگای پاریس

J. LITT ANN

سەرۆکی یارمەتی دەرمانی یەکانی نیونەتەوەیی

LEO MATARASSO

وەکیل

JULIETTE MINCES

نووسەر

ALEXANDRE MINKOWSKI

ماموستای زانکۆی پزیشکی

KENDAL NEZAN

سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس

B. NIRUMAND

نووسەری ئێرانی

HENRI NOGUERES

سەرۆکی ئیفتیخاری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ

N. PAKDAMAN

پروفیسوری زانستگای پاریس

V. PARLATO

نووسەری ئیتالیایی

MAXIME RODINSON

بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەی مەدرسەی پراتیکی خویندنی بەرز.

LAURENT SCHWARTZ

پرۆفیسۆری زانستگەی پولی تیکنیک

B. STORA

پروفیسوری زانستگای پاریس

F. TARABLUSSI

نووسەری لوبنانی

M. TEHRANI

نووسەری ئێرانی

Dr. MARTIN VAN BRUNINESSEN

خەڵک ناسی هولەندی

P. VIDALNAQUET

پروفیسوری مەدرەسەی پراتیکی خوێندنی بەرز

ELIE WIESEL

وەرگری خەڵاتی نۆبێل – ئەمریکا

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان:**


١. کتێبی ئیسکۆرت بەرەوە تاران، نووسینی پیتر پلیچ وەرگێرانی لە ئاڵمانی‌یەوە حەسەنی ئەیوب زادە.

٢. کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، نووسینی کارۆڵ پرووەن‌هووبێر وەرگێرانی لە ئینگلیسی‌یەوە فەتاح کاویان.

٣. کتێبی پیاو کوژانی کۆشکی فیرووزە، نووسینی ڕوئیا حەکاکیان وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

٤. کتێبی نرخی نەوت و خوێن لە وییەن، وەرگێرانی تاهیر حیکمەت (باسێکی پارلمانی‌یە لەسەر تێرۆری د. قاسملوو و هاورێیانی)

٥. کتێبی قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە، نووسینی قادر وریا.

٦. کتێبی دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دێموکرات، ئامادەکردنی کاوە بهرامی.

٧. کتێبی شەڕفکەندی سیمای شۆرشگێرێکی نەتەوەیی، وەرگێران و ئامادەکردنی سمایل شەڕەفی.

٨. کتێبی ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردان‌دا، نووسێنی نەسرین قاسملوو وەرگێرانی ناهید حوسینی.

٩. کتێبی سەفەری بێ‌گەرانەوە، نووسینی سەلام عزیزی.

١٠. کتێبی تێرۆر گەورەترین هەرەشەی سەدە، نووسینی پەری ئەخلاقی.

١١. تێرۆریزیسم وەک بیناکردنی کۆمەلایەتی، نووسینی عادل باخەوان.

١٢. ڕێژیمی سیاسی ئێران، نووسینی دیلاین هەردی.
١٣. فەرهنگی سیاسیی ئارەش، ئامادەکردنی زاهیر محەممەدی و یاسین حاجیزادە.
١٤. ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**سەرچاوە فارسیەکان:**

١٥.نقاشی قهوەخانه، خاطرات کازم دارابی نویسنده موحسین کازمی.
١٦. ترور بەنام خدا، نویسنده پرویز دستمالچی.
١٧. مبارزه علیه تێرۆریزم و حقوق بین الملل، ترجمه به فارسی حسن سواری.
١٨. دانشنامەی سیاسیی، داریوش ئاشوری.
١٩. سیستم جنایت کار اسناد دادگا میکۆنووس، ترجمه: مهران پاینده عباس، خداقلی، حمیدنوذری – نشر نیما.
٢٠. اسناد حقوق بشر ایران – فتوای مرگبار: قتل و عام زیندانیان ١٣٦٧ ایران.
٢١. کشتار بی پایان، نویسنده دوکتور جواد دانشپژو.
٢٢. فرهنگ علوم سیاسیی، غلامرضا بابایی.